تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

XEBAT

خەبات

ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
نۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5759) ساڵی شەشەم 28ی ئایار2019 «16» لاپەڕە «500» دینار


## لە 2019/6/2 تا 2019/6/9 لە سەرجەم داموودەزگاکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پشووی فەرمیی دەبێت

دوێنێ دووشەمە 2019/5/27 گوتەبێژی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، سەفین دزەیی لە ڕاگەیەندراوێکدا ڕۆژەکانی پشووی جەژنی ڕەمەزان ڕاگەیاند. ئەمەش دەقی ڕاگەیەندراوەکەیە:

**پەیامێک لە وتەبێژی فەرمی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە**

بەبۆنەی جەژنی ڕەمەزانی پیرۆزەوە گەرمترین پیرۆزبایی ئاراستەی خانەوادەی شەهیدان و پێشمەرگە قارەمانەکان و هەموو موسڵمانانی کوردستان و عێراق و جیهان دەکەین بەهیواین ئەم جەژنە ببێتە مایەی خێر و خۆشی و تەبایی و یەکڕیزی. هەر بەم بۆنەیەوە ڕایدەگەیەنین پشووی جەژنی ڕەمەزان لە ڕۆژی یەکشەمە 2019/6/2ـەوە دەستپێدەکات و تا ڕۆژی شەمە 2019/6/8 بەردەوام دەبێت و ڕۆژی یەکشەمە 2019/6/9 دەوامی فەرمی لە دام ودەزگاکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەستپێدەکاتەوە.

**سەفین موحسین دزەیی**
**وتەبێژی فەرمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان**

# ئەمڕۆ پەرلەمانی کوردستان کۆدەبێتەوە و سەرۆکی هەرێم هەڵدەبژێرێت



بڕیارە لە کۆبوونەوەی ئەمڕۆ سێشەمە 2019/5/28ی پەرلەمانی کوردستاندا کە لە کاتژمێر 11ی پێشنیوەڕۆ بەڕێوەدەچێ، پالێوراوەکان بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بخرێنەڕوو و دواتریش پەرلەمانتارەکان دەنگ لەسەر پالێوراوەکان بدەن و سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەڵبژێرن. شایەنی باسە نێچیرڤان بارزانی سەرۆکوەزیرانی کوردستان کە هاوکات جێگری سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستانە، کاندیدی پارتییە بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، دوای هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم، مەسرور بارزانی ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان کە هاوکات ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستانە، لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە بۆ بۆ پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕادەسپێردرێت.

**زانیاری زیاتر لەلاپەڕە (5)بخوێنەوە**

## بۆ کاراکردنەوەی ماددەی 140 شاندێکی پەرلەمانی کوردستان دەچێتە بەغدا

لیژنەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان لە پەرلەمان بۆ کاراکردنەوەی ماددەی 140 تایبەت بەو ناوچانە، دەچێتە بەغدا. محێدین حەسەن، ئەندامی لیژنەکە بە خەباتی ڕاگەیاند: دۆخی ناوچە کورستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان زۆر خراپە و گەڕاوەتەوە بۆ پێش ساڵی 2003 و بارودۆخەکەش تا دێت خراپتر دەبێت. ئەو پەرلەمانتارە گوتیشی: لیژنەکەمان دوای جەژنی ڕەمەزان دەچینە بەغدا بۆ چارەسەریی کێشەی ناوچە کوردستانییەکان و هەوڵ دەدەین لەگەڵ لایەنە عێراقییەکان بۆ کاراکردنەوەی ماددەی 140 گفتوگۆ بکەین.

**زانیاری زیاتر لەلاپەڕە (3)بخوێنەوە**

## د. بەشیر حەداد: کێشەی ناوچە کوردستانیەکان زوو کۆنترۆڵ نەکرێ کێشەی گەورەتری لێ دەکەوێتەوە




2

ماوەیەکە لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوە، سووتانی بەرهەمی گەنمی جووتیاران بووەتە دیاردە، جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانیش ڕایدەگەیەنێت، ئەو پرسەیان لەگەڵ سەرۆکوەزیرانی عێراق باس کردووە. دەشڵێت، گرینگ ئەوەیە ئێستا بیر لە چارەکردنی بارودۆخەکە بکەینەوە. لە لێدوانێکدا بۆ مالپەڕی فەرمیی پارتیی د. بەشیر حەداد ڕایگەیاند: پێویستە حکوومەتی عێراق بە زوویی کۆنترۆڵی ئەو ناوچانە بکات و ئاگاداری پارێزگاری بە وەکالەتی کەرکووک بکاتەوە، کە ئەو ئیجرائەتە نایاساییانەی دەیکات بەرامبەر بەو خەڵکە کوردنشینەی لەو ناوچانەدا هەیە و هێنانی عەرەبی هاوردە ڕابگرێت، ئەمانەی کە دەکرێت کاری نایاساییێ و دیمۆگرافیای ناوچەکە تێکدەدات.

حەداد ڕاشیدەگەیەنێ، کە ئەو بارودۆخەیان لەگەڵ سەرۆکوەزیرانی عێراق باس کردووە، "بەڕێزیانمان ئاگادار کردووەتەوە، کە حاڵەتێکی نەخوازراو هەیە، ئەم حاڵەتەش ئەگەر زوو کۆنترۆڵ نەکرێ، ئەوا کێشەی گەورەتر و خراپتری بۆ کوردستان و ناوچە کێشەلەسەرەکان هەروەها بۆ عێراقیش لێ دەکەوێتەوە".

## دوو ژنە کوردی باکووری کوردستان لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی ئەوروپادا سەرکەوتن



2

## وەزیری دارایی و ئابووری: حکوومەتی هەرێمی کوردستان هیچ قەرزێکی بە پارەی بەغدا نەداوەتەوە



3

دوێنێ دووشەمە 2019/5/27 وەزیری دارایی و ئابووری حکوومەتی هەرێمی کوردستان، ڕێباز حەملان لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانییدا، وردەکاری ناردنی مووچەی مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستانی لە لایەن بەغداوە ڕوونکردەوە و ئاماژەی بەوەکرد کە ماوەیەکە چەند جۆرە هەواڵ و لێدوانێک لەمبارەیەوە بڵاودەکرێنەوە. لە کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکەدا، وەزیری دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان، ڕێباز حەملان گوتی: هەفتەیەکە بەچڕی باسی دابەشکردنی مووچەی مانگەکانی ساڵی 2019 دەکرێت و باسی ئەوەش دەکرێت کە پێنج مووچە لە لایەن بەغدا بۆ هەرێمی کوردستان نێردراوە، دوای ئەو قسە و باسانە کۆمەڵێک شت باس دەکرێت کە بە هەموو شێوەیەک دوورە لە ڕاستییەوە، بۆیە بڕیارماندا بە بەڵگەوە ڕوونکردنەوە بدەین، بەڵام پێمان باش بوو سەرەتا ئەو کەسانە سەردانی وەزارەتی داراییان بکردایە بۆ وەرگرتنی زانیارییەکان.

لە دریژەی کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکەدا، ڕێباز حەملان گوتی: لە ساڵی 2014ـەوە کە بوودجەی هەرێم بڕاوە لە ساڵانی دواتر هەر پارەیەک لە وەزارەتی دارایی خەرج بکرێت بۆ هەر بواریک ڕەزامەندی ئەنجوومەنی وەزیران وەرگیراوە. گوتیشی: لە ساڵی 2018دا، حکوومەتی ناوەندی نۆ جار مووچەی ڕەوانەی کوردستان کردووە.

## هەموو بیرەکانی ئاو بەتەواوی دادەخرێن



5

بەڕێوەبەری ئاوی هەولێر:


## تا 2019/7/1 دەبێ هەموو هاووڵاتیان پێوەری ئاو ببەستن



6

پارێزگاری هەولێر لەبارەی هێنانی 100 پاسەکەی دۆسڵدۆرف زانیاری دەخاتەڕوو

## ئەو خۆراکانەی قەرەبووی ڤیتامینB دەکەنەوە لە جەستەدا




14

# د. بەشیر: کێشەی ناوچە کوردستانییەکان زوو کۆنترۆڵ نەکرێ کێشەی گەورەتری لێ دەکەوێتەوە



ماوەیەکە لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوە، سووتانی بەرهەمی گەنمی جووتیاران بووەتە دیاردە، جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانیش رایدەگەیەنێت، ئەو پرسیان لەگەڵ سەرۆکوەزیرانی عێراق باس کردووە. دەشڵێت، گرینگ ئەوەیە ئێستا بیر لە چارەکردنی بارودۆخەکە بکەینەوە. لە لێدوانێکدا بۆ مالپەڕی فەرمیی پارتیی د. بەشیر حەداد رایگەیاند: پێویستە حکومەتی عێراق بە زوویی کۆنترۆڵی ئەو ناوچانە بکات و ئاگاداری پارێزگاری بە وەکالەتی کەرکووک بکاتەوە، کە ئەو ئیجرائەتە نایاساییانەی دەیکات بەرامبەر بەو خەڵکە کوردنشینەی لەو ناوچانەدا هەیە و هێنانی عەرەبی هاوردە رابگرێت، ئەمانەی کە دەکرێت کاری نایاساین و دیۆگرافیای ناوچەکە تێکدەدات.

حەداد ڕاشیدەگەیەنێ، کە ئەو بارودۆخەیان لەگەڵ سەرۆکوەزیرانی عێراق باس کردووە، "بەڕێزیانمان ئاگادار کردووەتەوە، کە حاڵەتێکی نەخوازراو هەیە، ئەم حاڵەتەش ئەگەر زوو کۆنترۆڵ نەکرێ، ئەوا کێشەی گەورەتر و خراپتری بۆ کوردستان و ناوچە کێشەلەسەرەکان هەروەها بۆ عێراقیش لێ دەکەوێتەوە". جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق پێشی وایە، کە پێویستە ئەو ناوچانە بە هێزێکی هاوبەشی نێوان حکوومەتی فیدراڵیی عێراق و هێزی پێشمەرگە بپارێزرێن. ئاماژەی بەوەش کرد، ئەگەر هێزی پێشمەرگە نەگەڕێتەوە ئەو ناوچانە، ئەوا سەقامگیری و ئارامی بەخێوبەوە نابینێت، چونکە گەڕانەوەی هێزی پێشمەرگە تاکە ڕێگای چارەسەرکردنی کێشەکانی کەرکووک و ناوچە داپڕنراوەکانە.

# ڤالاڤ فەرید: پەرلەمان بەشێک دەبێت لەچارەسەری کۆی پرۆسەی سیاسی لە هەرێمی کوردستان



دوێنێ دووشەممە 27ی ئایاری 2019 د. ڤالاڤ فەرید ئیبراهیم سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان پێشوازیی لە پەخشان زەنگەنە سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای خانمانی ئەنجومەنی وەزیرانی و شاندی یاوەریان کرد. لەدیدارێکدا پەخشان زەنگەنە بەناوی ئەنجومەنی باڵاخانان لە هەرێمی کوردستان پیرۆزبایی لە سەرۆکی پەرلەمانی کوردستانی کرد بەبۆنەی دەستبەکاربوونیان وەک ئافرەتێک لەم پۆستەدا و گوتی: بۆ ئێمەی خانمان شانازییەکی گەورەیە ئافرەتێک لە هەرێمی کوردستان ببێتە سەرۆکی پەرلەمان و و ئافرەتێک لەم پۆستەدا ڕۆڵی گرینگ بگێڕێت لە یەک نزیکبوونەوەی فراکسیۆنەکان و ڕاگرتنی هاوسەنگی لە نێوانیاندا.

هەر لەدیدارەکەدا شاندی میوان کارەکانیان لە ئەنجومەنی باڵای خانمان بەتایبەت بارودۆخ و ژیانی کچانی ئێزیدی لە ناوکەمپەکان خستەڕوو و داوشیان کرد پەرلەمانی کوردستان چاودێری زیاتری ناو کەمپەکان بکەن کە لە هەرێمی کوردستاندا بوونیان هەیە. لای خۆشیەوە د. ڤالاڤ فەرید سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان وێڕای بەخێرهێنانی شاندی ئەنجومەنی باڵای خانمان پوختەیەکی لە ڕێکارە یاساییەکانی پەرلەمان و هاوسەنگی لە نێوان فراکسیۆنەکان و ڕۆڵی پەرلەمانی کوردستانی لە قۆناغی ئێستادا شیکردەوە و ڕایگەیاند: جیاواز لە ئەرکە سەرەکییەکانی پەرلەمانی کوردستان، لای ئێمە پاراستنی ئاسایش و سەقامگیری ولاتەکەمان لە پێشینەی کارەکانمانەو بۆ ئەم مەبەستەش هەوڵی خۆمان خستۆتەگەڕ بۆ لێک نزیکبوونەوەی سەرجەم بۆچوونەکان و پەرلەمانی کوردستان بەشێک دەبێت لەچارەسەری کۆی پرۆسەی سیاسی لە هەرێمی کوردستان.

سەبارەت بە جینۆسایدی کوردانی ئێزیدی و ژیانی ناوکەمپەکان، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان گوتی: لەخولی چوارەم و لە ئێستاشدا لە هەوڵەکانی خۆمان بەردەوام دەبین لەگەڵ حکوومەتی عێراق بۆ ئەوەی ئەم تاوانە دژ بەمرۆڤایەتیە لە دادگای نێودەوڵەتی بەفەرمی بە جینۆساید بناسرێت و لەم ڕووەشەوە پێویستە پەرلەمان و حکوومەتی عێراقی فیدراڵ ڕێکارە یاساییەکانی بگرنەبەر بۆئەوەی عێراق ڕەزامەندی دادگاو بدات بەتایبەتمەندی دادگاو (قبول اختصاص المحکمە) لە کەیسی ئافرەتانی ئێزیدی تا دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی بتوانێت ئەم کەیسە بجولێنێت و دادگای تاوانباران بکرێت و قەرەبووی قوربانیان بکرێتەوە و ناوچەکانیان ئاوەدان بکرێتەوە ئاوارەکان بگەڕێنەوە سەر زێدی باب و باپیرانیان و ژیانێکی ئاسوودە و ئاسایشیان بۆ دابین بکرێت.

# دلاوەر ئاژگەیی: کوردستانیان چاویان لە دوو پەرلەمانتارە کوردەکەی یەکێتیی ئەورووپایە



نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە یەکێتیی ئەورووپا ڕایگەیاند، ئامادەی هەموو جۆرە هاوکارییەک و پاڵپشتییەکین بۆ ئەو دوو خانمە پەرلەمانتارە کوردەی پەرلەمانی ئەورووپا و دەرگامان بۆیان کراوەیە.

دلاوەر ئاژگەیی، نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە یەکێتیی ئەورووپا بە خەباتی ڕاگەیاند: دەرچوونی هەر کوردێک و گەیشتنی بە هەر ناوەندێکی بڕیار و دەسەڵات لە هەر شوێنێکی دونیا و بەتایبەت پەرلەمانی ئەورووپا دەسکەوتە بۆ هەر چوار پارچەی کوردستان، ئێمە پیرۆزبایی و پاڵپشتی لەو دوو خانمە پەرلەمانتارە دەکەین، بۆ گەیشتن بە پەرلەمانی ئەورووپا و بەدەستهێنانی متمانەی خەڵک زۆر زەحمەتە.

هاوکات ئاژگەیی باسی لە ڕۆڵی ئەو دوو خانمە کوردەی پەرلەمانی ئەورووپا لەسەر دۆزی کورد لە یەکێتیی ئەورووپا دەکات و پێی وایە: ئەرکی ئەو دوو پەرلەمانتارە کوردە لە پەرلەمانتارە ئاساییەکانی دیکە قورسترە، خەڵکی هەر چوار پارچەی کوردستان چاوەڕێی ئەوەیان لێ دەکات هەنگاوی ئەرێنی لەپێناو دۆزی کورد لە پەرلەمانی ئەورووپا بنێن، پێویستە لە ئاستی ئەو بەرپرسیارێتییە بن.

ڕوونیشی کردەوە: نوێنەرایەتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە یەکێتی ئەورووپا پەیوەندی بەو دوو پەرلەمانتارە دەکات و پێشوازییان لێ دەکات، هاوکات ئامادەی هەموو هاوکارییەکین لەگەڵیاندا بۆ ئەوەی بتوانین پێکەوە خزمەتی زیاتر بە دۆزی ڕەوای گەلەکەمان لەم خولەی پەرلەماندا بکەین.

نوێنەری حکوومەتی هەرێم لە یەکێتیی ئەورووپا دەڵێت: بە بۆچوونی من دەبێ بەشێک لە کارەکانیان بۆ پرسی نەتەوەیی تەرخان بکەن، لەبەر ئەوەی ئەم کارە بۆ ئەوان زەحمەت نابێت، لەبەر ئەوەی ئەو حزبانەی نوێنەرایەتی دەکەن وەک نەتەوە پشتگیری لە کوردستان دەکەن، باوەڕیان بە مافەکانمان هەیە، بۆیە گرنگە ئەو دوو پەرلەمانتارە بەرنامەیان، هەنگاویان و هەڵوێستیان چی بێت؟.

شایەنی باسە لە هەڵبژاردنەکانی ڕۆژی 2019/5/26ی پەرلەمانی ئەورووپا دوو خانمە پەرلەمانتاری کورد بەناوەکانی (ئەڤین ئینجیر) لەسەر لیستی سۆسیال دیموکراتی سوید و (ئویزلەم ئالەڤ دەمیرەل) سەرۆکی لیستی پارت چەپی ئەڵمانیا توانیان لە هەڵبژاردنەکاندا دەنگی پێویست بەدەست بهێنن و بە فەرمی لە چوارچێوەی دوو پارتی سویدی و ئەڵمانیدا بچنە پەرلەمانی یەکێتیی ئەورووپا.

# دوو ژنە کوردی باکووری کوردستان لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی ئەورووپادا سەرکەوتن



**ڕووداو:** لە هەڵبژاردنەکانی ڕۆژی 2019/5/26ی پەرلەمانی ئەورووپا دوو ژنە کوردی باکووری کوردستان توانیان دەنگی پێویست بەدەستبهێنن و بوونە پەرلەمانتار. ئەڤین ئینجیر لەسەر لیستی پارتی سۆسیال دیموکراتی سوێد بەرێژەی سەربەکەوێت. پارتەکەی ئەڤین بەپێی ئەنجامە بەراییەکان 5 کورسی بەدەستهێناون. ئەڤین لەدایکبووی ساڵی 1984ـە و خەڵکی لجێی سەر بە ئامەدی باکووری کوردستان ـە. لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی 2014ی پەرلەمانی ئەورووپا بەرێژێر بووە، پارتەکەی نەیتوانی دەنگی پێویست بەدەستبێنێت بەڵام لەم هەڵبژاردنەدا توانی سەربەکەوێت. پێشووتر سەرۆکی گەنجەکانی پارتی سوشیاڵ دیموکراتەکانی سوێد بووە.

ئویزلەم ئالەڤ دەمیرەل، سەرۆکی لیستی پارتی چەپی ئەڵمانیا بۆ هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی ئەورووپا بوو. دوای ڕاگەیاندنی ئەنجامە سەرەتاییەکان پارتی چەپی ئەڵمانیا 5.5% دەنگدەرانی بەشداربووی بەدەستهێناوە و پێنج کورسی بەر پارتەکەی دەکەون کە یەکێکیان بۆ ئەو دەبێت. ئویزلەم لەساڵی 1984 لە مالاتیای باکووری کوردستان لەدایکبووە. ساڵی 1989 لەگەڵ خێزانەکەی کۆچ دەکاتە ئەڵمانیا. پێشووتر سەرۆکی پارتی چەپ بووە لە هەرێمی نۆردراین ڤێستڤالن.

جێی باسە دوای فەلەکناس ئۆجا کە بۆ دوو خوولی پەرلەمانی ئەورووپا لەنێوان 1999-2009 لەسەر لیستی پارتی چەپی ئەڵمانیا کورسییەکی پەرلەمانی لە برۆکسل هەبووە. بۆ جاری دووەمە لەنێو پارتەکانی ولاتانی کوردانی نیشتەجێی نێو یەکێتی ئەورووپا دەبنە پەرلەمانتاری ئەورووپی بەڵام ئەمجارە ژمارەیان دوو کەسە.

# مافی مرۆڤ: تاوانەکانی دژی کوردانی ناوچە کوردستانییەکان بە تیرۆر هەژمار دەکرێن

بەرپرسێکی دەستەی گشتیی مافی مرۆڤ داوای کرد ئەوانەی تاوانیان دژی خەڵکی ناوچە کوردستانییەکان کردووە، بدرێنە دادگا و بە ماددەی تیرۆر دادگایی بکرێن. دەشڵێ، لە دوای 16ی ئۆکتۆبەرەوە پێشێلکاریی مافی مرۆڤ لەو سنوورانە زیادی کردووە.

تاڤگە عومەر، بەڕێوەبەری گشتیی یاساییی دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ، بە مالپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: ئەوەی لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی حکوومەتی هەرێم ڕوو دەدات پێشێلکاریی بەرچاوی مافی مرۆڤ و پێچەوانەی دەستووری هەمیشەیی عێراقە، بە بڕوای ئێمە سووتاندنی بەرهەمی جووتیاران و زۆڵم و ستەمی سەر کوردانی ئەو ناوچانە بە تیرۆر هەژمار دەکرێت، چونکە تاوانێکی دژەمرۆڤایەتی دەکرێت.

بەڕێوەبەری گشتیی یاساییی دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ دەڵێت: لە دووای ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەرەوە هەموو جۆرە تاوان و پێشێلکارییەکی دژی مرۆڤ لە ناوچە کوردستانییەکان زیادی کردووە، لەبەر ئەوەی هیچ نەماوە بەرامبەریان نەکرێت، لە کوشتن و ڕفاندن و سووتاندنی مال و ملک و ئاوارەبوونیان، داوا لە کۆمسیۆنی مافەکانی مرۆڤی عێراق دەکەین بێدەنگ نەبێت بەرامبەر بەو تاوانانەی دەرحەق بە خەڵکی ناوچە کوردستانییەکان دەکرێت.

ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد: پێویستە هەرچی زووە سنوورێک بۆ ئەو پێشێلکارییانە دیاری بکرێت و هەموو ئەوانەیشی دەستیان لەو تاوانانەدا هەیە، وەک تۆمەتبار ڕووبەڕووی دادگا بکرێنەوە، چونکە ئەوەی دەکرێت، هەموی تاوانی دژی مرۆڤایەتییە و پێویستە بکەرانی ئەو تاوانانە بە سزای یاساییی خۆیان بگەن.

# ئەحمەد عەسکەری: دەبێت حیزبێک قەبارەی چەند بێت کە دەستووری وڵاتێک ڕەتدەکاتەوە کە 33 ملیۆن کەس دەنگیان پێیداوە



ڕۆژی یەکشەممە 2019/5/26 بەرەی تورکمانی عێراق لەبارەی کەرکووک و ناوچەکانی دیکەی ماددەی 140ی دەستووری هەمیشەیی عێراق ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە و تیایدا ڕاپۆرتی نەتەوە یەکگرتووەکان لەبارەی کێشەی کەرکووک و ناوچەکانی دیکەی ماددەی 140 بە ئاماژەیەکی مەترسیدار بۆ پاڕێزگاکانی مووسڵ، کەرکووک و شارەکانی دیکە لە قەڵەم دەدات. لە ڕاگەیەندراوەکەی بەرەی تورکمانیدا هاتووە "ڕاپۆرتەکەی نەتەوە یەکگرتووەکانیش بە ئاماژەدان بە دەستوور وەک چارەسەرێک، ئاماژەیەکی مەترسیدارە بۆ پاڕێزگاکانی مووسڵ، کەرکووک، سەلاحەدین و دیالە، کە کێشەی ئەمنی لەنێوان هەرێم و بەغدا دروستەکات، ئەویش بە بڵاوکردنەوەی ئەو هێزانەی لە دەرەوەی دەسەڵاتی فیدراڵین لەو ناوچانە". هەر لە ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە "ڕاپۆرتەکەی نەتەوە یەکگرتووەکان لەبارەی ناوچە کێشەلەسەرەکان لەبری دۆزینەوەی چارەسەر ئاگرەکە خۆشدەکات". لەم بارەیەوە ئەحمەد عەسکەری، ئەندامی لیژنەی ئاسایش و بەرگری لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک بە تۆڕی میدیایی ڕووداوی ڕاگەیاندووە "دەبێت حیزبێک قەبارەی چەند بێت کە دەستووری وڵاتێک ڕەتدەکاتەوە کە 33ملیۆن کەس دەنگیان پێیداوە و متمانەی زیاتر لە 70%ی خەڵکی بەدەستهێناوە". ئەحمەد عەسکەری ڕاشیگەیاندووە: کەسێک یان حیزبێک لە عێراق دژی دەستوور بێت و خۆی بە حیزبێکی عێراقی بزانێت، دەبێت هاوواڵاتیانی عێراق بپرسن ئایا ئەوە خەڵکی عێراقە؟!

# وەزیری دارایی و ئابووری: حکوومەتی هەرێمی کوردستان هیچ قەرزێکی بە پارەی بەغدا نەداوەتەوە

## لە ساڵی 2018دا حکوومەتی ناوەندی 9 جار مووچەی ڕەوانەی کوردستان کردووە



## دوای دابەشکردنی مووچەی عێراق، ئینجا وەزارەتی دارایی پارە بۆ هەرێم دەنێرێت

دوێنێ دووشەممە 2019/5/27 وەزیری دارایی و ئابووری حکوومەتی هەرێمی کوردستان، ڕێباز حەملان لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانییەدا، وردەکاری ناردنی مووچەی مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستانی لە لایەن بەغداوە ڕوونکردەوە و ئاماژەی بەوەکرد کە ماوەیەکە چەند جۆرە هەواڵ و لێدوانێک لەمبارەیەوە بڵاودەکرێنەوە. لە کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکەدا، وەزیری دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان، ڕێباز حەملان گوتی: هەفتەیەکە بەچڕی باسی دابەشکردنی مووچەی مانگەکانی ساڵی 2019 دەکرێت و باسی ئەوەش دەکرێت کە پێنج مووچە لە لایەن بەغدا بۆ هەرێمی کوردستان نێردراوە، دوای ئەوە قسە و باسانە کۆمەڵێک شت باس دەکرێت کە بە هەموو شێوەیەک دوورە لە ڕاستییەوە، بۆیە بڕیارماندا بە بەڵگەوە ڕوونکردنەوە بدەین، بەڵام پێمان باش بوو سەرەتا ئەو کەسانە سەردانی وەزارەتی دارایبان بکردایە بۆ وەرگرتنی زانیارییەکان.

لە درێژەی کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکەدا، ڕێباز حەملان گوتی: لە ساڵی 2014ەوە کە بوودجەی هەرێم بڕاوە لە ساڵانی دواتر هەر پارەیەک لە وەزارەتی دارایی خەرج بکرێت بۆ هەر بوارێک ڕەزامەندی ئەنجوومەنی وەزیران وەرگیراوە. گوتیشی: لە ساڵی 2018دا، حکوومەتی ناوەندی نۆ جار مووچەی ڕەوانەی کوردستان کردووە کە دوو تریلیۆن و 857 ملیار دینار بووە و لە مانگی چواری ساڵی 2018 بۆ مانگەکانی یەک بە دواوە دابەشکراوە و مانگانە 317 ملیار دینار نێردراوە. وەک حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش لە داهاتی نەوت و داهاتەکانی دیکەی ناوخۆ سێ تریلیۆنمان خستووەسەر کۆی گشتی بوودجە و بۆ ساڵی 2018 بەسەریەکەوە شەش تریلیۆن و 475ملیار دینارمان دابەشکردووە.

سەبارەت بە مووچەی ساڵی 2019ڕێباز حەملان گوتی: لە ساڵی 2019دا حکوومەتی عێراق پێنج مووچەی بۆ هەرێمی کوردستان ناردووە کە کۆی گشتییەکەی بریتیی بووە لە دوو تریلیۆن و 266 ملیار دینار، دواتر ئێمە پاشەکەوتی مووچەمان هەڵگرت، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە زیاتر لە یەک تریلیۆن و 831 ملیار دینارمان خستووەتە سەر پارەکەی بەغدا و مووچەی مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستانمان دابەشکردووە.

وەزیری دارایی و ئابووری حکوومەتی هەرێمی کوردستان باسی لەوەشکرد کە ئەوان بەردەوام دەبن لە پێدانی مووچەکانی ساڵی 2018 کە ئێستا مووچەی مانگەکانی 10 و 11ی ساڵی 2018یان بە پاشەکەوتەوە دابەشکردووە و مووچەی مانگی 12ی ساڵی 2018 و مانگەکانی1 و 2ی ساڵی 2019یان پێ دابەشکردووە بەبێ پاشەکەوت. لەبارەی دابەشکردنی مووچە ڕێباز حەملان باسی لەوەکرد کە تەنها هۆکاری پشتوویان هەیە کە مووچەی مانگەکان لە30 ڕۆژ تێپەڕێت.

هەرچی ناردنی پارەشە لە بەغداوە وەزیری دارایی حکوومەتی هەرێمی کوردستان گوتی: دوای دابەشکردنی مووچەی عێراق، ئینجا وەزارەتی دارایی پارە بۆ هەرێم دەنێرێت، دوای ئەوە لەگەڵ پارەی نەوتی هەرێم کۆدەکرێتەوە و مووچەی پێ دابەش دەکرێت.

سەبارەت بە پارەی چوار مانگی وەزارەتی پێشمەرگە، وەزیری دارایی ڕەتیکردەوە هیچ پارەیەک لە بەغداوە بۆ پێشمەرگە هاتبێت. لەبارەی دانەوەی قەرزەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش ڕێباز حەملان باسی لەوەکرد کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان هیچ قەرزێکی بە پارەی بەغدا نەداوەتەوە، بەڵکو لە داهاتی فرۆشی نەوتی کوردستان قەرزی کۆمپانیا نەوتییەکان و بەڵێندەرانی داوەتەوە و هێشتاش بەشێک لەو قەرزانە ماونەتەوە.

ڕێباز حەملان ڕاشیگەیاند کە ئەوان بەو پارەیەی لەبەردەستیانە دەست بە دابەشکردنی مووچە دەکەن و هاوکات کە پارەکەی بەغداش گەیشت ئەوا تەواوی مووچەکە دابەش دەکەن و ئەگەر بڕە پارەکەی بەغداش نەگەیشت، ئەوا بەشێکی داموودزگاکانی حکوومەت دەکەونە دوای جەژن.

## هیچ پارەیەک لە بەغداوە بۆ پێشمەرگە نەهاتووە



## بۆ کاراکردنەوەی ماددەی 140 شاندێکی پەرلەمانی کوردستان دەچێتە بەغدا

لیژنەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان لە پەرلەمان بۆ کاراکردنەوەی ماددەی 140 تایبەت بەو ناوچانە، دەچێتە بەغدا. محێدین حەسەن، ئەندامی لیژنەکە بە خەباتی ڕاگەیاند: دۆخی ناوچە کورستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان زۆر خراپە و گەڕاوەتەوە بۆ پێش ساڵی 2003 و بارودۆخەکەش تا دێت خراپتر دەبێت. ئەو پەرلەمانتارە گوتیشی: لیژنەکەمان دوای جەژنی ڕەمەزان دەچینە بەغدا بۆ چارەسەریی کێشەی ناوچە کوردستانییەکان و هەوڵ دەدەین لەگەڵ لایەنە عێراقییەکان بۆ کاراکردنەوەی ماددەی 140 گفتوگۆ بکەین.

لەبارەی چارەسەری کێشەی ئەو ناوچانە محێدین حەسەن دەڵێت: جگەلە یەکگرتوویی لایەنە سیاسییەکان، هیچ ڕێگەیەکی دیکە نییە بۆ چارسەری خێرای گرفتەکانی ئەو ناوچانە. لیژنەکەش بڕیاری کۆتایی داوە و دەچێتە بەغدا، بەڵام ڕۆژ و کاتی چوونەکەی دیار نییە. جێی باسە ماوەی زیاتر لە یەک مانگە دۆخی ئەمنیی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان بەڕەو خراپتر بوون ڕۆیشتووە و بەتایبەت عەرەبە هاوردەکان بە پاڵپشتیی سوپای عێراق و حەشدی شەعبی گەڕاونەتەوە و دەیانەوێ زەوی و زار و مواڵکی کورد داگیر بکەن و هاوکات داوای پشکی بەرهەمی گەنم و جۆری جووتیارانی کورد دەکەن.

## عادل عەبدولمەهدی داوا لە حەشدی شەعبی دەکات لێدوانی سیاسی نەدەن و وەرگرتنی خۆبەخش لە ریزەکانیان ڕاگرن

سەرۆک وەزیرانی عێراق نووسراوێکی نهێنی بۆ میلیشیاکانی حەشدی شەعبی دەنێرێت و داوایەکیان ئاراستە دەکات. بەپێی هەواڵی میدیا عێراقییەکان، عادل عەبدولمەهدی، سەرۆک وەزیرانی عێراق نووسراوەکەی ڕۆژی دووشەممە 2019/5/27 بۆ سەرکردە و گوتەبێژی ئەو میلیشیایانە ناردووە.

لە نووسراوەکەدا، عادل عەبدولمەهدی دوو خاڵی ئاراستەی سەرکردە و گوتەبێژەکانی ئەو میلیشیایانە کردووە، کە بریتین لە:

- بەهیچ شێوەیەک لێدوانی سیاسی نەدەن، بەتایبەت لێدوانی پەیوەندیدار بە لوبنان، بەحرێن و سعودیە.
- دەرگای وەرگرتنی خۆبەخش لە ریزەکانی حەشدی شەعبی داخرا.
- حەشدی شەعبی لە زیاتر لە 60 میلیشیای تائیفیی شیعەمەزهەب پێک دێت و دوای هەرەسهێنانی سوپای عێراق و بە فەتوای ئایەتوللا عەلی سیستانی، مەرجەعی باڵای شیعەکانی عێراق، دامەزرا.

ئەو میلیشیایانە بەردەوام لە دژی وڵاتانی سعودیە، بەحرێن و لوبنان بەرگریی لە شیعەکانی ئەو وڵاتانە دەکەن و چەندین جار کێشەی دیپلۆماسییان لەنێوان عێراق و ئەو وڵاتانە، دروست کردووە.

لە مانگی 6ی2014 نزیکەی دوو هەزار چەکداری ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش هێرشیان کردە سەر شاری مووسڵ و لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا، هەرەسیان بە سوپای عێراق هێنا و زۆربەی ناوچەکانی پارێزگاکانی نەینەوا، دیالە، سەلاحەدین و ئەنباریان داگیر کرد.

## کەشتیە ئێرانییەکان لە هیچ وڵاتێکدا ناتوانن بەرهەمەکانیان دابگرن

### حەسەن ڕوحانی: لە میانی 40 ساڵی ڕابردوودا دووچاری ڕووداوی ئاوا نەبووین



حەسەن ڕوحانی لەبارەی قەیرانی ئابووری وڵاتەکەیەوە ئاماژەی بەوە دا کە لە هەلومەرجێکی سەختدا دەژین، بەڵام بەراورد بە ساڵانی ڕابردوو خۆراکە بنەڕەتییە کەڵەکراوەکانیان زیاترن و گوتی: هەوڵ دەدەین هەلومەرجی خەڵک سەختتر نەبێت. بەدڵنیاییەوە هەست بە کێشەکانی خەڵک دەکەین و هەوڵەکانی حکوومەت لە پێناو ئەوەدایە ڕێگە لە سەختتربوونی هەلومەرجی ژیانی خەڵک بگرێت. سەرکۆماری ئێران تیشکی خستە سەر ئەوەی کەشتییەک کە 10 ڕۆژە بەرهەمی ئێرانی هەڵگرتووە نەیتوانیوە لە بەندەری هیچ وڵاتێک نزیک بێتەوە و بارەکە دابگرێت ئەمەش یەکەم جارە لە مێژووی ئێراندا ئەوە ڕووبدات و گوتی: وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا لەگەڵ ئەو وڵاتە لە پەیوەندیدایە لەبارەی کەشتییەکەوە. تاکو کەشتی گواستنەوەی نەوتی ئێران بارەکەی دەگەیەنێتە شوێنێک بەردەوام لە ڕێگای مانگە دەستکردەکانەوە چاودێری دەکرێت. لە میانی 40 ساڵی ڕابردوو دووچاری ڕووداوی ئاوا نەبووین. ئەو وڵاتەی لەگەڵ ئەمەریکا لە جەنگ دایە باجەکەی دەدات. هۆکارە بنەڕەتییەکانی سەرکەوتوون بەسەر ئەو جەنگە ئابووریەی ئەمەریکا بۆ سەر ئێران دەستپێکردووە یەکڕیز و متمانە بە یەکترکردنە.

## پەیامی چین بۆ ئەمریکا: دەبێت جیاوازییەکان لە ڕێگەی دانوستانەوە چارەسەر بکرێن



گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی چین، لوکانگ لەبارەی لێدوانەکانی ئاماژە بە ئامادەنەبوونی ڕێککەوتنی بازرگانی ئەمریکا و چین دەکەن ڕاگەیاند: دەبێت هەموو جیاوازییەکانی نێوان هەردوو وڵات کە لە سەرەتاوە هەیە لە ڕێی ڕاوێژێکی دۆستانە و دانوستانەوە چارەسەر بکرێت. لوکانگ لە پەکینی پایتەخت کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی ڕێکخست و وەڵامی گوتەکانی سەرۆکی ئەمریکا، دۆناڵد ترەمپی دایەوە کە لە میانی سەردانیدا بۆ ژاپۆن ڕایگەیاندبوو ئامادەی ڕێککەوتن نین لە بواری بازرگانیدا لەگەڵ چین.

لو ئاماژەی بەوەدا ماوەیەکە لە ئەمریکاوە چەندین لێدوان دەدرێت هەندێک جار دەڵێن زۆر نزیکن لە ڕێککەوتن و هەندێک جاری تریش باس لە ئاستەنگی گەیشتن بە ڕێککەوتن دەکەن و گوتی: دەبێت هەموو جیاوازییەکانی نێوان هەردوو وڵات کە لە سەرەتاوە هەیە لە ڕێی ڕاوێژێکی دۆستانە و دانوستانەوە چارەسەر بکرێت. پێداگیری دەکەین لەوەی دەبێت دانوستانە بازرگانییەکانی نێوان چین و ئەمریکا لەسەر بنەمای ڕێز و سوودی دووڵایەنە بەڕێوەبچێت.

### سەرۆکی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی عێراق:

# ئەمساڵ هەڵبژاردن لە عێراق ناکرێت و یاساکەش هەموار دەکرێتەوە



**ئا/قائید میرۆ:** بڕیارە دوای جەژن یاسای هەڵبژاردنەکانی عێراق هەموار بکرێتەوە و سەرۆکی لیژنەی یاساییی پەرلەمانی عێراقیش دەڵێ، ئەمساڵ بە هیچ شێوەیەک هەڵبژاردن لە عێراق ناکرێت و هۆکاری دواکەوتنی هەموارى یاسای هەڵبژاردنەکانیش بۆ درەنگگەیشتنی پێشنیارەکانی حکوومەت دەگەڕێتەوە. ڕێبوار هادی، سەرۆکی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی عێراق، بە مالپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: بەگوێرەی ماددەی 44ی یاسای ژمارە 12ی ساڵی ڕابردوو، دیاریکردنی ڕۆژی هەڵبژاردن بۆ ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق دەبێ بە ڕێککەوتن بێت لە نێوان حکوومەت و کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراقدا، پێشتر هەردوولا گەیشتبوونە ڕێککەوتن کە لە کۆتایی ئەمساڵدا پرۆسەکە بەڕێوەبچێت، بەڵام بە مەرجێک پەرلەمان تا کۆتایی مانگی نیسان یاسای هەڵبژاردنەکان هەموار بکاتەوە. ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد: پەرلەمان نەیتوانی لە کاتی خۆیدا یاسای هەڵبژاردن هەموار بکاتەوە، پێنجشەمەی ڕابردووش خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە و بڕیارە دوای جەژن خوێندنەوەی دووەمی بۆ بکرێت و دواتر بخرێتە دەنگدانەوە.

ڕێبوار هادی دەشڵێت: هۆکاری دواکەوتنی پەسەندکردنی یاسای هەڵبژاردنەکان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، لیژنەی یاسایی پێشنیاری خۆی هەبوو لەسەر هەموارى یاسای هەڵبژاردنەکان، بەڵام لە 10ی نیسان نووسراوێکی سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق گەیشتە پەرلەمان و داوای ڕاگرتنی یاساکەیان کرد تا پێشنیارەکانی حکوومەتیش دەگاتە پەرلەمان، بەداخەوە پێشنیارەکانی حکوومەت لە مانگی ئایاردا گەیشت و وادەی کۆمسیۆن بەسەرچووبوو، لەبەر ئەوەش، نەتوانرا لە کاتی خۆیدا پەسەند بکرێت. ڕێبوار هادی ڕوونیشی کردۆتەوە: ئێمە تا دوای جەژن یاساکە هەموار دەکەینەوە و کارکردن تێیدا بەردەوامە، بەڵام ئەمساڵ بە هیچ شێوەیەک هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە عێراق بەڕێوە ناچێت، لەبەر ئەوەی دوای پەسەندکردنی یاساکەش کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان پێویستیان بە کاتە بۆ خۆئامادەکردن تا پرۆسەکە بەڕێوە ببەن.

# نەرویژ.. بیرەوەری 43 هەمین ساڵیادی هەڵگیرسانی شۆڕشی گوڵان بەرز ڕاگیرا



**خەبات/ ساسان دەروێش**

لیژنەی ڕێکخراوی ئۆسلۆی پارتی لە نەرویژ، بۆ بەرز و پیرۆز ڕاگرتنی 43هەمین ساڵیادی هەڵگیرسانی شۆڕشی گوڵان مەراسیمێکی شکۆداری بەو بۆنەیەوە بەئامادەبوونی بەشێکی بەرچاو لە ڕەوەندی کورد وپێشمەرگەی دێرین و خانەوادەی سەربەرزی شەهیدان سازکرد، لەدوای بەخێرهێنانی ئامادەبووان لەلایەن هەردوو پێشکەشکاری بۆنەکە "عەدنان موختار و سالح ئەحمەد"، سەرەتا بەخولەکێک وەستان بۆ گیانی بەرزەفڕی گشت شەهیدانی کورد و کوردستان سەروەریان باوکی ڕۆحی نەتەوەییمان بارزانیی نەمر و مارشی نەتەوەیی ئەی ڕەقیب دەستپێکرد، پاشان پەیڤی لیژنەی ڕێکخراوی ئۆسلۆ لەلایەن تەها بێجاری بەرپرس پێشکەشکرا کە تیایدا باسی لە میژووی هەڵگیرسانی ئەم شۆڕشە کرد کە ژیلەمۆی نەکۆژاوەی شۆڕشی مەزنی ئەیلوولی داگیرسانەوە بەڕووی داگیرکاراندا.

هەروەها لەلایەن کۆمەڵەی فیدراسیۆنی حزبە کوردستانییەکان و عەبدولباقی حوسێنی سەرۆکی نووسەرانی ڕۆژئاوا چەند پەیڤێکیان بەو بۆنەیەوە پێشکەشکرد کە تیایدا وێڕای پیرۆزبایی کردنیان لە سەرۆک و پێشمەرگەکانی پارتی، هیوای ئەوەشیان خواست کوردستان لەبەهێزبوونداد بهێڵنەوە. هەروەها دکتۆرە خاتوزین گوڵبژێرێکی لە شیعرەکانی بەم بۆنەیەوە خوێندەوە. پاشان بە چەند سروود و گۆرانییەک و بە بەرزکردنەوەی ئاڵای پارتی و کوردستان سەماو هەڵپەڕکێی ئامادەبووان بە جلی ڕەنگاوڕەنگی کوردییەوە مەڕاسیمەکە ڕازاوەترو پیرۆزتر کرا. لە بەشێکی دیکەی مەڕاسیمەکەشدا بە بەشداریی چەند پێشمەرگەیەکی دێرین یونس حەمە ڕۆژنامەنووس و نووسەر و پەیامنێری کەناڵی ئاسمانی کوردستان تیڤی پانێلێکی بەڕێوەبرا. دواتریش لەلایەن لیژنەی ئۆسلۆی پارتی خەڵاتی ڕێزلێنانی خەبات و تێکۆشانی پێشکەشی26 هەڤاڵ و پێشمەرگەی دێرین کرا لەگەڵ چەپکە گوڵی خۆشەویستی. لەبەرامبەردا هەڤاڵانیش سۆز و پەیمانیان دووپاتکردەوە بۆ ڕێبازەکەیان کە هەمیشە پێشمەرگەی بن.

### مەترسیەکی گەورە بۆ ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم ئاشکرا دەکرێت

# ئەگەر پێشمەرگە لەو ناوچانە بڵاوەی پێ نەکرێت داعش بە یەکجاری کۆنترۆڵی دەکات



**خەبات/کەنعان بەهادین:**


گوتەبێژی هۆزە عەرەبییەکانی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم هۆشداری دا کە ناوچەکانیان دووبارە بکەوێتەوە ژێر دەستی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش. مزاحم ئەلحوێت گوتەبێژی هۆزە عەرەبییەکان لەناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم هۆشداری دایە بەغداو هەولێر ئەگەر پێشمەرگە لەو ناوچانە بڵاوەی پێ نەکرێ ئەوا دەست لەو ناوچانە بشۆنەوە. حوێت ڕاشیگەیاند: کردەو چالاکییەکانی تیرۆریستانی داعش ڕۆژ بە ڕۆژ لەو ناوچانە زیاد دەکات و تەنانەت شەوان ناوچەکە دەکەوێتە ژێر دەستی داعش و مەترسی زۆر دەکەوێتە سەر دانیشتوانی ئەو ناوچانە، چونکە ترس و دڵەڕاوکێیەکی زۆر دەکەوێتە دڵیان و تا ڕۆژ دەکەنەوە دۆخێکی ئەستەمە، چونکە داعش هەرەشەی کوشتن لەو خەڵکە دەکات. حوێت هۆشداری ئەوەشی دا کە ئەگەر وا بەردەوام بێت ڕەنگە تاوانی گەورە ئەنجام بدرێت و یاخود لەترسی داعش خەڵکەکە پەیمانی بەیعەتی تازە بەوان بدەن و بۆ بەرژەوەندی ئەوان ئیش بکەن. ئەمەش بەهۆی کەمبوونی هێزە عێراقییەکان لەو ناوچانە کە زەرووڕەو وا پێویستە پێشمەرگە لەو ناوچانە بە زووترین کات بلاوەیان پێبکرێ، چونکە ئەگەر کەوتنی ئەو ناوچانە نزیکە و داعش بەیەکجاری دەستی بەسەردا دەگرێ و کۆنترۆڵی دەکات. حوێت ئەوەشی گووت کە پێشتر عادل عەبدولمەهدی ڕایگەیاندبوو پێشمەرگە زۆر بە دڵسۆزییەوە هەموو ئەو ناوچانەیان پاراستووە کە لە ژێر کۆنترۆڵی ئەواندان.

## عێراق.. سزای لەسێدارەدان بۆ چوار داعشی بە ڕەگەز فەڕەنسی دەرکرا

هاوواڵتییەکی فەڕەنسی کە بە ئەندامبوون لە ڕێکخراوی داعش تاوانبارکراوە لە لایەن دادگای تاوانەکانی ناوەندی بەغداوە، سزای لەسێدارەدانی بۆ دەرکرا. ئەمەش چوارەم هاوواڵتی فەڕەنسییە کە بە تاوانی ئەندامبوون لە ڕێکخراوی داعش لە عێراق سزای لەسێدارەدانی بۆ دەربکرێت. پێشتر دادگای تاوانەکانی بەغدا هەر بەتاوانی ئەندامبوون لە ڕێکخراوی داعش، سزای لەسێدارەدانی بۆ سێ هاوواڵتیی دیکەی فەڕەنسی دەرکردبوو. بەپێی زانیارییەکان ئەو تاوانبارەی کە سزای لەسێدارەدانەکەی بۆ دەرکراوە چوار مانگ لەمەوبەر لە سووریاوە ڕادەستی کاربەدەستانی عێراقی کرابوو. لای خۆیەوە شارەزا لە بواری یاسا، تارق حەرب لە لێدوانێکدا ڕایگەیاند کە پشتبەستن بە ماددەی چوار لە یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر، سزای لەسێدارەدانەکە بۆ ئەو هاوواڵتییە فەڕەنسییە دەرکراوە. تارق حەرب گوتیشی: ئەو سزایە بەڕاییە و دەتواندرێت لە دادگای تێهەڵچوونەوە لە میانی 30 ڕۆژدا لە ڕێکەوتی دەرکردنیدا، تانەی لێ بدرێت. لە کاردانەوەیەکیشدا وەزارەتی دەرەوەی فەرەنسا لە ڕاگەیاندراوێکدا نیگەرانیی وڵاتەکەی لە بڕیاری لەسێدارەدانی سێ هاوواڵتیی فەرەنسی لەلایەن عێراقەوە ڕاگەیاندووە. هەر لە ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە "هەنگاوی جیددی دەگرێتەبەر لەگەڵ حکوومەتی عێراق، تاوەکو چیدیکە بەغدا ئەو هاوواڵتییە فەرەنسیانە لەسێدارە نەدات، کە تاوانبارن بەوەی لەگەڵ داعش شەڕیان کردووە". هەروەها لە ڕاگەیەندراوەکەدا جەخت لەوەش کراوەتەوە کە پاریس دژی هەموو جۆرە لەسێدارەدانێکە، جا لە هەر شوێنێک بێت.

### 22 ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگا ئیمزایان کردووە

# بۆ جاری سێیەم لە ماوەی 11 ساڵدا هەوڵی دروستکردنی هەرێمی بەسرا دەدرێت



## ڕۆژهەڵاتی کوردستان..

### فەرماندەیەکی ئەمنی بە دەستڕێژی گوللە کوژرا

شەوی یەکشەمە لە شاری "شائاباد"ی سەر بە پارێزگای کرماشانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان فەرماندەی پۆلیسی ئاگاهی (فەرماندەی بەرەنگاربوونەوەی تاوان) لەلایەن کەسانێکی نەناسراوەوە کوژرا. بەپێی هەواڵێکی باسنیوز، شەوی یەکشەمە 2019/9/26 ئۆتۆمبێلی بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتیی بەرەنگاربوونەوەی تاوانی شاری "شائاباد" لەلایەن کەسانێکی نەناسراوەوە دراوەتە بەر دەستڕێژ و لە ئەنجامدا "کوورش حاجیمورادی" فەرماندەی ئەو بەڕێوەبەرایەتییەی پۆلیسی ئەمنی کوژراوە و کەسێکی دیکەش بریندار بووە. زانیارییەکان باس لەوە دەکەن سەرەتا ئەو فەرماندە ئەمنییە بریندار بووە و پاش گواستنەوەی بۆ نەخۆشخانە، بەهۆی سەختی برینەکانییەوە گیانی لەدەستداوە. تا ئامادەکردنی ئەم هەواڵە هیچ گرووپ و لایەنێک لە حزبە کوردستانییەکانی ئۆپۆزسیۆنی ئێران یان کەسانی دیکە بەرپرسیارێتیی ئەو کوشتنەیان نەگرتووەتە ئەستۆ.

### وائیل عەبدولەتیف بۆ خەبات:

## حزبە سیاسییەکان، ئەم شارەیان وێران کردووە و لە هەموو پێگە ڕۆشنبیری و ئابووری و کولتووریەکەی دایانماڵیوە

# پارێزگای بەسرا 90٪ی داهاتی عێراق دابین دەکات



**خەبات- مەریوان نەقشبەندی**

دوای ئەوەی پێشتر دووجار هەوڵی بەهەڕێمکردنی پارێزگای بەسرە درا، ئێستاش بۆ جاری سێیەم هەوڵێکی جدی بۆ سەربەخۆیی ئابووری پارێزگای بەسرا و دروستکردنی هەرێمێکی نوێ لەباشووری عێراق دەدرێت.

لەلێدوانێکی تایبەت بە ڕۆژنامەی خەبات وائیل عەبدولەتیف ئەندامی پێشووی ئەنجومەنی نوێنەران لە پشکی پارێزگای بەسرا لەم بارەیەوە ڕایگەیاند: یەکەم بیرۆکەی بەهەڕێمکردنی پارێزگای بەسرا لەباشووری عێراق لەلایەن منەوە بوو لە ساڵی 2008 ئەوکات زۆر بەڕاشکاوی گوتم ئەزموونی هەرێمی کوردستان و لامەرکەزیەتی ئیداری و ئابووری سەربەخۆ پیشانمان دەدات کە دروستکردنی هەرێمی بەسرا لە باشووری عێراق کارێکی ئێجگار باشە بۆ خەڵکی ئەم پارێزگایە و باشووری عێراق بەگشتی، بەو پێیەی پارێزگای بەسرا 90%ی داهاتی عێراق لەڕێگای بەندەرە ئاویەکەیەوە بەهەنارد و بەرهەمهێنانی نەوت دابین دەکات، بەڵام خزمەتگوزاریەکان و ئیستیحقاقی ئەم پارێزگایە لەداهاتی نیشتمانی ئەوەندە لاوازە کە خەریکە ئەم شارە گەورەیە دەبێتە شوێنێکی فەرامۆشکراو و حزبە سیاسیەکانیش ئەوەندەی تر دوای ڕوخانی سەدام ئەم شارەیان وێران کرد و لەهەموو پێگە ڕۆشنبیری و ئابووری و کولتووریەکەی دایانماڵی، بۆیە ئەوکات و ئێستاش دروستکردنی هەرێمی بەسرا و ئەنجامدانی ڕاپرسی لەناو خەڵکی ئەم پارێزگایە بەپەسەند و ڕێگەیەکی گونجاو دەزانم، ئەگەرچی ئەوکات منیان بەجوداخواز لەقەڵەمدا و گوتیان ئاڵای هەرێمی بەسرا لەئاڵای وڵاتێک یان گەلێکی عەرەبی ناچێت و ئەمە پیلانی بێگانەیە.

وائیل عەبدولەتیف لەدرێژەی قسەکانیدا بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: دوای هەوڵەکەی من بەڕێز محەمەد تائی ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران ساڵی2015 هەوڵێکی هاوشێوەی منی دووبارە کردەوە تا بەسرا ببێتە هەرێم و بۆ ئەوەش لەهەفتەیەکدا ئیمزای زیاتر لە 44 هەزار کەسی لەو پارێزگایە کۆکردەوە، بەڵام لەبەرئەوەی شەڕی داعش لەئارادابوو داوایان کرد ئەم پرۆژەیە دوابخرێ. ئێستاش خۆشحاڵم کە لەم ساڵەدا 2019 جارێکی تر ئەنجومەنی پارێزگای بەسرا کار بۆ سەربەخۆیی ئیداری و ئابووری دەکەن و 22 ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای بەسرا داواکاری بەهەڕێمکردنی پارێزگای بەسرایان گەیاندۆتە ئەمیندارێتی گشتی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق و داوا دەکەن بەسرا بکرێتە هەرێم و کۆتایی بەو پاشاگەردانی و خراپی خزمەتگوزاریە بهێنرێ کە ساڵانێکە خەڵکی بەسرا پێوەی دەنااڵێنن.

## ئەمڕۆ پەرلەمانی کوردستان کۆدەبێتەوە

# سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە دەنگدان لە پەرلەمان هەڵدەبژێردرێت



سکرتێری پەرلەمانی کوردستان:

### ڕێوڕەسمی سوێندخواردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکەوێتە دوای جەژنی ڕەمەزان



سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمان:

### چاوەڕوان دەکەین بەڕێز نێچیرڤان بارزانی زیاتر لە 90 دەنگی پەرلەمانتاران بەدەست بهێنێت

بڕیارە ئەمڕۆ سێشەممە 2019/5/28 کاتژمێر11ی پێش نیوەڕۆ پەرلەمانی کوردستان کۆببێتەوە و دەنگ بە کاندیدانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بدات. سکرتێری پەرلەمان دەڵێت: مەراسیمی سوێند خواردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکەوێتە دوای جەژنی ڕەمەزان. وتەبێژی فراکسیۆنی پارتیش دەڵێت: چاوەڕوان دەکەین بەڕێز نێچیرڤان بارزانی کاندیدی پارتی و یەکێتی و گۆڕان و پێکهاتەکان و حیزبی سۆشیالیستە زیاتر لە 90 دەنگی ئەندامانی پەرلەمان بەدەست بهێنێت.

**ڕاپۆرت: عەلی بانیشاری**

لەڕاگەیەندراوێکی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستاندا هاتووە: بەپێی حوکمی بڕگەکانی (یەکەم، دووەم، سێیەم) لە مادەی (16) و بڕگەی (سێیەم) لە مادەی (18) و بڕگەکانی (یەکەم و پێنجەم) لە مادەی (54) و مادەکانی (47، 52، 55، 56، 57) لەپەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان-عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (6)ی ئاسایی خولی بەهارەی ساڵی یەکەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان لەکاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی 2019/5/28 بەم شێوەیە بێت: یەکەم: خستەڕوو و هەڵبژاردنی پالێوراوەکان بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم، بەپێی حکومی خاڵی (5,6)ی برگەی (یەکەم)ی ماددەی (4) لە یاسای ژمارە (1)ی ساڵی 2019 یاسای کاراکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان-عێراق و هەمواری شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆک تا پەسەندکردنی دەستوور. مونا قەهوەچی، سکرتێری پەرلەمانی کوردستان بە(خەبات)ی ڕاگەیاند: ئەمڕۆ کۆبوونەوەی ئاسایی پەرلەمانی کوردستان ئەنجام دەدرێت و ئەندامانی پەرلەمان دەنگ لەسەر کاندیدانی پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەدەن. ئەو گوتیشی: دەنگدانەکە ئاشکرایە و هیچ کاندیدێکی سەرۆکی هەرێم ئامادەی دانیشتنەکەی ئەمڕۆ نابن. سەبارەت بە مەراسیمی سوێندخواردنی سەرۆکی هەرێم، سکرتێری پەرلەمانی کوردستان گوتی: پاش دەنگدان بە سەرۆکی هەرێم دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان لە هەمان ڕۆژ یان چەند ڕۆژی داهاتوو کاتی ڕێوڕەسمی سوێندخواردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دیاری دەکات.

مونا قەهوەچی دەشڵێت: گومانی تێدا نییە سوێندخواردنی سەرۆکی هەرێم دەکەوێتە دوای جەژنی ڕەمەزان، چونکە مەراسیمەکە ئامادەسازی دەوێت و نوێنەری وڵاتان و کونسوڵ و کاربەدەستانی هەرێم و عێراق لەو ڕۆژەدا ئامادە دەبن".

سەبارەت بەئامادەبوونی سەرجەم فراکسیۆنەکان لە دانیشتنەکەی ئەمڕۆدا، سکرتێری پەرلەمانی کوردستان گوتی: تائێستا هیچ فراکسیۆنێک بە فەرمی ڕای نەگەیاندووە کە بایکۆتی دانیشتنەکەی ئەمڕۆ دەکات.

ئومێد خۆشناو، سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان بە(خەبات)ی گوت: بەڕێز نێچیرڤان بارزانی کاندیدی پارتی و یەکێتی و گۆڕان و پێکهاتەکان و حیزبی سۆشیالیستە و بەو پێیەش چاوەڕوان دەکەین زیاتر لە90 دەنگی پەرلەمانتاران بەدەست بهێنێت.19ی ئەم مانگە پەرلەمانی کوردستان ناوی ئەو پالێوراوانەی ڕاگەیاند کە مەرجی یاساییان تێدایە و خۆیان بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کاندید کردووە کە ئەوانیش پێکهاتوون لە بەڕێز( نێچیرڤان ئیدریس مستەفا بارزانی، ئومێد عەبدوسەلام قادر، محەمەد حمە سالح عومەر، ڕێبوار عەزیز مستەفا، هیوا عەبدوڵلا خدر).



## هەموو بیرەکانی ئاو بەتەواوی دادەخرێن و پشت بە ئاوی سەرزەوی دەبەسترێت

# بەڕێوەبەری ئاوی هەولێر: تا ڕۆژی 2019/7/1 دەبێ هەموو هاوواڵتیان پێوەری ئاو ببەستن

بەگوتەی ئەندازیار "ئاری ئەحمەد" بەڕێوەبەری ئاوی هەولێر: بەڕێوەبەرایەتی ئاوی هەولێر، بەدوو شێواز ئاو بۆ هاوواڵتیان دابیندەکات، یەکێکیان بەهۆی بیرە ئاوەکانی ناو گەڕەکەکان و ئەوی دیکەشیان بەهۆی پرۆژەی ئاوی ئیفرازەوە، ئاوی پاک و خاوێن بۆ هاوواڵتیان دابین دەکات، لەهەوڵی ئەوەداین کە لەشاری هەولێر کێشەی کەم ئاوی چارەسەر بکەین، بۆ ئەوەی چیتر کێشەی کەم ئاوی ڕوونەدات لەوەرزی هاوین، ئەگەرچی ڕۆژانە ژمارەی دانیشتووان و ژمارەی خانوو دروستکردن لە زیادبوونداید، هەوڵی ئەوەش دەدەین بەهۆی پرۆژەی ئاوی ئیفرازەوە بەچەند قۆناغێک ئاو بگەیەنینە هاوواڵتیان، ئەو پرۆژەیە کەوتۆتە گوندی ئیفراز، لەسەر زێی گەورە و بریتییە لە سێ پرۆژە، وەک پرۆژەی ئاوی ئیفراز یەک، کە لە ساڵی 1967 دروستکراوە و پرۆژەی ئاوی ئیفراز دوو، کە لە ساڵی 1983 ئەو پرۆژەیە تەواو بووە، لەگەڵ پرۆژەی ئاوی ئیفراز سێ، کە لە 60%ی لەساڵی 2006 تەواو بووە و لە40%کەی دیکەی ئەو پرۆژەیە لە ساڵی 2015 تەواوکراوە، لەئێستاشدا هەر سێ پرۆژەکەی ئاوی ئیفراز بە هەموو توانای خۆیان کاردەکەن و ئاو دەگەیەننە هاوواڵتیانداید.

**بەدواداچوون: سەید فاتیح بەرزنجی**



**لەپلاندایە گرنگی بە ئاوی سەر زەوی بدەن**

بەڕێوەبەری ئاوی هەولێر سەبارەت بە پلان و بەرنامەیان بۆ داهاتوو ڕوونیکردەوە: بەپێی پلان و بەرنامەی خۆمان لەپلاندایە، کە گرنگی بە ئاوی سەرزەوی بدەین و ئاوی ژێر زەوی دابخەین، وەک ئەنجامدانی پرۆژەی( ئاوی هەولێر چوار) کە پرۆژەیەکی زۆر گەورەیە و توانای بەرهەمهێنانی 25 هەزار مەتر سێجا ئاوی هەیە لە هەر کاتژمێرێکدا، دیارە ئەوەش یەکسانە بە هەموو بیرە ئاوەکانی ناو شاری هەولێر، بەتوانای هەر سێ پرۆژەکە کە ئێستا لەکارکردندا بەردەوامە لەشاری هەولێر نزیکەی (1106) بیرە ئاو لە هەولێر هەیەو قەبارەیەکی زۆری ئاو بەرهەمدەهێنێ و لەدوای تەواوبوونی ئەو پرۆژە گەورەیە چیتر کێشەی کەمئاوی نامێنێ، دیارە ئەو پرۆژەیە لە (رینگی شەقامی خێرای 120 مەتری) بەرەو دەرەوە تاوەکو (رینگی شەقامی 150 مەتری) ئاوی پرۆژەکە دابەشدەکرێت، لەگەڵ ئەو شوێنانەی کە فەرمانگەکانی (بەڕێوەبەرایەتی ئاوی هەولێر)ە وەکو (دارەتوو - بنەسلاوە - کەسنەزان - شاوێس - پیرزین - بەحرکە - عەنکاوە - کانی قرژاڵە- سێبیران) دەخرێنە ناو هێندە پارەیەی بۆ دەگەڕێتەوە، ئەو بەرنامەیە بۆ ماوەیەک وەستا، دواتر دووبارە کەوتەوەگەڕ و لەمانگی یەکی ساڵی 2019دوە لەڕێگەی پەروگ کردنی دوو جۆرە پێوەرە و لەڕێگەی کەرتی تایبەتەوە دوو جۆرە پێوەر تاقی کراوەتەوە و هاوواڵتیان دەستیان بە بەستانی پێوەر کردووە و پێوەرە پێوەری میکانیکیە و ئەو سیستەمەی کە بەکاری دەهێنن بۆ خوێندنەوەکەی سیستەمێکی ئەلیکترۆنی زیرەکەو سیستەمی کۆکردنەوەی داهاتە و کوردستان دابەشی سەر چوار زۆن کراوە.



ئەندازیار "ئاری ئەحمەد" بەڕێوەبەری ئاوی هەولێر

**پرۆژەی ئاوی هەولێر چوار دیزاینی بۆ کراوە**

لەکۆتاییدا ئەندازیار" ئاری ئەحمەد قادر"سەبارەت بەو پرۆژەیە گوتی: ئەو پرۆژەیە کەوتۆتە نزیک (گوندی گرد مامک) و ناوی لێنراوە (پرۆژەی ئاوی هەولێر چوار)، دیارە ئەو پرۆژەیە دیزاینی بۆ کراوە و توانای دابینکردنی 25 هەزار مەتر سێ جا ئاوی هەیە لە کاتژمێرێکدا، بەرهەمی ئەو پرۆژەیە زیاترە لە هەرسێ پرۆژەکەمان و هەر ئەو هەزار و سەدو شانزە بیرە ئاوەی کە هەمانە لە هەولێر، ئاوی زیاتر دەهێنێت و لەلایەن کۆمپانیای بای وەتەری بەریتانی پرۆژەکە تەواو بووەو کاری ڕاوێژکاری دیزاینەکەشی تەواو کراوەو ئامادەکراوە و لەچاوەڕوانی دەرفەتێکین بۆ ئەنجامدانی چ وەکو قەرزێک یاخود وەک لە شوێنێک بودجەکەی بۆ ئامادە بکرێت.

دەربارەی شووشتنگە(غەسل)ەکانیش، بەڕێوەبەری ئاوی هەولێر گوتی: پارسان زیاتر لە16 شووشتنگەی ئوتومبێل بە شێوەی کاتی داخران، تاوەکو سیستەمی خۆیان بگۆڕن، واتا هەندێ شووشتنگە توانیان لەلای خۆیان ئاو دابین بکەن بە تانکەر، یاخود هەندێ لەو شووشتنگانە لە ناوچەی پیشەسازی بیری ئاویان بۆ لێدراوە و نابێ ئەوان ئاوی هاوواڵتیان بەکاربهێنن، ئەو شووشتنگانە ئاگادار کراونەتەوە کە هەرکاتێک لە تۆڕی ئاوی ماڵان بۆڕی ئاو بەبەن سزا دەدرێن و شۆینەکانیان دادەخرێت، واتا شووشتنگەکانیان دادەخرێت.

دواتریش دەربارەی (پێوەری زیرەک) بەڕێوەبەری ئاوی هەولێر گوتی: دانانی (پێوەری میکانیکی) پرۆژەیەکی گرنگ و خزمەتگوزارە و هەرچەندەی هاووڵاتی ئاو بەفیڕۆ بدات تەنکی ئاوی ماڵان یەکێکە لە کێشە سەرەکیەکانی ئاو بە فیڕۆدان، بۆ چارەسەرکردنی یەکجارەکی ئەو کێشەیە بەپێی پلانی (وەزارەتی شارەوانی) و بەهەوڵ و هیممەتی (بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاو و ئاوەڕکانی هەرێم) توانرا پێوەری ئاو بۆ ماڵان دابنرێت و ماوەیەکە پرۆژەی دانانی پێوەری ئاو بۆ ماڵان خراوەتە واری جێبەجێکردنەوەو پێوبستە هەموو هاووڵاتیان پێوەری ئاو دابنێن.

ئەو گوتیشی: تەنها پرۆژەکانی ئاو لە سەدا سەد کارەبای بەردەوامیان هەیە، بەڵام بیرەکانی ئاو دوو کارەبایان هەیە، وەک کارەبای بەردەوام و کارەبای جێگۆڕکێ (متناوب) یان هەیە.





بەرپرسی لقی دوو لە بەسەرکردنەوەی خانەوادەی شەهیدان:

# هیچ خزمەتێک ناگاتە دڵۆپە خوێنی شەهیدێک

لە بەسەرکردنەوەکانی خانەوادەی سەربەرزی شەهیدانی کوردستان، بەرپرسی لقی دوو، دووپاتی کردەوە کە هەرچ خزمەتێکی خانەوادەی سەربەرزی شەهیدان بکرێ، ناگا بە دڵۆپە خوێنێکی شەهید و گەلی کوردستان، شانازی بە شەهیدەکانی خۆی دەکات.

ئەحمەد کانی ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و بەرپرسی لقی دوو، بە یاوەری فەرهاد یاسین بەرپرسی لێژنەی ناوچەی منارە و هەڤاڵانی لێژنەی ناوچە و بەرپرسی ڕێکخراوەکانی ئەو سنوورە، سەردانی 7 خانەوادەی سەربەرزی شەهیدانی شەڕی دژ بە داعشی کرد. لەو بەسەرکردنەوانەدا، بەرپرسی لقی دوو وێڕای نیشاندانی پرسینەوە لە ژیان و گوزەرانی خانەوادەی شەهیدان، ئەوەی دووپات کردەوە کە خزمەتکردنی خانەوادەی سەربەرزی شەهیدبوونێک لە پێناو پاراستنی خاکی پیرۆزی کوردستان بێ، سەروەری و شانازییەکی گەورەی هەمیشەیی بەر خانەوادە و کەسوکار و منداڵ و خێزانی شەهید دەکەوێ، هەموومان ئومێد دەکەین ئەو شانازییە بەر منداڵ و خێزانەکانی ئێمەش بکەوێ.



سەرۆکی لێژنەی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لە پەرلەمانی کوردستان دەڵێت: بە بەغدامان گوتووە ئەگەر پارەی گەنمی جووتیارانی کوردستان نادەنەوە، فەرمووی گەنمەکانمان بدەنەوە.

سەرۆکی لێژنەی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لە پەرلەمانی کوردستان دەڵێت: لەبارەی ئەوەی چۆن پارەی گەنمی جووتیارانی وەردەگێرێتەوە، ئەو گەیاندە حکوومەتی عێراق و ئەنجوومەنی نوێنەران.

لەبارەی ئەوەی چۆن پارەی گەنمی جووتیارانی کوردستان نادەنەوە، ئەو پەرلەمانتارە گوتی: ئەوە سێ ساڵە پارەی گەنمی جووتیارانی کوردستان نەدراوە و حکوومەتی عێراق بە بڕیارێکی عەبادی رایگرتووە.

سەرۆکی لێژنەی کشتوکاڵ گوتیشی: بیانووی ئەوان ئەوەیە گوایە گەنمی ئۆکرانی لەجیاتی گەنمی کوردستان دراوەتە بەغدا و ئێمەش ڕەتمان کردەوە و پێمان ڕاگەیاندون لێژنەتان هەبووە دەتانتوانی گەنمەکان بناسرێنەوە و کامە گەنمی کوردستانە، کامە گەنمی ئۆکرانیە.

عوسمان کانی کوردەیی گوتیشی: لە لێژنەی کشتوکاڵی پەرلەمانی عێراقەوە بە لێژنەی پەیوەندیدارمان گوتووە ئەگەر پارەی گەنمەکان نادەن، ئەوا گەنمەکان بدەنەوە و وەڵامی ئەوان ئەوە بووە گەنمەکان خوراوە و چاوەڕێ پارەکە بن.

پەرلەمانی کوردستان:

# ئەگەر پارەی گەنمی جووتیاران نادەن گەنمەکان بنێرنەوە



# بەرپرسێ لقێ نۆ: شۆڕشا 26ێ گوڵانێ وانەیەکا وەها دا دوژمنی کو ئەنجام سەرهلدانا بهارا پیرۆزا ساڵ 1991ێ بوو

بهەلکەفتا 43مین سالڤەگەرا شورشا گولانا پێشکەفتنخواز و لدریژەدان ب کارو چالاکییێن لقێ 9 بڤێ هەلکەفتا پیرۆز، ل هولا بارەگایێ لقێ 9ێ و ب بەرهەڤبوونا کارگێر و ئەندامێن لقێ و ناوەندا بلندا لاوان ل ئاکرێ سمینارەک بۆ سەباح بەیتوللا بەرپرسێ لقێ9 سازکر، دڤێ سمینارێ دا بەرپرسێ لقێ گوت: ل شۆڕشا 26ێ گوڵانا ساڵ 1976ێ چریسکا شۆڕشێ گەشبوو و ب ئەمر و فەرمانا ڕێبەرێ نەتەوا کورد مستەفا بارزانی هەلبووڤە و شۆڕشگێر و قەهرەمان و دلسوزێن کوردایەتییێ ل هەمی ڕەخەکێڤە قەستا بەرۆکێت بەرخۆدانێ کرن و شەرێ پارتیزانی گەشبوو و هەمی کوردستان ڤەگرت وگوت: شۆڕشا گولانێ وانەیەکا وەها دا دوژمنی و دربێت وەسا لێدان کو ئەنجام سەرهلدانا بهارا پیرۆزا ساڵ 1991 بوو و رامالینا کوچک و دیوانخانێت زوڵم و زوریێ بوو. ژ تەوەرەکێ دی یێ سمیناریێ بەرپرسێ لقێ بەحسێ بلندێ رولێ گەنج و لاوێن کوردستانێ ب گشتی و نەمازە ئێکەتیا قوتابی و لاوێن دیموکراتا کوردستانێ دڤێ شورەشێ دا کرو ئەو خەبات و ماندیبوون و قوربانییێن وان داین و فەرە ئەڤرو ژی ب هەمان هەلویستا نەتەوی ونیشتیمانی و وەلاتپاریزی بەرەڤانییێ لڤان دەستکەفتیان بکەن کو بەرهەمێ ڕەنج و ماندیبوون و خەبات و تێکوشینێ و قوربانیدان و خوراگریبا ڤی مللەتێ ژارو پەریشانە ب گشتی ونەمازە بەرهەمێ شورشا ئیلونا مەزن و شورشا گولانا پێشکەفتنخواز و هەردەم گەنج و لاو سەنگەرێن پیلایی بوویننە بۆ بەرسینگگرتنا دوژمن و داگیرکەرێن کوردستانێ و دوهی ب چەکی لاوان بەرەڤانی دکر ئەڤرو فەرە ب هزرەکا ڤەکری و ل دژی هزرا تۆندرەو رابوەستن وگەنج و لاوێن مە پتر خوە ب وەلاتێڤە خۆ گرێبدەن.







# پارێزگاری هەولێر لەبارەی هێنانی 100 پاسەکەی دۆسڵدۆرف زانیاری دەخاتەڕوو

پارێزگاری هەولێر رایدەگەیەنێت، ئێستا شاندێک بۆ گفتوگۆ و هێنانی پاسەکانی شاری دۆسڵدۆرفی ئەڵمانیا، سەردانی وڵاتەکەیان کردووە.

نەوزاد هادی، پارێزگاری هەولێر بە باسنیوزی ڕاگەیاندوە: شاندێکی هونەریی پارێزگای هەولێر کە لە بەرێوەبەری گواستنەوە و گەیاندن و چەند ئەندازیارێکی پارێزگا پێکهاتوون، لە دۆسڵدۆرفن، بۆ گفتوگۆکردن لەسەر چۆنیەتیی هێنانی ئەو100 پاسەی کە لەلایەن پارێزگاری دۆسڵدۆرفەوە بۆ هەولێر پێشنیاز کرابوو، لە ساڵی 2018وە سەرقاڵی ئەم بابەتەین و هێشتا پاسەکان نەهێنراون، بەڵام وەک قۆناغی یەکەم 15 پاس دەهێنرێن و ئامادەکاری بۆ ئەوە کراوە.

گوتیشی: بابەتەکە کاتی پێویستە، چونکە دەبێت هێڵ بە هێڵ بیگوازینەوە، دەبێت بۆ ئەو بابەتە کۆمپانیایەک دابمەزرێنێت و ئەو کۆستەر و پاسانەی لەو هێڵەدان، بەشدار بن، نامانەوێ ئەو خەڵکەی لەو هێڵانە کار دەکەن، زەرەرمەند بن، بەڵکو دەمانەوێ هەم گۆڕانکاری بکرێ و هەم خەڵکەکەش بەشدار بن. نەوزاد هادی ڕوونیشی کردەوە: هەولێر بەسەر کۆمەڵێک هێڵ دابەش کراوە، هێشتا بڕیار نەدراوە کە کام هێڵ لە هێڵەکانی 60 مەتری، یان100 مەتری، یان ئیسکان، یان شەقامی کەرکووک هەڵدەبژێرین، بەڵام دوای هاتنەوەی شاندەکەی پارێزگای هەولێر دانیشتنێک لەسەر ئەو بابەتە دەکرێت، تا بزانین دوا ڕوونکردنەوە چییە، هەروەها لەگەڵ سەندیکای گواستنەوە و گەیاندن و شۆفێرەکان قسە دەکرێت.

# گەشتوگوزار: پێشبینی دەکەین لەم جەژنەدا گەشتیارێکی زۆر ڕوو لە هەرێم بکەن



بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتیی گەشتوگوزاری سۆران ڕایگەیاند، هەموو ئامادەکارییەک بۆ پێشوازیکردن لە گەشتیاران کراوە و هەوڵ دراوە لەم جەژنەدا زۆرترین گەشتیار سەردانی هەرێمی کوردستان بکەن.

بارزان محەمەد، بۆ ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان گوتی: بە مەبەستی ئامادەکاری بۆ جەژنی ڕەمەزان، دەستەی گەشتوگوزار لەگەڵ بەڕێوەبەرەکانی گەشتوگوزار کۆبوونەوە، بۆ ئەوەی ئاسانکاری بۆ گەشتیاران بکرێت و زۆرترین گەشتیار سەردانی شوێنە گەشتیارییەکان بکەن.

محەمەد هەروەها دەڵێ: بە هۆی باشبوونی پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغداوە، پێشبینی دەکەین ڕۆژانە گەشتیارێکی زۆر ڕوو لە هەرێمی کوردستان بکەن، هەروەها بەردەوام پەیوەندیمان لەگەڵ کۆمپانیا گەشتیارییەکان هەیە، ئەمەش بۆ ئەوەیە گرووپە گەشتیارییەکان گەشتیاری زیاتر بهێنن بۆ کوردستان.

وەزارەتی تەندروستی:

# با هاووڵاتییان لە کڕینی شەربەتی دەستکرد خۆیان دوور بگرن

گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕایدەگەیەنێت لێژنەکانی چاودێریی تەندروستی بەردەوام چاودێریی بازاڕەکان دەکەن بۆ دڵنیابوون لە جێبەجێکردنی ئەو ڕێنماییانەی لەلایەن وەزارەتی تەندروستییەوە دەرکراون بۆ شوێنەکانی دروستکردنی شەربەتی سروشتی و دەستکرد و هەر شوێنێک سەرپێچی ڕێنماییەکان بکات بەپێی یاسا مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت. د.خاڵس قادر، گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بە باسنیوزی ڕاگەیاندوە: لێژنەکانی چاودێریی تەندروستی بەردەوام چاودێریی بازاڕەکان و شوێنەکانی دروستکردنی شەربەتی سروشتی و دەستکرد دەکەن بۆ دڵنیابوون لە جێبەجێکردنی ڕێنماییەکانی یاسا مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت. گوتیشی: ئەو شوێنانەی شەربەتی دەستکرد بەرهەم دەهێنن و بەنرخی شەربەتی سروشتی دەیفرۆشنەوە بە هاووڵاتییان، فێڵ لە خەڵک دەکەن، بۆیە لەلایەن لێژنەکانەوە ئەو جۆرە شوێنانە سزا دەدرێن بەداخستنی شوێنەکانیان، ئەو شوێنانەش کە شەربەتی سروشتی دروست دەکەن ڕێنماییەکانیان جیاوازە لەو شوێنانەی شەربەتی دەستکرد بەرهەم دەهێنن.



ناوبراو ڕوونیشی کردەوە وەکوو وەزارەتی تەندروستی ڕێنماییمان بۆ هاووڵاتییان ئەوەیە، خۆیان بەدوور بگرن لە بەکارهێنانی ئەو جۆرە شەربەتانەی لە بازاڕەکاندا دروست دەکرێن، بەتایبەتی لە مانگی ڕەمەزاندا کە داواکارییان لەسەر زیاد دەبێت.

جەختیشی کردەوە تا ئێستا لەلایەن لیژنەکانی چاودێری تەندروستییەوە چەندین شوێن بەهۆی پابەندنەبوون بەڕێنماییەکانەوە سزا دراون.

www.xebat.net
ژمارە (5759) 2019/5/28 سێ شەممە

# عەلی حوسێن لە نەخۆشخانە سەردانی سکرتێری حزبی دیموکراتی بەیت نەهرێن دەکات



بەمەبەستی هەواڵپرسین و بەسەرکردنەوەی، عەلی حوسێن بەرپرسی پەیوەندییەکانی کوردستانی و عێراقی پارتی دیموکراتی کوردستان، بە یاوەری بەرپرسی دیسکی پارتە کریستیانەکان و بەرێوبەری ناحیەی عەنکاوە و بەرپرسی ناوچەی عەنکاوە، لە نەخۆشخانە لە شاری هەولێر سەردانی کەسایەتی سیاسی، ڕۆمیۆ هەکاری، سکرتێری حزبی دیموکراتی بەیت نەهرێنی کرد و لەنزیکەوە لە ڕەوشی تەندروستی بەرێزیانی پرسی و هیوای تەندروستییەکی باشی بۆ خواست، هاوکات ئامادەیی بۆ هەر پێویستیەک دەربڕی کە بێتە مایەی تەندروستییەکی باش بۆی.

ئەوەی جێگای ئاماژەکردنە بەهۆی تێکچوونی باری تەندروستی، دوێنێ بەرێزیان کەوتە نەخۆشخانە و لە ژێر چاودێری دایە.

# بەرپرسێ لقا ئێک پێشوازیا پارێزگارێ دهوکێ کر ل بارەگایێ لقێ



ڕەمەزانا پیروز دیسان تەکەز لسەر وێ ئێکێ کر کو قان روژێن داهاتی دا بێن عەرەفات و جەژنێ روژێن خێر و بەرەکەتێ بن بۆ خەلکێ کوردستانێ و ب تایبەتی دلهینییەک و گرنژینەک بیت بۆ مالباتێن شەهیدین سەر بلند. هەروسا بەرپرسێ لقێ سوپاسیا پاریزگاری کر ژ بۆ ل بارەگایێ لقێ سەربەست تروانشی ئەندامێ ئەنجومەنێ سەرکردایەتیا پارتی و بەرپرسێ لقا ئێک پێشوازیا فەرهاد ئەتروشی پاریزگارێ دهوکێ کر.

درینشتنەکێ دا هەردوو ئالیان سوپاسیا خەلکێ پاریزگەها دهوکێ کر ژ بو پێگیری کرنا وان ب ڕێنماییێن هەیڤا وان هاریکارییێن بەرنامێ مەها ڕەمەزانێ، ژ لایێ خوڤە ژی پاریزگارێ دهوکێ دەست خوەشیا بەرپرسی لقێ کر ژ بۆ وی بەرنامێ چر و پرۆ وی د هەیڤا ڕەمەزانێ دا کو شیا دگەل هەمی تەخ و تۆیژێن سەنتەرێ پاریزگەها دهوکێ و سێمێلێ کو چەند دیاری و هاریکاری گەهاندینە وان.

# بەرپرسی لقی 16: پارتی لە پرسە نیشتمانی و نەتەوەییەکانی میللەتەکەماندا هەمیشە پێشەنگ بووە



بەمەبەستی ڕوونکردنەوە و گەیاندنی دواینێ ڕووداو و پێشهاتە سیاسییەکانی کوردستان و ناوچەکە و پرسی پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بەئامادەبوونی بەرپرسانی حزبی و حکوومی و سەربازی و بەشێک لە ڕێکخستنەکانی پارتی و جەماوەرێکی زۆر لەسنوورەکە و، لێژنە ناوچەی بەڕانەتی سیمنارێکی بۆ بڵند ئیسماعیل بەرپرسی لقی16ی هەولێری پارتی دیموکراتی کوردستان ڕێکخست.

سەرەتای سیمنارەکە بە وەستانی خولەکێک بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی سەرجەم شەهیدانی کوردستان سەروەریان بارزانی نەمر و کاک ئیدریسی هەمیشە لەیاد دەستی پێکرد، دواتر بەرپرسی لقی 16 ڕۆشنایی خستەسەر دواینێ ڕووداو و گۆڕانکاری و پەرەسەندنەکانی کوردستان بە تایبەتی و ناوچەکە بە گشتی کە لە گرنگترینیان هەولەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا بەپێی دەستور و کێشەکانی جوتیاران و تەواوی گرفتەکانی ناوچەکانی دوای 16ی ئۆکتۆبەر کە پارتی وەک هێزێکی سیاسی کاریگەری کوردستان لە پرسە نیشتیمانی و نەتەوەییەکاندا هەمیشە پێشەنگ بووە، هەروەها باسی لە کێشە و ململانێکانی نێوان وڵایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و کۆماری ئیسلامی ئێران کە کاریگەری ڕاستەخۆیان کردۆتە سەر ناوچەکە.

# خشتەی دابەشکردنی مووچەی پێش جەژن ئاشکرا دەکرێت



لە وەزارەتی دارایی و ئابووریی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە، خشتەی دابەشکردنی مووچەی ئەو وەزارەتانە ڕاگەیاندرا کە پێش جەژنی ڕەمەزان مووچەیان پێ دەدرێت. بەپێی ئەو خشتەیەی باسنیوز لە وەزارەتی دارایەوە بە دەستی گەیشتووە، بڕیارە ئەمڕۆ سێشەممە 28ی ئایاری 2019 مووچەی مانگی 3ی دیوانی وەزارەتی پێشمەرگە و لیواکان دابەش دەکرێت. هەر بەپێی هەمان خشتە، ڕۆژی چوارشەممە 29ی 5ی2019 مووچەی یەکەکانی 70 و 80ی پێشمەرە دابەش دەکرێت. هەروەها ڕۆژی پێنجشەممە 30ی ئایاری 2019 مووچەی مامۆستایان و فەرمانبەرانی وەزارەتی پەروەردە دابەش دەکرێت. ئەمە لە کاتێکدایە کە دوێنێ، ڕێباز حەملان، وەزیری دارایی لە پرێس کۆنفرانسێکدا دابەشکردنی مووچەی مانگی 3ی پێش جەژن ئاشکرا کرد.

## پرسەو سەرەخۆشی

**ڕۆژنامەنووس و شاعیری بەڕێز کاک بۆتان جەلال**

هەواڵی دواکۆچی دایکی بەڕێزتان خەمباری کردین، بە ناوی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان- دەوە هاوخەمی خۆمان دەردەبڕین و لە ڕێگەی ئێوەی بەڕێزیشەوە پرسە و سەرەخۆشی لە تەواوی خانەوادە بەڕێزەکەتان و خزمان و دۆستان دەکەین.

**گیانی خوالێخۆشبوو ئارام، دواخەم بێت.**

**وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان**

## سوپاس و پێزانین

بەناوی بنەماڵەکەمانەوە پڕ بە دڵ، سوپاسی هەموو ئەو کەس و لایەنانە دەکەین، کە لە هەر دوو ڕێوڕەسمی ناشتن و پرسەی دایکی ڕەحمەتیمان بەشداربوون و بە تایبەتیش بەرپرسانی حزبی و حکوومی و وەزیر و پەرلەمانتار و بەرپرس و کارگێڕانی وەرزشی و ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەوانی و ئەدیبان و کارمەندانی ڕۆژنامەی خەبات و چالاکی قوتابخانەکان و خزمانی ئۆرمزیار و سەرجەم خەڵکی بە ئەمەکی شاری هەولێر و دەوروبەری. خوا پاداشتی هەموو لایەک بداتەوە.

**انا لله وانا الیه راجعون**

**بۆتان جەلال**

**لە جیاتی بنەماڵەی ڕەحمەتی**

# سەیدۆ چەتۆ: باڵیۆزێن سێ دەولەتان دێ قەستا شنگال کەن



سەرۆکێ جڤاتا پاریزگەها مووسل دیار کر ڕۆژا 2019/5/27 نوونەرێن پەرلەمانێ ئەورووپا و دانیمارک و نەرویج دناڤ سەنتەرێ قەزا شنگالێ دێ بەرهەڤ بن بۆ ئەنجامدانا کۆمبوونەکێ ل سەر ئاڤەدانیا شنگال و ڤەگەریانا ژیانێ ل شنگال. سەیدۆ چەتۆ، ڕاگەهاند: هەماهەنگی دناڤبەرا حکوومەتا هەرێما کوردستانێ و حکوومەتا عێراقێ وجڤاکێ نێڤدەولەتی دا هەیە بۆ ئارامیا شنگال وناڤەدانی و ڤەگەریانا خەلکێ شنگال. ئەڤە چەندین کۆمبوون ژی بۆ ئارامیا شنگال و ئاڤەدانیا شنگال هاتنە ئەنجامدان، ئەنجام ژی بەرەڤ باشیێ نە. ئەو مین وتەقەمەنییێن تیرۆرستێن داعش ژی ل شنگال دانایین، دێ زووترین وەخت هەموو هێنە ڕاکرن و ژناڤبرن داکو مەترسی ل سەر ژیانا وەلاتیان دروست نەبیت، دەمێ دزڤرنە ناڤ خانیێن خوە دا. خویا ژی کر: ئەڤڕۆکە ژی سێ باڵیۆز ونوونەرێن دەولەتێن ئەورووپی دگەل نوونەرێن حکوومەتا عێراقێ دێ قەستا شنگال کەن بۆ ئەنجامدانا کۆمبوونەکێ دناڤ سەنتەرێ شنگالێ دا ب مەرەما ئاڤەدانیا شنگال.

دەستپێکردنی پڕۆژەکە و لەسەر شێوازی ڕێگا خێراکانی ئەورووپا دروست دەکرێت و بەشێکی کۆتایی هاتووە.

زانا عوزێری، بەڕێوبەری گشتیی پلاندانان لە وەزارەتی ئاوەدانکردەوە، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاندوە، پڕۆژەی ڕێگای خێرای هەولێر – حاجی ئۆمەران دیزاینەکەی کۆتایی هاتووە و بەپرسێکی حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش دەڵێ، چاوەڕێی وەبەرهێنەرێکن بۆ دەبەستێتەوە، کە ڕێگایەکی زۆر پێشکەوتووی سەردەمیانەیە، ڕێگاکە بەشێکی جێبەجێ کراوە لە هەولێر بۆ قەندیل، بەڵام بەشێکی سەرەکی ماوە لە هەرێمەوە بۆ حاجی ئۆمەران کە 60 کم درێژە.

بەڕێوبەری گشتیی پلاندانان لە وەزارەتی ئاوەدانکردەوە، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاندوە، پڕۆژەی ڕێگای خێرای هەولێر – حاجی ئۆمەران دیزاینی بۆ کراوە و ڕێگاکە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان بە کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە دەبەستێتەوە، کە ڕێگایەکی زۆر پێشکەوتووی سەردەمیانەیە، ڕێگاکە بەشێکی جێبەجێ کراوە لە هەولێر بۆ قەندیل، بەڵام بەشێکی سەرەکی ماوە لە هەرێمەوە بۆ حاجی ئۆمەران کە 60 کم درێژە.

بەڕێوبەری گشتیی پلاندانان لە وەزارەتی ئاوەدانکردەوە، بە ماڵپەڕی فەرمیی دەستپێدەکاتەوە، ئاماژەی بەوەش دا، بڕیاری پشوو بۆ سەرجەم دامودەزگا حکوومییەکانە، جگە لە وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا بەهۆی کارنامەی خوێان و ئەزموونەکانەوە، بەرنامەی خوێان دادەڕێژن.

# ئاگادارییەک لەبارەی پشووی جەژنی ڕەمەزان بڵاودەکرێتەوە

دوێنێ یەکشەممە بەڕێوبەرایەتیی گشتیی ئەزموونەکانی سەر بە وەزارەتی پەروەردەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، ئاگادارییەکی لەبارەی پشووی فەرمیی جەژنی ڕەمەزان بڵاوکردەوە، تێیدا هاتووە: قوتابییانی قۆناغی 12ی ئامادەیی ئاگادار دەکەینەوە، تاقیکردنەوەی زمانی عەرەبی و پەروەردەی ئیسلامی بەپێی خشتەی ئەزموونەکان و لە هەمان ڕۆژی خۆیدا واتە 2019/6/2 ئەنجام دەدرێت و تەنیا ئەو ڕۆژە نابێتە پشوو.

دوێنێ سەفین دزەیی، گوتەبێژی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە پرێس کۆنفرانسێکدا ئاشکرای کرد، پشووی فەرمیی جەژنی ڕەمەزان لە 2019/6/2 تا 2019/6/9 دەبێت، ڕۆژی 2019/6/9 دەوامی فەرمی دەستپێدەکاتەوە، ئاماژەی بەوەش دا، بڕیاری پشوو بۆ سەرجەم دامودەزگا حکوومییەکانە، جگە لە وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا بەهۆی کارنامەی خوێان و ئەزموونەکانەوە، بەرنامەی خوێان دادەڕێژن.

# چل هەزار پەنجە ماسی خرانە بەنداوەکانی کفری و خانەقینەوە

**خەبات ـ سەبریە یوسف:** بەهەوڵی دانیشتوویەکی گەرمیان و دوو ئەندامی ئەنجومەنی پاریزگای سلێمانی، دوێنێ 20 هەزار پەنجە ماسی خرایە ناو هەردوو بەنداوی باوەشاسوار، لەشارۆچکەی کفری سنووری سەر بە ئیدارەی گەرمیان، کە لە ساڵی 2008 دەست بە دروستکردنی کراوە هەروەها بەنداوی ئەڵوەن لە شارۆچکەی خانەقینی ناسراو بە ناوچەی کوردستانی دەرەوەی هەرێم سەر بە پاریزگای دیالە، کە لە 2013دا دروستکراوە. لەوبارەوە، محەمەد شێخ وەهاب، ئەندامی ئەنجومەنی پاریزگای سلێمانی و یەکێک لە سەرپەرشتیارانی پڕۆژەکە، بەخەباتی ڕاگەیاند: بەر لە 2 مانگ، وەک دوو ئەندام ئەنجومەن بەدواداچوونمان کرد بۆ هەردوو بەنداوەکە، بۆمان دەرکەوت پێویستیان بەوە هەیە، پەنجە ماسی زیاتر بخرێتە نێو بەنداوەکانەوە، بۆیە لەسەر داوای ئیدارەی گەرمیان، کۆمپانیای گازپڕۆمی ڕووسی تایبەت بەدەرهێنانی نەوت لە گەرمیان، ئەرکی دابینکردنی ئەو 20 هەزار پەنجە ماسیەی لە ئەستۆ گرتووە.

**خەبات ـ ئالان شەهاب:** بابە چاوش سەرپەرشتیاری خزمەتکار لە پەرستگای لالش بە خەباتی ڕاگەیاند: لە کاتی هاتنی ڕێکخراوی تیرۆرستی داعش بۆ سنووری هەرێمی کوردستان، کاری نۆژەنکرنی لە پەرستگای لالش هاتبوو وەستان لەم چەند ڕۆژەدا دووبارە کار لەم پڕۆژەیەدا دەست پێدەکرێتەوە و کارێکی باش لە پەرستگای لالشدا کراوە و کار لە سەر قۆناغی پێنجەم دەکرێت. بابە چاوش گوتیشی: ماستەرپلانی پەرستگای لالش لە لایەن کۆمپانیایەکی ئەڵمانی دانیدراوە و حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئەرکی نۆژەنکردنەوەی پەرستگا لە ئەستۆ گرتووە. بەو ماستەرپلانەی کە لە لایەن ئەم ڕێکخراوە ئەڵمانییە پلانی بۆ دانراوە بە کۆژمەی 17 ملیۆن دۆلار نۆژەن دەکرێتەوە، لە کاتی هاتنی ڕێکخراوی تیرۆرستی داعش لە ساڵی 2014 کە هێرش کرایە سەر شەنگال و سنووری هەرێمی کوردستان کار لەم پڕۆژە وەستێندرا و ئێمە نەچاربووین لە سەر ئەرکی خێرخوازەکانی ئێزدی و سندووقی میری ئێزدیان مانای ئەوە ناگەیەنێ ڕێگای ئێستا نەمێنێت، مەبەستمە بڵێم هەردوو ڕێگا دەبن بۆ هاتوچۆ و هاوواڵتیان و گەشتیاران دەتوانن بەکاریان بێنن.

عوزێری ئاماژەی بۆ ئەوە کرد: ڕێگای خێرای هەولێر – حاجی ئۆمەران، لەسەر وەبەرهێنەر ماوەتەوە و هەر کاتێک وەبەرهێنەرێک ئامادەیی دەربڕێت بۆ جێبەجێکردنی، ئەوا حکوومەت ئامادەیە بۆ ئەوەی بکەوێتە واری جێبەجێکردنەوە.

بەردەوامی بدەینە نۆژەنکردنەوەی پەرستگای لالش، سوپاسی ئەوانە دەکەین کە هاوکارمان بوون، ئەمە دوو ساڵە قۆناغێکی باش نۆژەنکردنەوە جێبەجێکراوە و لە ئێستادا کار لە سەر قۆناغی پێنجەم دەکرێت، داوا لە حکوومەت دەکەین بەم کارە گەورەیە هەڵبسێت و قۆناغی شەشەمیش جێبەجێ بکات، لە بەر ئەوەی ئێزدییەکان ناتوانن جێگایەکی گەورەی وەک لالش نۆژەن بکەنەوە، چونکە ڕۆژانە لە هەموو جیهان خەڵک سەردانی ئەم پەرستگایە دەکەن.

# دەست بە قۆناغی پێنجەمی نۆژەنکردنەوەی لالش دەکرێت



خەبات
www.xebat.net
سێ شەممە 2019/5/28 ژمارە (5759)



# شۆڕشی 26ی گوڵان، مەشخەڵی ئومێد بوو لە ڕۆژە سەختەکاندا



ڕێبوار حەمەلاو شوانی

بڵێسەی شۆڕشی26ی گوڵان لە قۆناغێکدا هەڵگیرسا کە جۆرێک لە بێئومێدی باڵی بەسەر کوردستاندا کێشابوو، شۆڕشی گوڵان نەک هەر بێئومێدی ڕەواندەوە، بەڵکو ئومێدیشی خستەوە نێو ڕیزەکانی خەبات و گیانی ئازادیخوازانەی خەڵکی تێکۆشەری کوردستان، هەر بۆیە لە سەرەتاکانی هەڵگیرسانی شۆڕشی گوڵاندا، تێکۆشەران و ئازادیخوازانی کوردستان بەوپەڕی گەرموگوڕییەوە بەشدارییان لەو شۆڕشە ئومێد بەخشەدا کرد. شۆڕشی گوڵان بەهێزترین شۆڕشی گەلی کورد بوو، چونکە زۆرترین پارتی سیاسیی کوردی تێدا کۆ کرابوونەوە، مکوڕبوونی گەلی کوردیشی بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی سەلماند و لە ئەنجامیش بەشێکی زۆری ئامانجەکانی ئەو شۆڕشە دەستەبەربوون.

وشۆڕشی گوڵان، تەواوکەری شۆڕشی ئەیلوولی مەزن بوو، کە لە 11ی ئەیلوولی 1961 دەستی پێکرد و بە گەورەترین شۆڕشی گەلی کورد هەژمار دەکرێت لە سەدەی ڕابردوودا، شۆڕشی ئەیلوول ڕاستە لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە بەرپا کرا، بەڵام هەموو گەلی کوردستان بە کورد و پێکهاتەکانەوە بە شۆڕشی خۆیان دەزانی، لە ماوەی ساڵانی شۆڕشی ئەیلوولدا چەندین دەستکەوت بە دەست هاتن، کە گرنگترینیان 11ی ئاداری ساڵی 1970بوو و یەکەم جار بوو لە مێژوودا ڕژێمێک بەو شێوەیە دان بە مافەکانی گەلی کورددا بنێت.

26ی گوڵانی ساڵی 1976 توانرا یەکەم ئاگری بڵێسەی شۆڕش لە شاخەکانی کوردستان، بەتایبەتی لە ناوچەی حاجی ئۆمەران دەستی پێبکرد. هەر لەو کاتەدا توانرا بە هەموو دووژمنانی کورد ڕابگەیەندرێت کە کورد شکستی نەهێناوە و دەتوانێت لە شۆڕشدا بەردەوام بێت، لەگەڵ ئەوەیشدا شۆڕشی گوڵان لە قۆناغێکی زۆر سەختدا هاتە پێش کە ئەوکات دوژمنانی کورد هێزێکی زۆری لەشکری دامەزراندبوو بۆ ئەوەی بتوانێت ڕێگر بێت لە پەرەسەندنی شۆڕشدا. سەرکردایەتیی شۆڕش لەسەر خەباتی خۆی مکوڕبوو، توانی بە شێوەی پارتیزانی بە قوولایی وڵاتدا بسووڕێتەوە، هەروەها شۆڕش توانی لەو کاتە ڕادیۆی دەنگی کوردستانیش دابمەزرێنێت و سەرکردایەتیی شۆڕش توانی سەرکردایەتیی کاتی یش لەناو کوردستان دابمەزرێنێت. کاتێک شۆڕشی مەزنی ئەیلوول بە ڕابەرایەتیی بارزانیی نەمر، بە پاڵپشتیی گەلی کورد بەردەوام لە بەهێزبووندا بوو، بە تایبەتی دوای ڕێککەوتنامەی 11ی ئازاری ساڵی 1970، کە کورد توانی نیوەماڵی خۆی تا ڕادەیەکی زۆر ڕێکبخاتەوە، دوژمنەکانی گەلی کورد دڵنیا بوون کە ناتوانن کورد لەناو ببەن، بۆیە پەنایان بۆ ئەنجامدانی ڕێککەوتنی جەزائیر برد، کە لە نێوان شای ئێران و (سەددام حوسێن)دا مۆر کرا، کە ئەو کات جێگری سەرۆک کۆماری عێراق بوو و سەرۆک کۆماری ئەو کاتی جەزائیر ناوبژیوانی ڕێککەوتنەکە بوو، بە هۆی ئەو ڕێککەوتنە شۆڕشی ئەیلوول تووشی نسکۆ بوو و گەلی کورد تا ڕادەیەکی زۆر تووشی نائومێدی بوو، بۆ ڕەواندنەوەی ئەو نائومێدییە و وەک درێژەپێدەری شۆڕشی ئەیلوول، بە فەرمانی (بارزانیی نەمر) و بەسەرپەرشتیی (سەرۆک بارزانی) و (کاکە ئیدریس)ی هەمیشە زیندوو، لەو ساتە هەستیارەدا شۆڕشی گوڵان بەرپا بوو، کە گشت ناحەزانی کوردی سەرسام کرد و ئومێدێکی گەورەشی بە گەلەکەمان بەخشی.

دروستبوونی حکوومەتی هەرێم و ئەو ئازادییەی ئەمڕۆ ئێمە تێیدا دەژین، بەرهەمی ئەو شۆڕشەیە، کە هیچ وڵاتێکی دونیا ئامادەنەبوو پێشوازی لە ئێمە بکات، ئەمڕۆ ئێمە لە زۆربەی دانیشتنەکاندا بەشدارین، کە لە کاتی شۆڕشی گوڵان گەلی کورد بێجگە لە خوا و ئەو هیوایەی هەیانە هیچی دیکەیان نەبوو، کە ئەو کات هەموو جیهان پشتگیرییان لە حکوومەتی عێراق دەکرد، بۆیە دەستکەوت و سەروەرییەکانی شۆڕشی گوڵان زۆرن و بریتین لە دەستکەوتەکانی ئێستا و سەرکەوتنەکانی ڕابردووی گەلەکەمان، چونکە ئەوەی کە ئێستا هەمانە بە ڕەنجی پێشمەرگە و خۆڕاگریی خەڵکی کوردستان و خوێنی شەهیدەکان و بەرهەمی شۆڕشی گوڵان هاتووەتە دی. دەستکەوتەکانی شۆڕشی گوڵان زۆرن، لە سەرووی هەموویانەوە ڕاپەڕینە شکۆدارەکەی بەهاری 1991، کە ئەمەیش لە ڕێگەی ئەو یەکڕیزی و تەبایی و گیانی تێکۆشانەی خەڵکی کوردستان بوو، کە شۆڕشی گوڵان لە پێناویدا هەڵگیرسا.

پارتی و بەتایبەتی سەرۆک بارزانی، وەک ئەندازیاری فکری خەباتی هاوبەش، کارێکی باشی کرد بەرەی کوردستانی دروست بوو، دەبێت هەموو لایەنەکان ئیمان بە خەباتی هاوبەش بهێنن، توانی بەربەستەکانی کوردستان بشکێنێت و قۆناغی پارتیزانی یش زیاتر بکات، کە تا ئێستایش ئەو حکوومەتەی دروستبووە بەرهەمی بەشداری و هاوبەشیی ئەو لایەنانەیە کە بەردی بناغەیان لە ناوەڕاستی شۆڕشی گوڵاندا بۆ دانرا.

شۆڕشی گوڵان بە ڕابەرایەتی و ڕێنوێنیی بارزانیی نەمر لە سەردەمێکدا هەڵگیرسا، نائومێدی باڵی بەسەر کوردستاندا کێشابوو، دوژمن وایدەزانی دوای نسکۆ شۆڕش بەرپا ناکرێتەوە و پێشمەرگەش شاخەکانی کوردستان نابیننەوە، بەڵام لە ماوەیەکی زۆر کەمدا دوای ڕێککەوتن و خیانەتی جەزائیر، پێشمەرگە قارەمانەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بە ڕێبەرایەتیی بارزانیی نەمر و بەشداریی سەرۆک بارزانی و شەهید ئیدریس بارزانی، بڕیاری هەڵگیرساندنی شۆڕشیان دەرکرد لە سنوورێکی دیاریکراوی کوردستاندا". پێشمەرگە لە شۆڕشی گوڵاندا ئەو پەیامەیان گەیاندە دوژمن، کە ئێمە پێشمەرگەین و ماوین و هەر دەمێنین، کە بووە شۆک بۆ دوژمنانی کورد و شۆڕشی گوڵان درێژەی کێشا تا ڕاپەڕینی بەهاری 1991ی لێ بەرهەم هات، چونکە ڕاپەڕینی جەماوەریی کوردستان بە پاڵپشتیی هێزی پێشمەرگە بەرهەمی شۆڕشی گوڵانە.

شۆڕشی گوڵان هەمان گەوهەری شۆڕشی ئەیلوول بوو، بەڵام لە ڕووخساردا لەو شۆڕشە جیاواز بوو، چونکە بە شێوە و تەکنیک و بزاوتێکی نوێتر هاتە کایەوە، لە شۆڕشی گوڵان، جگە لە پارتی، حزبە کوردستانییەکانی دیکەی لە خۆ کۆکردبووەوە، بۆیە شۆڕشێکی سەرکەوتوو بوو، توانی کۆمەڵێک دەستکەوتی گرنگ بۆ گەلی کوردستان مسۆگەر بکات، دوژمنانی کورد هیچ بیریان لەوە نەدەکردەوە کە شۆڕشی کوردی سەرهەڵبداتەوە و پێشمەرگە بێتەوە چیاکانی کوردستان، بۆیە شۆڕشی گوڵان ئومێدێکی گەورەی بۆ خەڵکی کوردستان گەڕاندەوە و ترسێکی گەورەیشی لە دڵی دووژمنان دروست کرد. لە ئێستاشدا و دوای تێپەڕاندنی چوار ساڵی پر کێشە و قەیران و جەنگ، ئەرکی هەموو هێز و لایەنە سیاسییەکانە بە ڕووحییەتێکی کوردایەتیی پتەو پارێزگاری لە گشت دەستکەوتەکان بکەن و لە هەمانکاتیشدا پاڵپشتی پەرلەمان ، سەرۆکایەتی هەرێم و حکوومەتی کوردستان بن لە پێناو بونیاتنانی کوردستانێکی بەهێز ،چونکە دەسکەوتەکانی دوێنێ و ئەمڕۆ و سبەی بەرهەمی خەبات و قوربانیدانی شۆڕشە یەک لەدوای یەکەکانی کوردستان تا شۆڕشی 26ی گوڵان.

## 43 هەمین ساڵیادی شۆڕشی گوڵانی

# شۆڕشی گوڵان درێژە پێدەری شۆڕشی مەزنی ئەیلوول بوو



محەمەد عەلی

پێویستە هەموو یادەوەرییە مێژووییەکانی گەلەکەمان یادیان بکرێتەوە و بەرز و بەرێز ڕابگیرێن، بۆ ئەوەی نەوەی تازەپێگەشتووی گەلەکەمان لەو فیداکاری و ماندووبوونەی لایەنی سیاسی و تێکۆشەران لێی بەئاگابن، کە بە قۆناغێکی زۆر سەختدا تێپەڕ بوون و ئازار و ئەشکەنجەی زۆریان کێشاوە، بۆئەوەی ڕۆژێکی بەختەوەری و سەرفرازی بۆ گەل و نیشتمان و نەوەکانی دوای خۆیان دابین بکەن.

بۆیە بەپێویستی دەزانم لە یادی هەڵگیرساندنی شۆڕشی 26ی گوڵان تیشکێک بخەمە سەر چەند خاڵ و لایەنێکی ئەم بابەتە، بەڵام پێویستە لەڕووی زانیاری و بابەتی و مەیدانییەوە شرۆڤەی ئەگەر و ئەنجام و ئامانجەکانی شۆڕشی 26ی گوڵان بکرێ لەڕووی:

**یەکەم:** بڕیاردانی شۆڕشی گوڵان لەچ کات و ساتێکدا و گەلی کورد لەچ هەل و مەرجێکدا بوو؟

**دووەم:** ئەو بڕیارە بۆ درا لەو کات و ساتەدا؟

**سێیەم:** چۆن ڕوویدا؟

**چوارەم:** بەرهەمەکانی بۆ گەلی کورد چی بوون؟

شۆڕشی گوڵان درێژە پێدەری شۆڕشی مەزنی ئەیلوول بوو ، لەبەر ئەوەی ئەرکی شۆڕشی گوڵانی کەوتە سەرشانی کەسایەتی و سیاسەتمەدار و کادر و فەرماندە و پێشمەرگەکانی شۆڕشی ئەیلوولی مەزن بە ڕابەرایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرکردایەتی بارزانی، هەروەک چۆن سەرکردایەتی و ڕابەرایەتی شۆڕشی ئەیلوولیان کرد . دەتوانین بڵێین شۆڕشی ئەیلوول بەردەوام بوو، درێژەیدا بە بەرنامەکانی و هەمان بەرنامە و هەمان ناوەرۆک بەڵام بە قۆناغ و ناوێکی تر.

هەڵگیرساندنی شۆڕشی گوڵان لە 26 /5/ 1976 یەک ساڵ و دوومانگ و بیست ڕۆژ دوای ڕێککەوتننامەی جەزائیر بوو. ئەو ڕێککەوتننامەیە لەڕۆژی 6/3/ 1975 لە جەزائیر لە نێوان ڕژێمی ئێران و عێراق واژۆکرا بۆ بەخشینی بەشێک لە خاکی عێرا ق بە ئێران، بریتی بوو لە کەنداوی عەرەبی و چەند کیلۆمەترێک لە خاکی عێراق بەدرێژایی سنووری نێودەوڵەتی (ئێران – عێراق) . لە بەرامبەردا ئێران هاوکار و پشتیوان بێت بۆ لەناوبردنی شۆڕشی کورد و لەسەر چەند خاڵ و برگەیەک ڕێککەوتن بەچاودێری سەرۆکی جەزائیر و نوێنەری ئەمریکا، ڕێکەوتننامەکە لەلایەن سەدام حسێن و شای ئێران مۆرکرا . ئەمەش بووە ئەگەری ئەوەی بۆ ماوەیەکی کاتی شۆڕش تووشی شڵەژان ببێت، بەڵام هەرزوو سەرکردایەتی شۆڕش جەنابی مەلامستەفا بارزانی بڕیاریدا بە ڕێکخستنەوە و جۆشدانی شۆڕش، بۆ ئەم مەبەستە هەردوو سەرکردە (شەهید ئیدریس بارزانی و مسعود بارزانی) بۆ ئەم ئەرکە ڕاسپێران، ئەم دووسەرکردەیەش فەرمان و ڕێنماییەکانی بارزانییان جێبەجێ کرد و لە ئەنجام شۆڕش بەردەوام بوو و ئەم قۆناغەی شۆڕش بە شۆڕشی گوڵان ناونرا.

### هۆکارەکانی هەڵگیرساندنی شۆڕشی گوڵان:

1- هەلو مەرجی کوردستان لەکاتی هەڵگیرساندنی شۆڕشی گوڵان زۆر جیاوازی هەبوو لەگەڵ هەلومەرجی دامەزراندنی شۆڕشی ئەیلوول ، ماوەیەکی کەم بوو شۆڕشی ئەیلوول تووشی نسکۆ ببوو، کورد زۆر نائومێدبوو لە ڕوودانی ئەو کارەساتە دڵتەزێنە و ڕژێمی عێراق هێندە غروربوو کە بەو هەموو شەرمەزاری و خیانەتەی لە خەڵکی عێراقی کرد و بەشێکی زۆری خاکی عێراقی دا بە ئێران، پێی وابوو جارێکی تر شۆڕش و کوردایەتی دروست نابێتەوە و دەتوانن هەموو دەسەڵاتی خۆیان بەکاربێنن بۆ سەرکوت کردنی کورد، هەروەها زۆربەی خەڵک چەکەکانیان ڕادەستی ڕژێم کردبوو لە عێراق و ئەوانەشی بەرەو ئێران ڕۆیشتبوون چەکەکانیان تەسلیم بە ئێران کردبوو، تەنها هەندێ کەسانی بیر تیژ و چاوقایم لە گوندەکان چەکەکانیان شاردبۆوە بەنیازی ئەوەی ڕۆژێک دادێ شۆڕش دروست دەبێتەوە .

### 2-بۆ ڕوویدا؟

ڕژێمی عێراق کەوتە ئازار و ئەشکەنجەدانی تێکۆشەرانی شۆڕش و کوردایەتی بۆ چاوشکاندن و ترساندن نمونەش:

* گرتن و تۆقاندنی تێکۆشەران و لێپرسینەوە و داواکردنی چەک لێیان کە لەلایەن جاسوس و زۆڵە کوردەکانەوە دەستنیشان دەکران .
* چاودێرییەکی توند لەسەر تێکۆشەران لەلایەن پیاوانی ئەمن و ئیستیخبارات لە جموجۆڵیان.
* دروستکردنی شانە و ڕێکخستنی بەعس لەشار و هەموو گوندەکان .
* دانانی موختار لە هەموو گوندەکان بە ڕەزامەندی بەڕێوەبەری ئەمن و بەڕێوەبەری ناحیە و برینەوەی موچە بۆیان بە بری 30 دیناری عێراقی لەبەرامبەردا چاودێری و جاسوسی بۆ ئەمن بکەن .
* دامەزراندنی تۆڕی سیخوڕی لەچەند خۆفرۆش و نەفس نزمێک لەناو کۆمەڵگا.
* بەزۆرکردن بە بەعس بەتایبەت چینی فەرمانبەران و مامۆستایان .
* دوورخستنەوەی کادرانی سیاسی و سەربازی و ئیداری بەخێزانەوە بۆ خوارووی عێراق .
* دەستگیرکردنی بەسەدان کەس و ڕەوانەی بەندینخانەکان کران .
* دوورخستنەوەی هەموو ئەو کوردانەی کە لەبەشی سەربازی و پۆلیسدابوون و بەشدارییان لە شۆڕشداکردبوو .
* دامەزراندنی فەرمانبەران لە دام و دەزگاکان بە پشتگیری ئەمن .
* تێکۆشەرانی شۆڕش و پارتی لەبارودۆخێکی زۆر خراپدابوون لەژێر دەسەڵاتی ڕژێم .
* بەڵام ئەو تێکۆشەر و دڵسۆزانەی پارتی و شۆڕش لەلایەن جەماوەری کوردستان زۆر بەرێز و گەورە حسابیان بۆ دەکرا .

### 3- چۆن ڕوویدا؟

جەنابی مەلامستەفا بارزانی و کاک ئیدریس بارزانی و کاک مەسعود بارزانی، زۆر باش ئاگاداری ئەو بارودۆخە نالەبارە بوون کە لە کوردستان دەگوزەرا و بێ ڕێزی بە دڵسۆزان و تێکۆشەران لە کەسایەتی سیاسی و کادران و فەرماندە و پێشمەرگە و دڵسۆزانی کوردایەتی دەکرا.

جەنابی بارزانی لەگەڵ بەڕێزان کاک ئیدریس و کاک مەسعود کۆدەبێتەوە و لێکدانەوەیەک بۆ ئەو بارودۆخە نالەبارە دەکەن ، جگەلەوەش هەر لە بەرنامەی جەنابی مەلامستەفادا هەبووە درێژە بە شۆڕش و خەبات و تێکۆشان. لە کۆبونەوەکە کاک ئیدریس و کاک مەسعود ڕادەسپێرێ کە بەهەماهەنگی و هاوکاری هەموو ئەو کادیرە سیاسی و سەربازییانەی شۆڕشی ئەیلوول دەبێ بەزووترین کات چارەسەرێکی ئەو بارودۆخە نالەبارەی کوردستان بکەن ، بەڕێزیان کەوتنە چاوپێکەوتنی ئەو کەسایەتیە سیاسی و ڕۆناکبیر و سەربازیانەی کە ڕوحی بەردەوام بون و بەرگرییان هەیە .

هەرچەندە لەوکاتەدا چاوپێکەوتن و کۆبوونەوە لە ئێران ئاسان نەبوو، چونکە دەزگای ساواک چاودێرییەکی بەهێزی تێکۆشەرانی دەکرد. لەدوای هەوڵ و ماندووبوونێکی زۆر بڕیاردرا سەرکردایەتییەکی کارا دروست تاکو هەلی بەستنی کۆنگرە دێتە پێشەوە ، بەوشێوەیە سەرکردایەتی کاتی دامەزرا و بڕیاری دروست کردنی دوو هەرێم درا هەرێمی یەک بۆ ناوچەی (بادینان) هەرێمی دوو بۆ سنوری ( سلێمانی – کەرکووک ) بۆ ڕێکخستنەوەی پارتایەتی و کۆکردنەوەی کادران و فەرماندە و پێشمەرگەکانی شۆڕشی ئەیلوول بۆئەوەی دۆستانی کوردایەتی تێبگەیەنن شۆڕشی کورد و کوردایەتی بەئیرادەی سەرۆک (مستەفا بارزانی) و خۆراگری گەلی کورد بەهیچ پلانێکی دوژمنان کۆتایی نەهاتووە و بەردەوام دەبێ تاکۆتایی و گەیشتن بەسەرفەرازی.

هاوکات زەنگێکی بەهێزیش بوو بۆ دوژمنانی کورد کە پیلانەکەیان شکستی هێناوە و ڕژێمی عێراق لەو یارییە دۆڕاوە.

لەمانگی 5ی1976 دکتۆرکەمال کەرکووکی بەنوێنەرایەتی سەرکردایەتی هاتە ناوچەی مەرگە و سەردانی حاجی فەقێ ئیسماعیل یاخیانی کردبوو، نامەی جەنابی کاک ئیدریسی بۆهێنابوو کە دکتۆرکەمال نوێنەر و نێردراوی سەرکردایەتی ئێمەیە و دەبێت هاوکاری بکەن, حاجی فەقێ ئیسماعیل بەهەموو توانایەوە لەگەڵ خزم وکەسوکاری هاوکاربوون و لەڕێگای بەڕێزیەوە دکتۆرکەمال چاوی بەزۆرێک لە کادرانی حزبی و سەربازی کەوت و داوای دەست بەکاربوونەوەی لێکردن.

خەڵکی سنوورەکە ئەوەندە لە هەڵسوکەوتی نالەباری پیاوانی ڕژێم نیگەران بوون، چاوەڕوانی ڕۆژێکی ئاوهایان دەکرد، لەماوەیەکی زۆرکەمدا ئەودڵسۆزانەی کە چەکەکانیان شاردبۆوە دەریان هێنا و بوون بەپێشمەرگە بەبێ بەرامبەر، چونکە دکتۆرکەمال کە هاتە ئەو سنوورە نەچەکی هێنابوو نە پارەی هەبوو، بەڵام ماڵی دڵسۆزان و کەسایەتییەکانی سنوری گوندەکانی جافایەتی هەموو دەرگایان کراوە بوو لەشێوەی بارەگاکانی پارتی.

ڕژێمی عێراق کە ئاگاداری جموجۆڵی هێزەکانی پارتی بوو لەسنوورەکە، بڕیاریاندا دووفەوجی سەربازییان لەشەوی 25/لەسەر26ی1976/12 لەسەربازگەی دوکانەوە بەڕێکرد بەرەوگوندەکانی جافایەتی بۆئەوەی توانای هێزی پێشمەرگە تاقی بکەنەوە، ئەوەبوو لەبەرەبەیانی ڕۆژی

1976/12/26

شەڕلەنێوان سوپای عێراق و هێزی پێشمەرگە ڕوویدا. لەیەکەم ساتی شەڕەکە دکتۆرکەمال برینداربوو، شەهید (بایزعەبدوڵلا ) کە لەگەڵ دکتۆرکەمال بوو، لەشەڕەکەدا مایەوە و سەرپەرشتی شەڕەکەی کرد و شەڕەکە تاوەکو ڕۆژئاوابوون بەردەوام بوو لەناوگوندی شارەستێن زیاتر لە (100) سەرباز و ئەفسەری هەواڵگری فەوجەکە لەوشەڕە کوژران بەڵام هێزی پێشمەرگە هیچ زیانی نەبوو. لەدوای ڕۆژئاوابوون بەداخەوە هەڤاڵ (عەبدوڵلا) برای شەهید بایز بەدوای سەربازێکدا دەڕوات و داوای خۆبەدەستەوەدانی لێدەکات، لەبەردەم ماڵێک کە چەند سەربازێکی تێدابوو تەقەیان لە هەڤاڵ عەبدوڵلا کرد و شەهیدبوو، تەرمەکەی لەبەردەم ماڵەکەدا بەجێما ، هەڤاڵ بایز بەرەو شوێنی ڕوداوەکە دەڕوات بۆئەوەی تەرمی شەهید عەبدوڵلا ڕزگار بکات، بەڵام ئەویش شەهیدبوو. دواتر پۆلێک لەفەرماندەی تێکۆشەر هەوڵیاندا جەنازەکان ڕزگار بکەن بەڵام بەداخەوە هەموویان شەهیدبوون وەکو: 1- مەمەند ڕەسول مەمەنداوەیی 2- حەمەڕەش یاخیانی 3-عەلی ئیسماعیل هەوارەبەرزەیی

4- مەحمود حەمە مەحمود کانیتوەیی.

هەر لەوشەوەدا برایەکی کاک نەسرەدین بەناوی عەبدولوەهاب شەهیدبوو خۆیشی برینداربوو. بۆ بەیانی چەند کۆپتەرێک هاتنە سەر ئاسمانی ناوچەکە و، سەربازەکانی سوپای بەعس لە ماڵەکان هاتنە دەرەوە و ئەو هاوڵاتیانەی کە لەگوند مابوون لاشەی ئەفسەر و سەربازەکانیان پێ کۆکردنەوە و بەکۆپتەر گواستیاننەوە و دواتر خەڵکەکەیان بەرەو دەرەوەی گوندەکە برد و بەکۆمەڵ گولەبارانیان کردن ، کەبەوهۆیە(13) شەهیدی هاوڵاتی و (21) بریندار هەبوون وەلەهەمان ڕۆژدا(حاجی مەلاڕسوڵ) ئیمامی گوندەکەیان لەماڵەکەی خۆی هێنا دەرەوە و گولەبارانیان کرد. بەگشتی شەهیدانی پێشمەرگە بریتی بوون لە (7) شەهید و شەهیدانی هاووڵاتی(13) شەهید و(3) برینداری پێشمەرگە و (21) برینداری مەدەنی .

ئەم داستانە داستانێکی مێژوویی بوو، یەکەم بەرەنگاربوونەوەی پێشمەرگەبوو لەگەڵ سوپای عێراق لەدوای نسکۆ.

جەنابی (مەسعود بارزانی) لەساڵی 2003 لەدیدارێکیدا لەگەڵ کەسوکاری شەهیدانی داستانی شارەستێن فەرمووی شۆڕشی ئەیلوول شۆڕش نەبوو داستانی (زاویتە) کردی بەشۆڕش، شۆڕشی گوڵانیش شۆڕش نەبوو داستانی (شارەستێن) کردی بەشۆڕش.

### 4- بەرهەم و دەستکەوتەکانی شۆڕشی گوڵان:

داستانی شارەستێن ڕژێمی عێراقی تێگەیاند کە شۆڕش و بەرخۆدانی کوردان کۆتاییان بەپیلان وترساندن و ڕاونان هێناوە بۆیە ناچاربوون ڕای خۆیان بگۆڕن وەکو:

* ئازادکردنی بەندکراوەکان کە لەسەر بیروڕای سیاسی دەستگیرکرابوون.
* گێڕانەوەی هەموو ئەو کادیر و فەرماندانەی بەخێزانەوە ڕاگوێزرابوون.
* وازهێنان لەلێپرسینەوە و گرتنی دڵسۆزان.

# عێراق لە بەردەم تەحەدایەکی سیاسی نێوخۆیی و دەرەکی گەورەدایە



ناسر هەرکی*

دوای هەڵبژارنەکانی خولی چوارەم عێراق لەبەردەم گۆڕانکاری و ڕاگوزەری سیاسی مەزندایە، کاریگەری حکومەتەکانی پێشتر هێشتان لەسەر کابینەی نوێدا هەر ماون بەشێوەیەک هێشتان دەیانەوێ لەسەر حسابی کورد کێشە بۆ کابینەی نوێی سەرۆک وەزیران دروست بکەن ئەمەش لە کاتێکدایە ئێستا لە هەموو دۆخەکانی پێشووتر ڕەوشی سیاسی و پەیوەندی هەوڵێر و بەغدا زۆر بەرەو پێش چووە.


هەرچەندە هێشتان کابینەی بەرێز عادل عەبدولمەهدی ملی نەداوە بۆ ئەو فشارانە، بەڵام کۆمەڵێک گرووپ کە بەرژەوەندییان لە کێشە و گرفتدایە دەیانەوێ لەسەر چەند ئەجیندایەک کار بکەن لەوانە دروستکردنی کێشەوگرفتی سیاسی لە نێوان هەوڵێر و بەغدا لە ڕێگەی ئەو گرووپانەی کەسەر بە وڵاتانی ئیقلیمین بەم دواییانەش لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم دەیانەوێت ئەو کەلێنە دروست بکەن بە بەکارهێنانی ڕەوشێکی ئەمنی و عەسکەری کە هەوڵ دەدەن پێکدانانی سەربازیش ڕووبدات، بێگومان ئەو ئەجیندایانە دیارن و دەزانین کام گرووپ و هێزی ئیقلیمی لە پشتیانە، بەڵام دەبێت عێراق بە تایبەتی سەرۆک وەزیران بە توندی ڕێگری لەو هەوڵانە بکات. لە ئێستادا کە پاڵپشتی سیاسی و میللی هەیە و کوردستانیش بە هەموو هێزیەوە پاڵپشتی دەکات، هەنگاوەکانی ئاسایبکردنەوەی دۆخی سیاسی لە نێوان هەرێمی کوردستان و عێراق هێندە ئاسان نەبوو بە تایبەتی دوای ئەوەی پێکدانانی سەربازی ڕوبدا، بەڵام خۆشبەختانە ڕەوشێکی سیاسی نوێ هاتووەتە ئاراوە کە جێگەی ڕەزامەندیی عێراقییەکان و دۆستەکانیەتی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دۆخی مەترسیدار لە هەندێ ناوچەی عێراقدا هەن گەر لۆژیکیانە مامەڵەی لەگەڵ نەکرێت بەرەو خراپتری دەبەن وەکو کەرکووک و خانەقین و ناوچەکانی سونە بە گشتی، ئەمەش بە هۆی مامەڵەی خراپی بەشێک لە هێزەکانی دەرەوەی سیستەمی بەرگری نیشتمانی کە هێشتان دەسەڵاتی سەربازی نیشتمانی عێراقی ناتوانێ کۆنترۆڵیان بکات و لە چەندەها گرووپ پێکدێن کە بێگومان هەرکاتێک بەرژەوەندی ئەو هێزانە کەوتە بەر مەترسی ئەوان تاکە شتێک کە پەنای بۆ دەبەن نائارامییە، وەکو ئەوەی کە ئێستا دەبینین کە سەرەکیترین هەوڵیان نانەوەی فیتنەی نەتەوەیی و مەزهەبی و نەژادیە لە نێوان پێکهاتەکانی عێراقدا.

لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش مەترسییەکانی سەر عێراق کەم نین بە تایبەتی گرژییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کێشەی نێوان ئەمریکا و ئێران کە من وای بۆ دەچم کێشەی نێوان هەردوو وڵات تەنها کێشەی چەکی ناوەکی نییە بەڵکو ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی هەژموونی ئێران بە مەترسی لەسەر بەرژەوەندییەکانیان دەزانن لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە دیاریکراوی لە عێراقدا، لە ڕاستیدا ئێرانیش قۆناغەکی ستراتیژی جەماوەری و سیاسی و عەسکەری لە عێراقدا هەیە کە تاوەکو ئێستا ئەمریکا نەیتوانیوە ڕێگری لێ بکات و زۆریش ئەستەم دەبێت لە ڕۆلی ئەو وڵاتە کەم کاتەوە بەم شێوەیەی ئێستا، ئەو هەنگاوانەی کە ئیدارەی ترامپ هاوێشتی ناساندنی بەشێک لە هێزی وڵاتانی ئیقلیمی بەتیرۆر و دواتریش هەموو ئەو گرووپانەی کە لە ڕێگەی ئەوانەوە تەمویل دەکرێن ئەگەر ئەو هەوڵانە سەر بگرن بێگومان کێشەی زیاتر لە عێراق ڕوودەدەن کە پێکدانانی سەربازی بە دوور نازانرێت ئەم ئەگەرە مەترسی زیاتر دەخاتە سەر عێراق و هەرێمی کوردستان بۆیە پێویستە سەرۆک وەزیران و سەرکردە سیاسییەکانی عێراق ژیرانە مامەڵە لەگەڵ ئەو بارودۆخە بکەن و چیتر گەلانی عێراق نەخەنە بەردەم ئاینده‌یەکی نادیار کە ئێستا زۆر ماندووبوونە و دوای شەڕی داعش و کابینەی نوێ خەریکە کەمێک دەحەسێنەوە.

کێشەکانی عێراق هێندە ئاسان نین بتوانرێت بە ئاسانی چارەسەر بکرێن عێراق جگە لە کێشە ناوخۆییەکانی گیرۆدەی دەستێوەردانی نێودەوڵەتی بەردەوامە کە خەریکە زلهێزەکان گرەو لەسەر بردنەوەی عێراق دەکەن، جگە لە کێشە سیاسییەکانی ئەو وڵاتە کێشەی نەتەوەیی و مەزهەبی و دیمۆگرافی هێنده زۆرن کە وەک بەرمیلی باروت وایە هەر کاتێک سیاسییەکان بیانەوێ قولتری دەکەنەوە، ئەوکاتەش ڕێگە بۆ دەستێوەردانی دەرەکی ئاسان دەبێت، کێشەکە تەنها سیاسەت نییە بەڵکو پەیوەندی بە هۆشیاری سیاسیی کۆمەڵگەی عێراقیشەوە هەیە، لە میژووی عێراقدا کەم سیستەم و دەسەڵات و سەرکردە هەبووە بەبێ خوێن ڕشتن گۆڕەپانی سیاسی چۆڵ کردبێ کە هەموو ئەمانەش دەگەڕێتەوە بۆ عەقڵییەتی سەرکردە و حزبی سیاسی و هۆشیاری گەلانی عێراق، هەر ئەمەش وای کردووە کە وڵاتانی دەرەکی و زلهێزەکان هەمیشە لەو کەناڵەوە هاتوونەتە نێو گەمەی سیاسیی عێراق وەکو کە ئێستا دەیبینین.

تێپەڕاندنی هەموو ئەو مەترسیانە و بە بەرەنگابوونەوەی ئەو ئەگەرانە و گەڕانەوەی عێراقییەکان و سەرکردەکانیان بۆ بەرژەوەندی نیشتمانی دەتوانرێت هەموو ئەو هەوڵانە لەبار ببەن کە دەبنە هۆی لاوازکردنی عێراق و لێک هەڵوەشاندنەوەی پێکەوەژیان کە ئەمانەش بەردی بناغەی سەقامگیری سیاسین و هۆکاریشن کە ئەو وڵاتە خاوەن سەروەری خۆی بێت، دەبێت بۆ ئەو هەنگاوانە سەرۆک وەزیران ڕۆڵی سەرەکی خۆی بەهێزەوە بگێڕێ لەوانەیە لە پەرلەمان و ناوەندەکانی تر کێشەی بۆ دروست بکرێت، بەڵام بۆ هەر هەنگاوێکی نیشتمانی بە پێی دەستور دەتوانێت پاڵپشتی میللی و سیاسی بەدەست بێنێ بە تایبەت لە لایەن کورد و سوننەوە لە ئەگەری دورکەوتنەوە لە هەر بنەمایەکی نیشتمانی و پشتگوێخستنی دەستور پێم وایە دۆزەخێکی تر لە عێراق دکرێتەوە کە ئەمجارە ناوچەکە و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە تەواوی دەسوتێنێ.





شێخ جمیل شێخ عوسمان بەرزنجی


## کەمترین زیان و گەورەترین دەسکەوت

بەدرێژایی میژوو کورد چەوساوە و زوڵم لێکراو بووە بەدەست عەرەبی شۆڤێنی و دەوڵەتانی دراوسێ. من نازانم بەرژەوەندیی وڵاتانی زلهێز لەچی دایە کە هەمووکات پیلان ئەگێڕن و دژایەتی خەونی گەلی کورد دەکەن و ڕابەرەکانی بەدرێژای میژووی کوردستان ئاوارەی کەڕ و کێو وڵاتان دەکەن هەرلە موئامەرەی سایکیس بیکۆ هەتا ئێستا لەم جۆرە پیلانە ناڕەوایانە بەردەوامن نازانم خەتای خۆمانە یان پیلان گێڕییە یان نەگبەتین، خوای گەورە ڕەحم و بەزیی بە کوردا هاتووە دوابەدوای ئەم هەموو کارەساتەی کە بەسەر گەلەکەمان هاتووە هەرلەئەنفال و کیمباران و دەربەدەری و ئاوارەبوون هەتا ئەوکاتی حکوومەتی فاشی سەدام لەناو چوو، بەڵام ئێستا دەرفەتێکی زێڕین هاتۆتە کایەوە کەچی خۆمان ناکۆکین و هەندێکمان خۆخۆرین لەهەموو سەیرتر هەندێ کەس بەژەوەندیی خۆیان خستووەتە پێش بەرژەوەندیی گەل و کوردستان، چەندین جار سەرکردایەتی کورد چوونە بغداد بۆ جێبەجێکردنی دەستور کە زۆرینەی ئەو بڕگانەی تیدایە کە لە بەرژەوەندیی کوردن جێبەجێ ناکەن و پابەندی نابن وەک مادەی (140) و بو دەچی پێشمەرگەو ....هتد. هەموو ئەو بڕگانەی لەلایەن عەرەبە شۆڤێنیەکانەوە پێشێل کراون زۆڕ لەداوی زۆڕ و ساڵ لەدوای ساڵ ئامادەنەبوون مافی گەلی کورد جێبەجێ بکەن. هەربۆیە بەڕێز(مسعود بارزانی) بەبڕیارێکی کوردانە و مەردانە هەموو جیهان و بغدای ئاگادار کردەوە و وتی پرسیار لەگەلەکەم دەکەم بۆ (ڕیفراندۆم) چیتر خەڵک تەحەمولی نەماوە لەژێردەستی شۆڤێنی بمێنێت بۆیە هەموو بەیەک دەنگ بە بەڵێ وەڵامیان دایەوە لە (9/25)دا ئەوەی جێگای داخە هێشتا ماندووبوونی خەڵک نەڕەویوەتەوە کەچی خەڵکێکی خۆفرۆش و خاک فرۆش ئەنجامەکانی ڕیفراندۆمەکەیان خستە مەترسییەوە بۆ ئەوەی میللەت و هەرێمەکەمان بخەنە مەترسییەوە، ئەمە کارێکی نەخوازرا و بوو و قێزەوەن بوو بەڵام ئەوەی مایەی دڵخۆشییە بۆ گەلی کورد پیلانەکە سەری نەگرت و خۆشبەختانە بارودۆخی کوردستان بەرەو بەهێزتر بوون دەڕوات.

شایەنی باسە (مسعود بارزانی) هەر لەسەرەتای خەباتیەوە زۆر بەهۆشیاری هەوڵی داوە کەمترین زیان بگاتە گەل و زۆرترین دەسکەوت بۆ خەڵکی کوردستان بەدەست بهێنێت وەک وڵاتێکی بەهێز و دەستوورێکی تۆکمە.



# عێراق هی کامیانە



سازان وەهاب

ئەوەی زۆر جێگەی مشتومڕ و هەڵوەستەیە لەم تووندبوونەوەی ململانێیەی نێوان ئەمریکا و ئێران، عێراقە وەک جێگە نفوزی بەهێزی ئێران و عێراقە بەناو دیموکراسیەکەی ئەمریکایە، کە بە ئاسانی لەنێوان دوو بژاردەی سەختدا بژاردەی دووەمی هێشتەوە، ڕوخاندنی حوکمڕانیەکەی سەدامی سوننە و بەخشینی ئەو وڵاتە بە ئێران و دەسەڵاتێکی شیعە مەزهەبی سەر بە ئێران.


ئەنجامی ئەو بژاردەیە وەک دەگوترێت هەڵەی پاشەکشەی هێزەکانی ئەمەریکا بوو کە دەسەڵاتی ئێرانی بەهێزتر کرد و گۆڕەپانەکەی بە تەواوی پێشکەش بە ئێران کرد، لەگەڵ ئەوەشدا بەرپرسە سەربازییەکانی ئەمەریکا دەڵێن: ئێران و هێزە میلیشیاکانی سەر بەو وڵاتە بەشی زۆری کردەوە چەکداریەکانی دژ بە هێزەکانمان لە عێراق ئەنجام دەدرا لەژێر پەردەی قاعیدە و گروپە تووندڕەوەکان، واتا جەنگەکە لە ناو خاکی عێراق دەمێکە وەک ئاگرێک هەڵگیرساوە.

لە ئێستادا لەبەرئەوەی عێراق ناتوانێ خۆی لەبەردەم هەژموونی ئێران و ئەمەریکا دەرباز بکات، ناچار بەشێک دەبێت لە شەڕەکە، وەک ئاماژەیش دەکرێت بەشێکی لە هێزەکانی حەشدی شەعبی لە ئامادەباشین و بەرپرسە سەربازییەکانی عێراق بەتایبەتی لە ڕیزەکانی حەشدی شەعبی دەڵێن: عێراق دەکەین بە قێتنامی دووەم بۆ هێزەکانی ئەمەریکا. ئەم هەڕەشەیە خاوەن ناوەڕۆکێکی قوڵترە، لەسەرزاری بەرپرسە سەربازییەکانی حەشدی شەعبیەوە دەگوترێ، بەڵام پەیامێکی ئێرانیە نەک عێراقی. هاتنە لە ناکاوەکەی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا مایک پۆمپیۆ بۆ عێراق هەمان بابەت بوو، ئاخۆ عێراق دەبێتە لایەنگری سەرەکی، ئایا عێراق ئەو چەکە بەکاردەهێنێت کە ئەمریکییەکان بە هەر ڕێگەیەک بێت پێیانی بەخشیوە؟ بەڵام دەگوترێ بەهۆی لاوازی سەرکردایەتی عێراق، پۆمپیۆ بە دەستبەتاڵی گەڕاوەتەوە و تەنیا هۆشداریەکەی سەبارەت بە هێزەکانیان لە عێراق وەرگیراوە کە لە ئەگەری هەر هێرشێک بۆ سەر هێزەکانیان زیان بە عێراق دەگەیەنرێت.

ئەم دۆخەی عێراقی تێدا تێپەڕ دەبێت، سەختترین دۆخە، لەلایەک هەژموونی ئێران لە وڵاتەکەیدا هێندە بەهێزە بەهیچ ڕێگەیەک مەحاڵە لێدەربازبێت، لایەکەی دیکە ئەمەریکایە کە دەستی بە مانەوەی عێراق گرتووە و ئەو جۆرە هەڵوێستە میدیایانە هیچ لەو دۆخە سەختە ناگۆڕێ کە گوایە عێراق ڕۆڵی عێراقیانە دەگێڕێت و نابێتە بەشێک لە عێراقەکەی ئێران و عێراقەکەی ئەمەریکا، ئەمە خۆهەڵخەڵەتاندنێکە هیچ لەو بابەتە ناگۆڕێ، چونکە بەشی زۆری هێزە عێراقییەکان بە فەرماندەیی هێزە ئێرانییەکانەوە بەستراوەتەوە، بنکە و بارەگای سەرەکی ئێران لە سەرجەم شارەکان بەتایبەتی شیعە مەزهەبییەکان ئەگەر زیاتر نەبێ لە هی عێراقییەکان کەمتر نییە. هەروەک لایەنی بازرگانیش کە ئێران سودمەندی یەکەمی بازاڕی عێراقە و کۆنترۆڵی زۆرینەی دابینکردنی پێداویستییەکانی ڕۆژانەی هاوواڵتیانی عێراقی کردووە.

ئەگەر ئەو بۆچوونەش ڕاست بێت، ئەمریکا خوازیارە هاوپەیمانێتییەکی نێودەوڵەتی بەدەوڵەتانی عەرەبی و عێراقییەوە دژ بەم هەژموونەی ئێران دروست بکات و بەشداریان پێ بکات، ئەوا عێراق دۆخەکەی دەبێتە ئێرانی دووەم، چونکە وەک پێشتر وتمان هەژموونی ئێران هێندە لاواز نییە لە عێراقدا کە حکوومەت بتوانێ خۆی بڕیار بدات و بێدەنگ بێت یاخود بچێتە پاڵ ئەمەریکا.

لەو ڕوانگانەوە و بەپێی لێکدانەوەکانیش، عێراق زیانمەندی یەکەمی ئەم تووندبوونەی نێوان ئەمریکا و ئێرانە و بەڕەسە بالاکانی عێراقیش لاوازترین و بێ ئیرادەترین کەسانن وەک چۆن دامەزراوەکانیان لە هەمان دۆخن، بۆیە عێراق وەک مەقاشەکەی لێهاتووە و لە ئایندەیشدا دەردەکەوێ عێراق هی کامیانە.



سوورە مەرگەیی

## 1

## نێچرڤان بارزانی و ئەرکی تازەی

پرسیاری گەرمی ڕۆژ ئەوەیە نێچیرڤان بارزانی لە ئەرکی تازەی وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەرکەوتوو دەبێت یان نا؟ وەڵامی ئەو پرسیارە دەمانگێڕێتەوە بۆ ڕابردوو، چونکە وەڵامی پرسیارەکە دوو لایەنی هەیە، لایەنێکیان پەیوەندی بە هێز و توانا و کارامەیی کاک نیچیرڤان بارزانییەوە هەیە و ئەویش لە ڕابردوودا سەلماندوویەتی کە توانای بەڕێوەبردنی ئەو ئەرکەی هەیە، لایەنەکەی تریش پەیوەندی بەوەوە هەیە حزب و لایەنەکانی تر تا کوێ هەست بە بەرپرسیارێتی نەتەوەیی و هەستیاری قۆناغەکە دەکەن و هاوکار و هەماهەنگی دەبن، یان وەک چەند ساڵی ڕابردوو کێشە و گرفت دروست دەکەن؟!

کاتێک سەرۆک بارزانی پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستانی وەرگرت، قەیران لە دوای قەیران و پیلان لە دوای پیلان ڕوویان لە کوردستان کرد، ئەوە قەیرانی دارایی و بڕینی مووچەی فەرمانبەران و بودجەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، ئەوە شەڕ فرۆشتنی بەغدا و هەڕەشەکانی نوری مالیکی بۆ داگیرکردنی کەرکووک و گەڕانەوە بۆ هەولێر و سلێمانی و دهۆک، ئەوە سەرهەڵدانی داعش و پەلامارەکانی بۆ سەر کوردستان و زۆر قەیرانی تر، لە دروست کردنی هەموو ئەو قەیرانانەش دەستی پیلانگێڕانی ناوخۆیان لە پشت بوو، وەک ئەوەی بڕینی مووچەی فەرمانبەرانی کوردستان و بودجەی حکوومەتی هەرێم، کە لەسەر پێشنیاری بەرپرسێکی باڵای ناو حزبێکی دیاریکراوی کوردی بوو، هەڕەشەی نوری مالیکی بۆ داگیرکردنەوەی کەرکووک و گەڕانەوەی بۆ هەولێر و سلێمانی دهۆک، کە ئەویش بە هاندانی بەرپرسێکی باڵای ناو هەمان حزب بوو.

هاوکات لەگەڵ دروست کردنی ئەو قەیرانانەش چەند لایەنێک بێ لەبەر چاوگرتنی بوونی ئەو قەیرانانە و مەترسی کەوتنە سەر حکومەتی هەرێم و دەستکەوتەکانی خەڵکی کوردستان، لەسەر ئاستی ناوخۆی کوردستان و عێراقی و هەرێمی و نێودەوڵەتی کەوتنە پیلانگێڕان، ئەوە پیلانگێڕی ٢٣ی حوزەیران و کودەتاکەی ناو پەرلەمان، ئەوە ئاژاوە نانەوەی سەر شەقام و پەلامارادانی بارەگاکانی پارتی، ئەوە بایکۆت و پەکخستنی پرۆسەی پەروەردە و کەرتی تەندروستی، ئەوە ڕاکردنی بەرپرس و پەلەمانتارانی ئەو حزبانە بۆ ئەورووپا و ناو زۆراندنی حکومەتی هەرێم و هێزی پێشمەرگە و زۆر پیلانگێڕی تریش، هەموو ئەو پیلانگێڕیانەش ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ پشتیوانی بوون لە پەلامارەکانی داعش و بیانوو گرتنەکانی بەغدا و هەڕەشەکانی نوری مالیکی، چونکە لەو کاتەدا سەرۆک بارزانی وەک سەرۆکی هەرێم لە خەمی پاراستنی کوردستان و بە ڕەواندنەوەی مەترسییەکانی داعش و بیانووگرتنەکانی بەغدا و هەڕەشەکانی نوری مالیکییەوە خەریک بوو، بەڵام ئەو حزب و لایەنانە لە هەوڵی ئەوەدا بوون چۆن بە مەرامە حزبییەکانیان بگەن لەکاتێکدا گەیشتن بە مەرامە حزبییەکانیان بەو ڕێڕەوەی دیاربیان کردبوو کورد و سەنگەرەکانی بەرگری پێ لاواز دەبوون.

سەرۆک بارزانی بۆ تێپەڕاندنی قەیرانەکان و پاراستنی دەستکەوتەکان و بنیاتنای داهاتوویەکی دوور لە مەترسی، لەو قۆناغەدا کۆدەنگی ناو لایەنەکان و گوتاری نەتەوەیی و یەکخستنی ناوماڵی کوردی بە پێویستییەکی میژوویی زانی، بۆ ئەو مەبەستەش لە ڕۆژی ١٨/٥/٢٠١٥ کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ سەرجەم حزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان ئەنجامدا، ئامانجی سەرۆک بارزانی لەو کۆبوونەوەیە پێکهێنانی ئەنجوومەنێک بوو بۆ سەرپەرشتی کردنی بەڕێوەچوونی ریفراندۆم و بەرەنگاربوونەوەی مەترسییەکان و هەر پێشهاتێکی تر کە بێتە پێش، بەڵام چەند لایەنێک خۆیان لەو ئەرکە نەتەوەیی و نیشتمانیە دزییەوە و ژێربەژێر لەگەڵ داگیرکارانی کوردستان سەرقاڵی پیلانگێڕان بوون، ئەو پیلانگێڕییەش بەسەر چەند قۆناغێکدا دابەش کراو و دوا قۆناغی لە ١٦ی ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠١٧ دژ بە دەنگ و بڕیاری خەڵکی کوردستان ئەنجام درا، لایەنی ئەنجامدەر دیار بوو، بەڵام لایەنەکانی تریش وەک ڕازی بوون بەو پیلانگێڕیە بێدەنگییان هەڵبژارد و وەک پشتیوانی و ڕەواییدانیش بەو پیلانگێڕیە، داوای دادگایی کردنی ئەو کەس و لایەنانەیان دەکرد کە بە ئەنجامدانی پرۆسەی ریفراندۆم هەستاون و دەنگ و بڕیاری خەڵکی کوردستانیشیان بە سەفەت ناو دەبرد.

ئەو لایەنە سیاسیانە ئەوەندەی دژایەتی کردنی هەڵوێستە نەتەوەییەکانی (سەرۆک بارزانی)یان بەلاوە گرنگ بوو، ئەوەندە دژایەتی کردنی داگیرکارانی کوردستانیان بەلاوە گرنگ نەبوو، لە هەموو کێشەکانی نێوان کورد و داگیرکارانی کوردستاندا وەک ئەوان دەدوان و وەک ئەوانیش هەڵوێستیان دەنواند، بۆ ئەوەی پیلانەکانیشیان کاریگەر بن، کورد گوتەنی لەگەڵ گورگ گۆشتیان دەخوارد و لەگەڵ مەڕیش شینیان دەکرد، لە ژووری تاریکەکان و لەگەڵ دوژمنان پیلانیان دادەڕشت و لە شەقامیش بۆ بنیاتنانی دیموکراسی و بژێوی خەڵک دەگریان، بەڵگەش بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییە پیلانی هەڵوەشانەوەی حکوومەتی هەرێم و دامەزراندنی حکومەتێکی (ئینقاز)یان دادەڕشت کە لە بەشی دووەمی ئەم باسەدا زیاتر تیشکی دەخەینە سەر.

وون بوون

مەنەفێست بەناوی کۆمپانیای لۆلۆژۆ البخیت جۆری ئۆتۆمبێل شانغان ایدو صالون ٤ بستۆن ئۆتۆماتیک ئۆتۆمبێل صالون ڕەنگ سور مۆدێل ٢٠١٩ ژمارەی ئۆتۆمبێل ١٦٤٨٢ کاتی سلێمانی ژمارەی شاصی: LS5A2AEE7KA960242 وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

مەنەفێست بەناوی شرکە مافدار جۆری ئۆتۆمبێل حادلة عجلە حدیدیە مۆدێل ٢٠٠١ ژمارەی ئۆتۆمبێل ٨٩٣٨٦ کاتی ژمارەی شاصی ١٠٨١٠٣٢١٠٠٣ وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

مەنەفێست بەناوی شرکە هبة جۆری ئۆتۆمبێل مارسیدس راس تریلە مۆدێل ٢٠١٠ ژمارەی ئۆتۆمبێل ٨٩٩٦ کاتی ژمارەی شاصی WDB9440321L447542 وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

مەنەفێست بەناوی شرکە شڤان اکرم جۆری ئۆتۆمبێل حفارة زنجیر فیات هیتاشی حجم کبیر مۆدێل ١٩٩٨ ژمارەی ئۆتۆمبێل ٢٣٣٧٢ کاتی ژمارەی شاصی 1986K-HE280LC وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

مەنەفێست بەناوی شرکە سرباز یوسف رمضان جۆری ئۆتۆمبێل شفل تایر فولفو حدیدیە مۆدێل ٢٠٠١ ژمارەی ئۆتۆمبێل ٨٦٥٦٠ کاتی ژمارەی شاصی L90DV17777 وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

بەرزەبون

ناسناما سەندیکا ئەندازیارێن کوردستانێ لقێ دهوك بناڤێ (رقیب عبدالقادر حسین) ژمارە (٤٠١) یا بەرزەبوی هیڤی دارین هەر کەسەکێ دیتبێت بلا پەیوەندیێ بڤێ ژمارێ بکەت(٠٧٥٠٤٥٤٥١١٧)

***

وون بوون

پسوولەی شارەوانی ٤ هەولێر ژمارەی پسوولە ٠٣٩١١٨٤ ڕێکەوت ٢٠١٥/١٢/١٣ بەبری ٥٠٠٠٠٠ هەزار دینار بەناوی خالدە عبداللە عمر وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

دائرة الکاتب العدل اربیل الاولی
شعبة الانذار و الحجز
العدد: ١٩٥١/٧
التاریخ: ٢٠١٩/٥/٢٦
نشر الانذار
المنذر: (هوراز محمد فاضل)
المنذر الیه: (لؤی جاسم قاسم)
قد وجه الیك الانذار المرقم (١٢٩/١٩٥) فی (٢٠١٩/٥/١٥) من قبل السید (هوراز محمد فاضل) لغرض عزلکم من الوکالة الخاصة المرقمة بالعدد العمومی (٨٠٣٠) السجل (٤١) فی (٢٠١٨/٦/٥) الصادرة من دائرة کاتب عدل عینکاوة بما انك مجهول الاقامة حسب اشعار مختار محلة ٩٩ زانکو و ماموستایانی زانکو فی اربیل قی (٢٠١٩/٥/٢٦) لذا ننشر لکم و بشکل رسمی فی جریدتین یومیتین.
شوان فوزی زکی
عن کاتب عدل الاول
فی دائرة الکاتب العدل اربیل / الاولی

***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی خانووبەرە بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی دووەمی هەولێر
هۆبەی/ یاسایی
ژمارە/ ٣٠٨٤
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٥/٢٠
جاردان
بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی دووەمی هەولێر لە ڕێگای زیادکردنی ئاشکرا (المزایدە العلنیە) هەڵدەستێتێ بە فرۆشتنی مولکی ژمارە (٩٢/١٤٠٤) کەرتی ٤٥ وارش) کە تۆمارە بەناوی قەرزار (فاضل رسول حمد) و بارمتەی خاوەتەسەر بۆ بەرژەوەندی خاوەن قەرز (مصرف الشرق الاوسط العراقی) لە جیاتی قەرز بری پارە (١٠١٠٠٠٠٠٠) سەدو یەك ملیون دینار و تەواوی زانیاری لەسەر مولکەکە لە خوارەوەی ئەم (جاردانە) نووسراو هەرکەسێك ئارەزووی بەشداری بوونی هەیە با سەردانی بەڕێوەبەرایەتیەکەمان بکات لە ماوەی (٣٠) سی ڕۆژ لە ڕۆژی دوایی بلاوکردنەوەی ئەم جاردانە و زیادکردنە کە لەبەڕێوەبەرایەتیەکەمان ئەنجام دەدرێت لە کاتژمێر (١٢) دوانزەی نیوەڕۆ بۆ زانین کریار بڕوانامەی عیراقی و ١٠٪ خەملێنراوی مولکەکە لەگەڵ خۆیدا بهێنێت ڕەسمی تۆمارکردن و کرێی جارچی لەسەر کریارە.
بەڕێوەبەر/ خسرۆ سعید ادم
بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی دووەمی هەولێر
زانیاری لەسەر مەلکەکە/
خاوەن قەرز (مصرف الشرق الاوسط العراقی)
- خاوەن مولك (فاضل رسول حمد)
- جۆری مولك (ملك صرف)
- ڕووبەر (٢٠٠م٢)
- ژمارەی مولك (٩٢/١٤٠٤) کەرتی ٤٥ وارش)
شوێنی مولك (هەولێر/ گەرەکی مهاباد/ نزیك مزگەوتی شهید عبدالواحد/ شوێنەکەی دەکەوێتە سەر شەقامی ١٠م)
- پێکهاتەکەی/ ثلاثة غرف و مطبخ و حمام و مرافق الصحیة تحتانی و غرفتین و حمام و مرافق فوقانی.

***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی خانووبەرە بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی دووەمی هەولێر
هۆبەی/ یاسایی
ژمارە/ ٣٢٠٦
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٥/٢٢
جاردان
بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی دووەمی هەولێر لە ڕێگای زیادکردنی ئاشکرا (المزایدە العلنیە) هەڵدەستێتێ بە فرۆشتنی مولکی ژمارە (١٥١/٧٢) کەرتی ٤٥ وارش) کە تۆمارە بەناوی قەرزار (سامی صابر اسماعیل) و بارمتەی خاوەتەسەر بۆ بەرژەوەندی خاوەن قەرز (مصرف الشرق الاوسط العراقی) لە جیاتی قەرز بری پارە (١٩٥٥٠٠٠٠٠) سەدو نەوەت و پێنج ملیون و پێنج سەد هەزار دینار و تەواوی زانیاری لەسەر مولکەکە لە خوارەوەی ئەم (جاردانە) نووسراو هەرکەسێك ئارەزووی بەشداری بوونی هەیە با سەردانی بەڕێوەبەرایەتیەکەمان بکات لە ماوەی (٣٠) سی ڕۆژ لە ڕۆژی دوایی بلاوکردنەوەی ئەم جاردانە و زیادکردنە کە لەبەڕێوەبەرایەتیەکەمان ئەنجام دەدرێت لە کاتژمێر (١٢) دوانزەی نیوەڕۆ بۆ زانین کریار بڕوانامەی عیراقی و ١٠٪ خەملێنراوی مولکەکە لەگەڵ خۆیدا بهێنێت ڕەسمی تۆمارکردن و کرێی جارچی لەسەر کریارە.
بەڕێوەبەر/ خسرۆ سعید ادم
بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی دووەمی هەولێر
زانیاری لەسەر مەلکەکە/
خاوەن قەرز (مصرف الشرق الاوسط العراقی)
- خاوەن مولك (سامی صابر اسماعیل)
- جۆری مولك (ملك صرف)
- ڕووبەر (٢٦٠م٢)
- ژمارەی مولك (١٥١/٧٢) کەرتی ٤٥ وارش)
شوێنی مولك (هەولێر/ گەرەکی راپەرین/ نزیك مزگەوتی قادریە شهید/ شوێنەکەی دەکەوێتە سەر شەقامی ١٠م)
- پێکهاتەکەی/ نهۆمی سەر زەوی گەراج و ژوریك و حمام و مرافق لە نهۆمی یەکەم دوو ژوورو مطبخ و هۆل و حمام و مرافق لە نهۆمی دووەم دوو ژوورو حمام و مرافق هەمووی لەبلۆك و کۆنکریت دروستکراوە.

***

دادگای هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ - یەك
ژمارە: ٣٨٩
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٤/٢٩
ژمارەی کێشە: ٢٠١٨/١٥٥
جاردان
بۆ/ تاوانباری هەڵاتوو/پ.پ٤/ محمد اوصمان احمد
ناوی دایکی: دغیلا محمد
ڕاگەیاندنی بریاری دادگایی پاشملە
١- لەبەر ئامادەنەبوونت لەبەرامبەر ئەم دادگایە وە تەواوبوونی ماوەی دیاری کراو بۆ ئامادەبوونت بەپێی بەندی ٦٨ لە یاسای شێوازی دادگایی کردنی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە ١٧ی ساڵی ٢٠٠٨ وە لەبەر ئەوەی تاوانی هەڵاتنت ئەنجام داوە لە ڕێکەوتی ٢٠١٨/٧/١٥ لەبەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی پارێزگای دهۆك بۆیە دادگایی کردنت پاشملە کرا لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٤/٢٤ بەپێی بەندی ٦٩ لە هەمان یاسا وە ئاگادارت دەکەینەوە بەپێی بەندی ٧١ لە هەمان یاسا بەو بریارەی لە خوارەوە هاتووە:
٢- سزادانت بەبەندکردنێکی سووك بۆ ماوەی ٤ چوار مانگ بەپاشملە بەپێی بەندی (٥) لەیاسای سزادانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە ١٤ی ساڵی ٢٠٠٨.
٢- دەست بەسەر داگرتنی سامانە گواستراوە و نەگواستراوەت بەپێی بەندی ٦٩/ چوارەم لە یاسای شێوازی دادگایی کردنی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە ١٧ی ساڵی ٢٠٠٨ .
٣- ماف دان بەفرمانی گشتی بەگرتنت لە هەر شوێنێك بیت بەپێی بەندی ٦٩/ دووەم لە یاسای شێوازی دادگایی کردنی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە ١٧ی ساڵی ٢٠٠٨
٤- جەخت کردنەوە لەسەر هاوۆلاتیان بە ئاگادارکردنەوەی شوێنی خۆشاردنەوەت پاڵپشت بەبەندی بەبەندی ٦٩/ سێیەم لەیاسای شێوازی دادگایی کردنی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە ١٧ی ساڵی ٢٠٠٨ وە بریاری سزادانەکەت بەبێ ئامادەبوونت بەتێکڕای دەنگ دەرچووە وە تێگەیاندرا بە ئاشکرا لە ٢٠١٩/٤/٢٤ وە قابیلی پێداچوونەوەیە تەمییز ە وە مافی ڕەخنەگرتنت الاعتراض ت هەیە بەپێی بەندی ٧١ لە هەمان یاسا لەسەر بریاری سزادانی پاشملە تاکو ماوەی ٩٠ نەوەت ڕۆژ لە ڕێکەوتی ئاگادارکردنەوەت ئەویش ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی ئەم بریارەیە لە ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە وە هەڵدەواسرێت لە ئەم جاردانەیە کە هەڵدەواسرێت لەشوێنی نیشتەجێ بوونی دوایت و شوێنی بارەگای فەرمانگەکەی خۆت, وە لە کاتی ئامادەنەبوونت لەو ماوەیەی کەلەسەرەوە دیاریکراوە بریارەکە پلەی کۆتایی وەردەگرێت.
عەمیدی ماف پەروەر
سەرۆکی دادگا

***

دادگای هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ - یەك
ژمارە: ٤٨٧
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٥/٢٢
ژمارەی کێشە: ٢٠١٨/٧٠
جاردان
بۆ/ تاوانباری هەڵاتوو/رائدی پۆلیس/ سعدیە علی مارف
ناوی دایکی: هیبة عبدالله
ڕاگەیاندنی بریاری دادگایی پاشملە
لەبەر ئامادەنەبوونت لەبەرامبەر ئەم دادگایە وە تەواوبوونی ماوەی دیاری کراو بۆ ئامادەبوونت بەپێی بەندی ٦٨ لە یاسای شێوازی دادگایی کردنی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە ١٧ی ساڵی ٢٠٠٨ وە لەبەر ئەوەی تاوانی هەڵاتنت ئەنجام داوە لە ڕێکەوتی ٢٠١٦/١٠/٢٢ لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی تۆندوتیژی دژی ئافرەتان بۆیە دادگایی کردنت پاشملە کرا لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٥/٢١ بەپێی بەندی ٦٩ لە هەمان یاسا وە ئاگادارت دەکەینەوە بەپێی بەندی ٧١ لە هەمان یاسا بەو بریارەی لە خوارەوە هاتووە:
١- سزادانت بەبەندکردنێکی سووك بۆ ماوەی ٤ چوار مانگ بەپاشملە بەپێی بەندی (٥) لەیاسای سزادانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە ١٤ی ساڵی ٢٠٠٨.
٢- دەست بەسەر داگرتنی سامانە گواستراوە و نەگواستراوەت بەپێی بەندی ٦٩/ چوارەم لە یاسای شێوازی دادگایی کردنی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە ١٧ی ساڵی ٢٠٠٨ .
٣- ماف دان بەفرمانی گشتی بەگرتنت لە هەر شوێنێك بیت بەپێی بەندی ٦٩/ دووەم لە یاسای شێوازی دادگایی کردنی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە ١٧ی ساڵی ٢٠٠٨
٤- جەخت کردنەوە لەسەر هاوۆلاتیان بە ئاگادارکردنەوەی شوێنی خۆشاردنەوەت پاڵپشت بەبەندی بەبەندی ٦٩/ سێیەم لەیاسای شێوازی دادگایی کردنی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە ١٧ی ساڵی ٢٠٠٨ وە بریاری سزادانەکەت بەبێ ئامادەبوونت بەتێکڕای دەنگ دەرچووە وە تێگەیاندرا بە ئاشکرا لە ٢٠١٩/٥/٢١ وە قابیلی پێداچوونەوەیە تەمییز ە وە مافی ڕەخنەگرتنت الاعتراض ت هەیە بەپێی بەندی ٧١ لە هەمان یاسا لەسەر بریاری سزادانی پاشملە تاکو ماوەی ٩٠ نەوەت ڕۆژ لە ڕێکەوتی ئاگادارکردنەوەت ئەویش ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی ئەم بریارەیە لە ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە وە هەڵدەواسرێت لە ئەم جاردانەیە کە هەڵدەواسرێت لەشوێنی نیشتەجێ بوونی دوایت و شوێنی بارەگای فەرمانگەکەی خۆت, وە لە کاتی ئامادەنەبوونت لەو ماوەیەی کەلەسەرەوە دیاریکراوە بریارەکە پلەی کۆتایی وەردەگرێت.
عەمیدی ماف پەروەر
سەرۆکی دادگا

***

دادگای هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ - یەك
ژمارە: ٤٠٣
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٤/٣٠
ژمارەی کێشە: ٢٠١٩/١٤
جاردان
بۆ/ تاوانباری هەڵاتوو/ر.پ٧/ صفا اسماعیل محمد ابراهیم
ناوی دایکی: نرمین احمد
ڕاگەیاندنی بریاری دادگایی پاشملە
لەبەر ئامادەنەبوونت لەبەرامبەر ئەم دادگایە وە تەواوبوونی ماوەی دیاری کراو بۆ ئامادەبوونت بەپێی بەندی ٦٨ لە یاسای شێوازی دادگایی کردنی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە ١٧ی ساڵی ٢٠٠٨ وە لەبەر ئەوەی تاوانی هەڵاتنت ئەنجام داوە لە ڕێکەوتی ٢٠١٨/٩/٢١ لەبەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای هەولێر بۆیە دادگایی کردنت پاشملە کرا لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٤/٣٠ بەپێی بەندی ٦٩ لە هەمان یاسا وە ئاگادارت دەکەینەوە بەپێی بەندی ٧١ لە هەمان یاسا بەو بریارەی لە خوارەوە هاتووە:
١- سزادانت بەبەندکردنێکی سووك بۆ ماوەی ٤ چوار مانگ بەپێی بەندی (٥) لەیاسای سزادانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە ١٤ی ساڵی ٢٠٠٨.
٢- دەست بەسەر داگرتنی سامانە گواستراوە و نەگواستراوەت بەپێی بەندی ٦٩/ چوارەم لە یاسای شێوازی دادگایی کردنی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە ١٧ی ساڵی ٢٠٠٨ .
٣- ماف دان بەفرمانی گشتی بەگرتنت لە هەر شوێنێك بیت بەپێی بەندی ٦٩/ دووەم لە یاسای شێوازی دادگایی کردنی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە ١٧ی ساڵی ٢٠٠٨
٤- جەخت کردنەوە لەسەر هاوۆلاتیان بە ئاگادارکردنەوەی شوێنی خۆشاردنەوەت پاڵپشت بەبەندی بەبەندی ٦٩/ سێیەم لەیاسای شێوازی دادگایی کردنی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە ١٧ی ساڵی ٢٠٠٨ وە بریاری سزادانەکەت بەبێ ئامادەبوونت بەتێکڕای دەنگ دەرچووە وە تێگەیاندرا بە ئاشکرا لە ٢٠١٩/٤/٣٠ وە قابیلی پێداچوونەوەیە تەمییز ە وە مافی ڕەخنەگرتنت الاعتراض ت هەیە بەپێی بەندی ٧١ لە هەمان یاسا لەسەر بریاری سزادانی پاشملە تاکو ماوەی ٩٠ نەوەت ڕۆژ لە ڕێکەوتی ئاگادارکردنەوەت ئەویش ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی ئەم بریارەیە لە ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە وە هەڵدەواسرێت لە ئەم جاردانەیە کە هەڵدەواسرێت لەشوێنی نیشتەجێ بوونی دوایت و شوێنی بارەگای فەرمانگەکەی خۆت, وە لە کاتی ئامادەنەبوونت لەو ماوەیەی کەلەسەرەوە دیاریکراوە بریارەکە پلەی کۆتایی وەردەگرێت.
عەمیدی ماف پەروەر
سەرۆکی دادگا

***

دادگای هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ - یەك
ژمارە: ٤٠٢
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٤/٣٠
ژمارەی کێشە: ٢٠١٩/٩
جاردان
بۆ/ تاوانباری هەڵاتوو/ر.پ١/ سپهان حبیب حسین
ناوی دایکی: رحان عثمان
ڕاگەیاندنی بریاری دادگایی پاشملە
لەبەر ئامادەنەبوونت لەبەرامبەر ئەم دادگایە وە تەواوبوونی ماوەی دیاری کراو بۆ ئامادەبوونت بەپێی بەندی ٦٨ لە یاسای شێوازی دادگایی کردنی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە ١٧ی ساڵی ٢٠٠٨ وە لەبەر ئەوەی تاوانی هەڵاتنت ئەنجام داوە لە ڕێکەوتی ٢٠١٨/١/٣٠ لەبەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی پارێزگای دهۆك بۆیە دادگایی کردنت پاشملە کرا لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٤/٢٤ بەپێی بەندی ٦٩ لە هەمان یاسا وە ئاگادارت دەکەینەوە بەپێی بەندی ٧١ لە هەمان یاسا بەو بریارەی لە خوارەوە هاتووە:
١- سزادانت بەبەندکردنێکی سووك بۆ ماوەی ٤ چوار مانگ بەپێی بەندی (٥) لەیاسای سزادانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە ١٤ی ساڵی ٢٠٠٨.
٢- دەست بەسەر داگرتنی سامانە گواستراوە و نەگواستراوەت بەپێی بەندی ٦٩/ چوارەم لە یاسای شێوازی دادگایی کردنی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە ١٧ی ساڵی ٢٠٠٨ .
٣- ماف دان بەفرمانی گشتی بەگرتنت لە هەر شوێنێك بیت بەپێی بەندی ٦٩/ دووەم لە یاسای شێوازی دادگایی کردنی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە ١٧ی ساڵی ٢٠٠٨
٤- جەخت کردنەوە لەسەر هاوۆلاتیان بە ئاگادارکردنەوەی شوێنی خۆشاردنەوەت پاڵپشت بەبەندی بەبەندی ٦٩/ سێیەم لەیاسای شێوازی دادگایی کردنی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە ١٧ی ساڵی ٢٠٠٨ وە بریاری سزادانەکەت بەبێ ئامادەبوونت بەتێکڕای دەنگ دەرچووە وە تێگەیاندرا بە ئاشکرا لە ٢٠١٩/٤/٢٩ وە قابیلی پێداچوونەوەیە تەمییز ە وە مافی ڕەخنەگرتنت الاعتراض ت هەیە بەپێی بەندی ٧١ لە هەمان یاسا لەسەر بریاری سزادانی پاشملە تاکو ماوەی ٩٠ نەوەت ڕۆژ لە ڕێکەوتی ئاگادارکردنەوەت ئەویش ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی ئەم بریارەیە لە ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە وە هەڵدەواسرێت لە ئەم جاردانەیە کە هەڵدەواسرێت لەشوێنی نیشتەجێ بوونی دوایت و شوێنی بارەگای فەرمانگەکەی خۆت, وە لە کاتی ئامادەنەبوونت لەو ماوەیەی کەلەسەرەوە دیاریکراوە بریارەکە پلەی کۆتایی وەردەگرێت.
عەمیدی ماف پەروەر
سەرۆکی دادگا

***

دادگای هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ- یەك
ژمارە: ٤٣٦
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٥/١٤
ژمارەی کێشە: (٢٠١٩/٧٥)
جاردان
لەدادگای هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ/ یەك
بۆ/ تۆمەتباری هەڵاتوو/پ.پ٣/ ئامانج فاضل زیدان
شوێنی نیشتەجێ بوونی پێشوو: پارێزگای هەولێر/ گەرەکی کوردستان
شوێنی نیشتەجێ بوونی ئێستا: ناديارە
دەبێت ئامادەبیت لەبەرامبەر ئەم دادگایە لە ماوەی ٣٠ سی ڕۆژ لەبەرواری بڵاوکردنەوەی ئەو جاردانە ئەگەر هاتوو لەناوەوەی هەرێمی کوردستانی عیراق یاخود لەدەرەوەی بۆ ئەوەی وەلامی ئەو تۆمەتە بدەیتەوە کە ئاراستەت کراوە بەندی ٥ لە یاسای سزادانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە ١٤ی ساڵی ٢٠٠٨ لەبەر ئەوەی تاوانی هەڵاتنت ئەنجام داوە لەبەرواری ٢٠١٧/١٢/١ وە بەپێچەوانە ئەگەر ئامادە نەبوویت ڕێککاری یاسای لەدژت وەردەگیرێت وە بەندی ٦٩ لە یاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە ١٧ی سالی ٢٠٠٨ لەدژت جێبەجێ دەکرێت کە تیایدا هاتووە:-
١- حوکم دانت بەو سزایەی کە لەسەرت دەچەسپێت.
٢- دەسەلات دان بەفەرمانبەرانی گشتی بەگرتنت لە هەر شوێنێك بیت.
٣- پابەندکردنی هاوولاتیان بەئاگادارکردنەوەی شوێنی خۆشاردنەوەت.
٤- دەست بەسەرداگرتنی سامانی گواستراوەو نەگواستراوەت.
عەمیدی ماف پەروەر
سەرۆکی دادگا

***

دادگای هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ- یەك
ژمارە: ٤٣٥
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٥/١٤
ژمارەی کێشە: (٢٠١٩/٤٥)
جاردان
لەدادگای هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ/ یەك
بۆ/ تۆمەتباری هەڵاتوو/ر.پ.٨م/ اسماعیل سلیمان مصطفی
شوێنی نیشتەجێ بوونی پێشوو: پارێزگای هەولێر/ قەزای شەقلاوە/ ناحیەی سەلاحەدین
شوێنی نیشتەجێ بوونی ئێستا: ناديارە
دەبێت ئامادەبیت لەبەرامبەر ئەم دادگایە لە ماوەی ٣٠ سی ڕۆژ لەبەرواری بڵاوکردنەوەی ئەو جاردانە ئەگەر هاتوو لەناوەوەی هەرێمی کوردستانی عیراق یاخود لەدەرەوەی بۆ ئەوەی وەلامی ئەو تۆمەتە بدەیتەوە کە ئاراستەت کراوە بەندی ٥ لە یاسای سزادانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە ١٤ی ساڵی ٢٠٠٨ لەبەر ئەوەی تاوانی هەڵاتنت ئەنجام داوە لەبەرواری ٢٠١٧/١٢/١٠ وە بەپێچەوانە ئەگەر ئامادە نەبوویت ڕێککاری یاسای لەدژت وەردەگیرێت وە بەندی ٦٩ لە یاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە ١٧ی سالی ٢٠٠٨ لەدژت جێبەجێ دەکرێت کە تیایدا هاتووە:-
١- حوکم دانت بەو سزایەی کە لەسەرت دەچەسپێت.
٢- دەسەلات دان بەفەرمانبەرانی گشتی بەگرتنت لە هەر شوێنێك بیت.
٣- پابەندکردنی هاوولاتیان بەئاگادارکردنەوەی شوێنی خۆشاردنەوەت.
٤- دەست بەسەرداگرتنی سامانی گواستراوەو نەگواستراوەت.
عەمیدی ماف پەروەر
سەرۆکی دادگا

***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی هەولێر لیژنەی فرۆشتن و بەکرێدانی دووەم لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی هەولێر
ژمارە: ٢٥/١٠٠
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٥/٢٦
ئاگاداری
لیژنەی سەرەوە هەڵدەستی بەبەکرێدانی (١) شوێنی مولکی شارەوانی لەسەر بەشێکی زەوی ژمارە (١/٢٤٨١ ك ٩٥ کەسنەزان) بەرووبەری (٧٠٠م٢) بەکرێی ساڵانەی خەملێنراو (٥٠٠٠) پێنج هەزار دینار بۆ (١م٢) بۆ مەبەستی بەکارهێنانی وەك هەنگەوانی بۆ ماوەی (١٥) ساڵ ئەو کەسەی نیازی بەشداربوونی هەیە لە زیادکردنی ئاشکرا باسەر لە سەرۆکایەتی شارەوانی کەسنەزان بدات مزایدەکە ئەنجام دەدرێت لەڕێکەوتی ٢٠١٩/٦/٢٧ کات ژمێر (١٢:٣٠) دوانزە و نیوی نیوەڕۆ لەڕۆژی دیارکراو کرێگرتەش دەبێ بارمتەی یاسایی بەڕێژەی (٢٠٪) لەکرێی خەملێنراو لەگەڵ خۆی بهێنی کرێی بڵاوکردنەوەو خەرجی تریش دەکەوێتە ئەستۆی خۆی وە بەپێ ڕێنمایی هەر (٣) ساڵ جارێك پێداچوونەوە دەکرێت بەکرێی ساڵانە لە بەڕێوەبەری شارەوانی بەمەبەستی زیادکردنی کرێی ساڵانە ئەگەر کرێی مولك و باری دارایی لەهەڵکشان بوو.
ئەندازیار/ نەبەز محی الدین نافذ
بەڕێوەبەری گشتی شارەوانییەکانی هەولێر

***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی فەرمانگەکانی داد
بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێ کردنی ڕاپەڕین/ بەشی بەدواداچوون
ژمارە:٨٧/ت/٢٠١٩
ڕێکەوت:٢٠١٩/٥/٢٢

ئاگاداری

بۆ (ڕێبوار ڕشید حمدامین) بابەت ئاگاداربوون.
داوات لێ دەکەین لە ماوەی (١٠) دە ڕۆژ دا لە ڕۆژی دوای بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لە ڕۆژنامە لە بەڕێوەبەرایەتیەکەمان ئامادەبی بۆ دانەوەی بڕی (٥٧,٣٩٢,٣٥٠) پەنجاو حەوت ملیۆن و سێ سەدو نەوەدو دوو هەزار و سێ سەدو پەنجا دینار, وەکو قەرز بۆ داواکاری جێ بەجێ کردن (خالد عباس سوارە) بە پێی بڕیاری دادگای بەرایی حاجیاوا ژمارە (١٣٠-ب-٢٠١٨) کە لە (٢٠١٩/١/٢٢) دەرچووە, بە پێچەوانەوە بڕیاری ناوبرا و بە زۆر جێ بەجێ دەکەین.
بەڕێوەبەری جێ بەجێ کاری داد/ عمر سمکۆ قادر

* * *

فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هەولێر)

ئاگاداری

بەروار: ٢٠١٩/٥/٢٢
بەپێ ئەو داواکاریەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (محمد وفاء حسێن ٧٥٪ و بختیار سعید حسێن ٢٥٪) لە بەرواری ٢٠١٩/٥/٢١ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگرێتەوە بۆ خۆی وئێستا داندراوە لە (ڕێگای کرکوك) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە, بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی ڕاگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە ڕۆژدا, واتە ڕۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە, وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو ناڕازیبوون بۆماوەی حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار, بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.
دادنووس / شوان فوزی زکی

ئامێرەکان:
١- هۆپەری تێکردنی گەنم و جۆ بێ ژمارە دروستکراوی ایرانی مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١ هاوپێچ بنجی بەتاڵ کردنی گەنم و جۆ.
٢- حەوت دانە مسعدی سەرخستنی گەنم بێ ژمارەن دروستکراوی ایرانین مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١,٥*٧.
٣- گرافیتی پاککردنەوەی گەنم و جۆ لە خۆل و بەرد ژمارە/ ٤١٣٠ دروستکراوی ایرانی مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٧,٥.
٤- غەربیلی بژارکردنی پارچە گەنم و پوچەگەنم ژمارە/ ٤١٣١ دروستکراوی ایرانی مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٧,٥.
٥- ئامێری جۆگرە بێ ژمارە دروستکراوی ایرانی مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١,٥.
٦- غەربیلی جیاکردنەوەی پوشکەو کا لەگەنم ژمارە/ ٤١٣١ دروستکراوی ایرانی مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٢,٥.
٧- لێدانی دەرمان لەگەنم ژمارە/ ٤١٣١ دروستکراوی ایرانی مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١,٥ خەزانی ٥٥٠ لیتری دەرمان
٨- تێکردن و کێشکردن و دروویین بێ ژمارە دروستکراوی ایرانی مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٠,٥٠.
٩- کۆمپرێسەری هەوا بێ ژمارە دروستکراوی صینی مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٢,٢.
١٠- دوودانە فلتەری تۆزراکێشان بێ ژمارەن دروستکراوی صینی مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١*٢.

* * *

فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هەولێر)

ئاگاداری

بەروار: ٢٠١٩/٥/٢٢
بەپێ ئەو داواکاریەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (محمد وفاء حسێن ٥٠٪ و بختیار سعید حسێن ٥٠٪) لە بەرواری ٢٠١٩/٥/٢١ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگرێتەوە بۆ خۆی وئێستا داندراوە لە (ڕێگای گوێر/ ترانزێت) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە, بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی ڕاگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە ڕۆژدا, واتە ڕۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە, وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو ناڕازیبوون بۆماوەی حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار, بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.
دادنووس / شوان فوزی زکی

ئامێرەکان:
١- هۆپەری تێکردنی گەنم و جۆ بێ ژمارە دروستکراوی ایرانی مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١ هاوپێچ بنجی بەتاڵ کردنی گەنم.
٢- مسعدی گواستنەوەی گەنم بێ ژمارە دروستکراوی ایرانی مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١,٥.
٣- گرافیتی پاکردنەوەی گەنم و جۆ لەبەردو خۆل ژمارە/ ٤١٣١ دروستکراوی ایرانی مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٧,٥.
٤- شەش دانە مسعدی سەرخستنی گەنم بێ ژمارەن دروستکراوی ایرانین مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٦
٥- غەربیلی بژارکردنی پارچە گەنم و پۆچە گەنم ژمارە/ ٤١٣٠ دروستکراوی ایرانی مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٧,٥.
٦- ئامێری جۆگرە بێ ژمارە دروستکراوی ایرانی مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١,٥.
٧- غەربیلی جیاکردنەوەی پوشکەو کا لەگەنم ژمارە/ ٤١٣٠ دروستکراوی ایرانی مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٢,٥.
٨- ئامێری لێدانی دەرمان لەگەنم ژمارە/ ٤١٣٠ دروستکراوی ایرانی مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١,٥ خەزانی ٥٥٠ لیتری دەرمان
٩- تێکردن و کێشکردن و دروویین بێ ژمارە دروستکراوی ایرانی مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٠,٥٠.
١٠- کۆمپرێسەری هەوا بێ ژمارە دروستکراوی صینی مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٢,٢.
١١- دوودانە فلتەری تۆزراکێشان بێ ژمارەن دروستکراوی ایرانین مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١*٢.

* * *

دادگای بەرایی هەولێر/٣
ژمارە: ١٢٧٨/ب/٢٠١٨
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٥/٢٧

جاردان

بۆ/ داوالێکراو/ بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیای سویدش ستار
لەسەر داوای داواکار وائل سعدی محمود لە داوای ژمارە (١٢٧٨/ب/٢٠١٨) ئەم دادگایە لەبەرواری ٢٠١٩/٥/٥ بڕیاریدا لەسەرتان بەهاوبەشی لەگەڵ بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیای سادیار بەدانی بڕی دارایی (٨٢٤١) هەشت هەزارو دوو سەدو چل و یەك دۆلاری ئەمریکی بەرامبەر بە ٩,٨٨٩,٢٠٠ نۆ ملیۆن و هەشت سەدو هەشتاو نۆ هەزار و دوو سەد و چل دیناری عیراقی بۆ ماوەی ٢٠١٥/٩/١٧ تاوەکو ٢٠١٨/٥/٢ وەك سزای دواکەوتن (غەرامەی تاخیری) لە تەواوکردنی شووقەی ژمارە (M٢-٨) لە پرۆژەی زێڕین ستی وە لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونتان نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری (پارێزگای هەولێر/ شاری زێڕین) لە ٢٠١٨/٧/٣١ بۆیە دادگا بڕیاریدا بە پێراگەیاندنتان بەبڕیارەکە لەڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆی هەرێمی کوردستان بەم بڕیارە و بڕیارەکە پاشملەیە و (قابلا للاعتراض و الاستئناف و التمییز)ە و مافی تانەدانت هەیە لەبڕیارەکە لەماوەی یاساییدا بەپێچەوانەوە پلەی کۆتایی وەردەگرێت بەپێی یاسا.
دادوەر/ سرکوت طه رسول

* * *

فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هەولێر)

ئاگاداری

بەروار: ٢٠١٩/٢/٢٨
بەپێ ئەو داواکاریەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (ترکی یونس شریف) لە بەرواری ٢٠١٩/٢/٢٧ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگرێتەوە بۆ خۆی وئێستا داندراوە لە (پ.باشوور) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە, بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی ڕاگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە ڕۆژدا, واتە ڕۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە, وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو ناڕازیبوون بۆماوەی حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار, بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.
دادنووس / شوان فوزی زکی

ئامێرەکان:
١- پێنج دانە لەحیم ولدن بێ ژمارەن دروستکراوی صینین مۆدێل ٢٠١٤ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای ٢٥*٥ ئەمپێر.
٢- کۆمپرێسەری هەوا ٥٠٠ لیتری بێ ژمارە دروستکراوی صینی مۆدێل ٢٠١٤ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٢.
٣- کەتەری برینی ئاسن ٢,٥ بێ ژمارە دروستکراوی صینی مۆدێل ٢٠١٤ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٢,٥.
٤- گاسوسەی برینی ئاسن غازی بێ ژمارە دروستکراوی صینی مۆدێل ٢٠١٤ جۆری سوتەمەنی غاز + ئۆکسجین.
٥- ئامێری بەرهەم هێنانی کارەبا بێ ژمارە دروستکراوی اوروپی مۆدێل ٢٠١٢ جۆری سوتەمەنی گازوائیل توانای K.V.A١٢٠.

* * *

دادگەها تاوانێن دهوکێ/١
ژمارە: ٢٨١/ج/٢٠١٩
ڕێکەفتی: ٢٠١٩/٥/٢٦

ئاگەهداری

بۆ/ تومەتبارێ ڕەڤی/ علی صلبی حسن
دەمێ تو یێ تومەتبار ب کێشا ژمارە ٢٨١/ج/٢٠١٩ ئەوا هاتیە تومارکرن ل نڤیسینگەها سرهلدان ب هژمار ٢٠١٨/١٤٢ ل سەر ماددە (٤٤٤ یاسا سزا) ژبەر کو جهێ ئاکنجیبوونا تە نەیێ دیارە بریار هاتە دان تو بهێیە ئاگەهدارکرن برێکا بەلاڤکرنێ ب دوو ڕۆژنامێن ناڤخویی دا ئامادەبی بەرامبەری ڤێ دادگەهێ سپێدەیا ڕوژا ٢٠١٩/٨/١ بو دادگەهکرنا تە و بەروڤاژی ڤێ چەندێ دادگەهکرنا تە هێتە کرن ب پاشمللە ل دویف یاسایێ.
دادوەر/ د. عبدالرحمن سلیمان زیباری
سەرۆکێ دادگەها تاوانا دهوك/١

* * *

دادگەها تاوانێن دهوکێ/١
ژمارە: ٣٠١/ج/٢٠١٩
ڕێکەفتی: ٢٠١٩/٥/٢٦

ئاگەهداری

بۆ/ تومەتبارێ ڕەڤی/ عماد خیرالدین بنیامین
دەمێ تو یێ تومەتبار ب کێشا ژمارە ٣٠١/ج/٢٠١٩ ئەوا هاتیە تومارکرن ل نڤیسینگەها توندوتیژی دژی ئافرەتا ب هژمار ٢٠١٧/٤٥٠ ل سەر ماددە (٤٣٠ یاسا سزا) ژبەر کو جهێ ئاکنجیبوونا تە نەیێ دیارە بریار هاتە دان تو بهێیە ئاگەهدارکرن برێکا بەلاڤکرنێ ب دوو ڕۆژنامێن ناڤخویی دا ئامادەبی بەرامبەری ڤێ دادگەهێ سپێدەیا ڕوژا ٢٠١٩/٨/١ بو دادگەهکرنا تە و بەروڤاژی ڤێ چەندێ دادگەهکرنا تە هێتە کرن ب پاشمللە ل دویف یاسایێ.
دادوەر/ د. عبدالرحمن سلیمان زیباری
سەرۆکێ دادگەها تاوانا دهوك/١

* * *

دادگەها تاوانێن دهوکێ/١
ژمارە: ٢٩٠/ج/٢٠١٩
ڕێکەفتی: ٢٠١٩/٥/٢٦

ئاگەهداری

بۆ/ تومەتبارێ ڕەڤی/ بیوار قادر حسن
دەمێ تو یێ تومەتبار ب کێشا ژمارە ٢٩٠/ج/٢٠١٩ ئەوا هاتیە تومارکرن ل نڤیسینگەها سەختەکاری ب هژمار ٢٠١٧/١٩٤ ل سەر ماددە (٢٩٥ یاسا سزا) ژبەر کو جهێ ئاکنجیبوونا تە نەیێ دیارە بریار هاتە دان تو بهێیە ئاگەهدارکرن برێکا بەلاڤکرنێ ب دوو ڕۆژنامێن ناڤخویی دا ئامادەبی بەرامبەری ڤێ دادگەهێ سپێدەیا ڕوژا ٢٠١٩/٨/١ بو دادگەهکرنا تە و بەروڤاژی ڤێ چەندێ دادگەهکرنا تە هێتە کرن ب پاشمللە ل دویف یاسایێ.
دادوەر/ د. عبدالرحمن سلیمان زیباری
سەرۆکێ دادگەها تاوانا دهوك/١

* * *

دادگەها تاوانێن دهوکێ/١
ژمارە: ٢٩٣/ج/٢٠١٩
ڕێکەفتی: ٢٠١٩/٥/٢٦

ئاگەهداری

بۆ/ تومەتبارێ ڕەڤی/ کارزان یحیی یونس
دەمێ تو یێ تومەتبار ب کێشا ژمارە ٢٩٣/ج/٢٠١٩ ئەوا هاتیە تومارکرن ل نڤیسینگەها سەختەکاری ب هژمار ٢٠١٩/٤ ل سەر ماددە (٢٨٩ یاسا سزا) ژبەر کو جهێ ئاکنجیبوونا تە نەیێ دیارە بریار هاتە دان تو بهێیە ئاگەهدارکرن برێکا بەلاڤکرنێ ب دوو ڕۆژنامێن ناڤخویی دا ئامادەبی بەرامبەری ڤێ دادگەهێ سپێدەیا ڕوژا ٢٠١٩/٨/١ بو دادگەهکرنا تە و بەروڤاژی ڤێ چەندێ دادگەهکرنا تە هێتە کرن ب پاشمللە ل دویف یاسایێ.
دادوەر/ د. عبدالرحمن سلیمان زیباری
سەرۆکێ دادگەها تاوانا دهوك/١

* * *

دادگەها کەتن ل سێمێلێ
ژمارە: ٤٦٢/کەتن/٢٠١٩
ڕێکەفتی: ٢٠١٩/٥/٢٢

ئاگەهداری

بۆ/ تومەتبارێ ڕەڤی/ نهاد صلاح الدین یونس
دەمێ تو یێ تومەتبار ب کێشا ژمارە ١٣/اساس/٢٠١٩ ئەوا هاتیە تومارکرن ل بنگەهێ پولیسێن برایتی ل دیف بەندێ ٤٥٦ ژ یاسا سزا ژبەر کو جهێ ئاکنجیبوونا تە نەیێ دیارە بریار هاتە دان تو بهێیە ئاگەهدارکرن برێکا بەلاڤکرنێ ب دوو ڕۆژنامێن ناڤخویی دا ئامادەبی بەرامبەری ڤێ دادگەهێ سپێدەیا ڕوژا ٢٠١٩/٧/٢٤ بەروڤاژی ڤێ چەندێ دادگەهکرنا تە هێتە کرن ب پاشمللە (غیابی) ل دویف یاسایێ.
دادوەر/ بیان ادیب رشید
دادوەرا دادگەها کەتن سێمێل

* * *

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی دهوك
ژمارە: ٢٠١٩/١٢٠٨
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٥/٢١

پێراگەهاندن

بۆ/قەردار: خالد الیاس اومی
ژبەر نەزانین و نەدیاریا جهێ ئاکنجیبوونا تە لەورا لدیف ماددەیا ٢٧ یا یاسایا جێبەجێکرنێ بریار هاتە دان ب رێیا دوو ڕۆژنامێن نافخۆ ئاگاهداریا تە بکەین کە بۆ ماوێ (١٥/پازدە) ڕۆژا ژ ڕۆژا بەلافکرنا ڤێ ئاگەهداریێ ئامادەبی لرێڤەبەریا مە ژبۆ ئەنجامدانا رێکارێن جێبەجێکرنێ (الاجراءات التنفیذیة) و بەروڤاژی دێ نەچاری رێکێن یاسایی بێن (الاجراءات القانونیة الجبریة)بین.
ڤان عزیز محمد/ رێڤەبەر (جێبەجێ کاری داد)

* * *

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی/ شەقلاوە
ژمارەی دۆسیە/٢/ت/٢٠١٩
ڕێکەوت/٢٠١٩/٥/٢٧

جاڕدان

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی شەقلاوە موڵکی ژمارە ٢/٨٣ کەرتی ٧٣ کە کەوتوتە گوندی چەمەسۆر دەفرۆشێت, خاوەنەکەی قەرزار ایوب نوری باویل کە گلدانەوەی خراوەتەوە سەر لەجیاتی قەرزی جواد سعید سلیمان بەبڕی/ ١٤٧١٣٨٠٠ چوار دە ملیۆن و حەفت سەدو سێزدە هەزارو هەشت سەد دینار هەرکەسێ ئارەزوومەند ١٥ پازدە ڕۆژ لە ڕۆژی دوای ئەم بڵاوکردنەوەیە لەگەل بارمتەی یاسایی کە ١٠٪ نرخە قرساوەکەیەتی وڵاتنامەی عێراقی ئامادە بێت و پارەی تۆمارکردن و دەلالیش لەسەر کڕیارە.
جێبەجێکاری داد / اسماعیل اسعد اسماعیل
١ – شوێن و ژمارەی/ ٢/٨٣ کەرتی ٧٣ چە مە سۆ ر
٢ – ڕەگەزو جۆری/ کشتوکالی دێمی-مولکی دەرکەت
٣ – سنوورو ئاگاداری/ هەر وەك لەنەخشەکەدا هاتووە
٤ – پێکهاتەکەی/ زەوی بەتاڵ
٥ – ڕووبەرەکەی/پەنجاو پێنج دۆنم و سێ ئۆلك
٦ - پلەی ئاوەدانکاری/ نییە
٧- نیشتەجێکەی/ نییە
٨ – نرخی قرساو/ ١٤٧١٣٨٠٠ چوار دە ملیۆن و حەفت سەدو سێزدە هەزارو هەشت سەد دینار.

* * *

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی پکشنین و بەدواداچوون

ژمارە: ٣٨٥٥
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٥/٢٣

بۆ/ وەزارەتی کشتوکال و سەرچاوەکانی ئاو/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان پاکتاوکردنی کۆمپانیاکان
لەبەر دەرچوونی بڕیاری دانانی لەژێر پاکتاوکردنی کۆمپانیا (داری بچوکی پایز) بۆ بازرگانی گشتی و هێنانی ئاژەلی زیندوو و پێکهاتەکانی ئالیك/ سنوردار کەلەلای ئێمە تۆمارکراوە لەژێر ژمارە (٢٦٢٤٩) لە بەرواری ٢٠١٨/٤/١٩ و بوونی لەقۆناغەکان پاکتاوکردن تکایە ئاگادارمان بکەنەوە ئایا کۆمپانیای ناوبراو هەر گرێبەستێك یان پابەندبونێك (التزاماتێکی) لەگەڵ حکومەتی هەرێم هەیە و گرێبەستەکانی بەردەوامە یان نا. بۆ ئەوەی کاری پێویست ئەنجام بدەین.

اراس رؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

---

**بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان**
**بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون و پشکنین**

**ژمارە: ٣٩١٧**
**ڕێکەوت: ٢٠١٩/٥/٢٦**

**بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنووردار**

**دوای تەواو کردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (Fire Fenix) بۆ (گەشت و گوزار/ سنووردار) وە پالپشت بە ئەحکامی ماددەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو.**
**من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بڕیارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بڕیارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.**

**ئاراس رؤوف عارف**
**بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت**

---

**بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیا**
**ب. کۆمپانیاکانی هەولێر**

**ژمارە: ٩٨١٣**
**ڕێکەوت: ٢٠١٩/٥/٢٥**

**بڕیاری کارگێری**

**دوابەدوای بڕیاری کارگێری ژمارە (١٢٦٣٨) لە ٢٠١٨/٩/١٢**
**وە لەسەر داواکاری هاوبەشانی کۆمپانیای (ڕۆنین) بۆ (بازرگانی گشتی و فرۆشتنی بەروبوومی نەوت/ سنوردار) کە لەژێر ژمارە (٢٣٠٤٢) لە ٢٠١٦/٥/١٨ تۆمارکراوە وە بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان ڕاپێراوە بڕیارماندا بە ڕەزامەندی لەسەر: ڕاستکردنەوەی ناوی بەڕێز بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیا لە (MOHAMAD IBRAHIM ZAOUK) بۆ (ابراهیم محمد ذوق).**

**د. پشتیوان مصطفی قادر**
**بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر/ بەوەکالەت**

---

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
بەشی یاسا

ژمارە: ١٠٠١١
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٥/٢٦

بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیا (لاوجا) بۆ بازرگانی گشتی / سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (لاوجا) بۆ بازرگانی گشتی / سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/٥/١٢) کە تۆمارە لە ژێر ژمارە (٤٣٣٠) لە ڕێکەوتی ٢٠٠٧/١٠/٣٠ بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیای (محمد عبدالله صالح) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (محمد یوسف صادق) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بڕیاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بڕیارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/٥/٢٦

پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر/ بەوەکالەت

---

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
بەشی یاسا

ژمارە: ١٠٠٠٨
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٥/٢٦

بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیا (محمد احمد اسماعیل) بۆ بازرگانی گشتی / تاك)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (محمد احمد اسماعیل) بۆ بازرگانی گشتی / تاك) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/٥/١٢) کە تۆمارە لە ژێر ژمارە (١٧٥٨٦) لە ڕێکەوتی ٢٠١٣/٦/٥ بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیای (محمد احمد اسماعیل) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (محمد یوسف صادق) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بڕیاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بڕیارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/٥/٢٦

پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر/ بەوەکالەت

فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هەولێر)
ئاگاداری
بەروار: ٢٠١٩/٥/٢٧
بەپێ ئەو داواکارییەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (یوسف انور حاجی) لە بەرواری ٢٠١٩/٥/٢٦ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگرێتەوە بۆ خۆی وئێستا دانداراوە لە (ریگای گوێر) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە, بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە رێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی راگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە رۆژدا, واتە رۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە, وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو ناڕازیبوون بۆماوەی حەوت رۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار, بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی سالّی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.
دادنووس / شوان فوزی زکی

ئامێرەکان:
١- دوودانە ئامێری دروستکردنی گلاسی سەفەری کاغەزی بێ ژمارەن دروستکراوی سینین مۆدێل ٢٠١٨ بەکارەبا کاردەکەن و توانای هەریەکەیان K.W٦/ QC١٨AD٠٧٠٦ – QC١٨AD٠٧٠٦.
٢- سەرامەی ووردکردنی نایلۆن بێ ژمارە دروستکراوی سینی مۆدێل ٢٠١٨ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١٨,٥.
٣- دووداندە هێلی تەواوی بڕین و کەپس کردنی نایلۆن بێ ژمارەن دروستکراوی سینین مۆدێل ٢٠١٨ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٣٠/ دووسەرکی
٤- کۆمپرێسەری پاڵەپەستۆی هەوا ژمارە/ ١٥١٨٠٧٠٤٧ دروستکراوی سینی مۆدێل ٢٠١٨ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١٥.

***

فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هەولێر)
ئاگاداری
بەروار: ٢٠١٩/٥/٢٧
بەپێ ئەو داواکارییەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (یوسف انور حاجی) لە بەرواری ٢٠١٩/٥/٢٦ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگرێتەوە بۆ خۆی وئێستا دانداراوە لە (ریگای گوێر) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە, بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە رێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی راگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە رۆژدا, واتە رۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە, وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو ناڕازیبوون بۆماوەی حەوت رۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار, بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی سالّی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.
دادنووس / شوان فوزی زکی

ئامێرەکان:
١- دووداندە ئامێری دروستکردنی گلاسی سەفەری کاغەزی بێ ژمارەن دروستکراوی سینین مۆدێل ٢٠١٨ بەکارەبا کاردەکەن و توانای هەریەکەیان K.W٦/ QC١٨AD٠٧٠٦ – QC١٨AD٠٧٠٦.

***

دادگای باری کەسایەتی ئاکرێ
ژمارە/ ٩٩/ش/٢٠١٩
رێکەفت/ ٢٠١٩/٥/٢٠
بۆ داوالێکراو (هێلین عبدالقادر رجب) جێگای نیشتەجێبوونی نادیارە
ب / ئاگادارکردنەوە بە بریاری پا شملە
ئەم دادگایە لە داوای شەرعی ژمارە (٩٩/ش/٢٠١٩) لە رێکەوتی ٢٠١٩/٥/١٢ لە سەر داوای داواکار (یاسین سلیم یاسین) بریاری پا شملەی دەرکردووە کە تایبەتە بە تەلاقی دەرکی (تصدیق طلاق خارجی) بەپێی مادەی (٤٣) برگەی (٢) یاسای باری کەسی عیراقی لەبەر دیارنەبوونی شوێنی نیشتەجێبوونت دادگاکەمان بریاری دا بە ئاگادارکردنەوەت بە بریاری پا شملە لە رێگای دوو روژنامەی ناوخۆییەوە بۆیە مافی رازی نەبوون وپێداچوونەوەت هەیە لەسەر بریاری ئەم دادگایە لە ماوەی یاساییدا وبەپێچەوانەوە ئەم بریارە پلەی بنبر وەردەکریت بەپێی یاسا
دادەر / طارق رمضان صالح

***

دادگای بەرایی ئاکرێ
ژمارە/ ٣٧٩ /ب/٢٠١٩
رێکەوت/ ٢٠١٩/٥/ ٧
بۆ/داوالێکراو (مصطفی معتصم یادیکار)
ب/ ئاگاداری
داواکار (شیرزاد عمر محمود) داوای ژمارەی سەرەوەیان دەرهەق بە تۆتومارکردووە لە بەردەم دادگاکەمان کە تیایدا داوا دەکات بری (٨٤٠٠٠٠٠٠) هەشتا وچوار ملیۆن دیناری بۆ بگەرینیەوە کە دەڵێ بە دەستگرتن پێی داوی وە لەبەر دیارنەبوونی شوێنی نیشتەجێبوونت دادگا بریاری دا بە ئاگادارکردنەوەت لە رێگای دوو روژنامەی ناوخۆیی تاکو ئامادەبیت لە بەردەم دادگاکەمان لە روژی(٢٠١٩/٦/١٠) کە دیاریکراوە بۆ دادبینی بەپێی مادەی ٢١/ ١ لە یاسای دادبینی شارستانی وبەپێچەوانەوە دادگا هەلدەستیت بە دادبینی پاش ملە دەرهەق بە تۆ وەدەرکردنی بریاری پێویست بەپێی یاسا
دادەر / خالد عثمان یوسف

***

قایمقامیا قەزا دهوك
لیژنا بەرفرەهکرنا حەرەمێن گوندا
ژمارە/ ١
رێکەفت/ ٢٠١٩/٥/٢٧
ب/ئاگەهداری
ل دیڤ برگا (٥) ل مادێ (٤) ژ یاسا ژمارە (١) سالا (٢٠١٥) دەرچوویا وەزارەتا نافخو / هەرێما کوردستانا عیراقێ لیژنا تایبەت ب بەرفرەهکرنا حەرەمێ گوندان رابوویە ب کارێ خو بو مەرەما بەرفرەهکرنا حەرەمێ گوندێ (پێدە) ل سەر پارچە ئەردێ ژمارە (١٥٩) ب روبەرێ (٢٢) بیست و دوو دونەما وپارچە ئەردێ ژمارە (١٦٨) ب روبەرێ (٢) دوو دونەما کەرتێ (٣٥) پێدە سەر ب ناڤچا زاویتە قەزا دهوك ئەڤجا هەر کەسەکێ تانە وڕێگیری هەبیت پیشکیشی لیژنا ناڤبری بکەت د ماوێ (١٥) پازدە روژان ژ بەلاڤکرنا ڤێ ئاگەهداریێ
جهور علی عزیز
قائمقامێ قەزا دهوك
سەرۆکێ لیژنێ

***

پارێزگای هەولێر
بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان
ژمارە: ١٣٥
رێکەوت: ٢٧ / ٥ / ٢٠١٩

ئاگاداری
کەم کردنەوەی نهێنی / ژمارە (٦٩)
پارێزگای هەولێر/ بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان / کەم کردنەوەی نهێنی رادەگەێنێت بۆ پڕۆژەی (دابین کردنی بەنزین و گاز بۆ سەرجەم ئۆتۆمبێلەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر) کە (بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر) پێی هەڵدەستێت. جا هەر بەڵێندەر و کۆمپانیایەك ئارەزووی بەشداربوونی هەیە با سەر لەبەڕێوەبەرایەتی ژمێریاریمان بدەن بەمەبەستی وەرگرتنی وێنەیەك لەتەندەر و مەرجەکانی بەڵێندەرایەتی پڕۆژەی سەرەوە بەمەرجێك وەرگرتنی ئەو تەندەرانە دەبێ لەناو زەرفێکی مۆرکراو دابێ و وە ناونیشانی بەڵێندەر یا کۆمپانیا لەسەر نووسراو بێت و پێشکەش بەسکرتێری لیژنەی کردنەوەی تەندەرەکان لەدیوانی پارێزگای هەولێر / کارگێڕی خۆجێ یەتی بکرێ وە دوا کاتیش بۆ وەرگرتنەوەی تەندەرەکان کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆ رۆژی (سێ شەممە) رێکەوتی ٢٠١٩/٦/١١ دەبێت. وە مەرج نییە فەرمانگەکەمان بەنزمترین نرخی تەندەر رازی بێت, وە کرێی بلاوکردنەوەی راگەیاندنی دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە کەم کردنەوەی لەسەر دەگیرسێتەوە.
مەرجەکانی وەرگرتنی تەندەر:
- بەلێندەر دەبێت خاوەن وێستگەی سووتەمەنی بێت و سیستمی کارتی ئەلیکترۆنی هەبێت.
- ئەستۆ پاکی باجی دەرامەت نوێ کراو بێت.
- هێنان بارمتەی سەرەتایی بەبری ٢٥,٠٠٠,٠٠٠ بیست و پێنج ملیۆن دینار بەشێوەی (خطاب ضمان) یان چەکی پەسندکراو لە یەکێك لە بانکەکانی هەرێم.
- دەبێت ناسنامەی کۆمپانیا و یەکێتی بەلێنەدەران نوێ کراوە بێت و لەگەل خۆی بێنێت و بەناوی خۆی بێت ئەگەر بەناوی خۆی نەبێت دەبێت نووسراوی ڕێپێدان لەلایەن کۆمپانیا بێنێت.
- فرۆشتنی تەندەر (١٥٠,٠٠٠) سەدو پەنجا هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆی.
نوزاد هادی مولود
پارێزگاری هەولێر

***

بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێ کردنی هەولێر
ژمارەی دۆسیە: ٢٠١٩/١٨٠٦
رێکەوت: ٢٠١٩/٥/٢٣
ئاگاداری
بۆ/ طلعت محمود جواغ
لەبەر نەزانین و نادیاری شوێنی نیشتەجێ بوونت, بۆیە بەپێی مادەی (٢٧) لەیاسای جێ بەجێ کردن, بڕیاردرا لەڕێگای رۆژنامەیەکی ناوخۆوە پێت رابگەیەنین تا لەماوەی (١٥) رۆژ لەرۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لە بەردەم ئەم بەڕێوەبەرایەتی یە ئامادە بێت بۆ ئەنجامدانی ڕێکارەکانی جێ بەجێ کردنی (بەچۆلکردنی مولکی ژمارە ٣٨/٢٧٢ ك ٤٥ وارش) ئەگەرنا بەپێی یاسا ناچار دەکرێیت.
جێبەجێکاری داد/ احمد محمد فرزی

***

دادگای بەرایی هەولێر/٤
ژمارە/ ٢٩٥/ ب٤/ ٢٠١٩
رێکەوت/ ٢٠١٩/٥/٢٧
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (المدیر المفوض لشرکة شیخان للتجارة العامة)
داواکار (المدیر العام للشرکة العامة لتجارة المواد الغذائیة) داوای ژمارە ٢٩٥/ ب٤/ ٢٠١٩ی لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرتان بە پابەندکردنت بە گەراندنەوەی بری (٥٩٤,٩٣٥,٦٠٠) دینار وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنی نادیارە بەپێی اشعاری موختاری گەرەکی/ هەڤالان لە ٢٠١٩/٥/٢٦ بۆیە ئەم دادگایە بریاری دا بە پێراگەیاندنت لەڕێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆیی ئاوەدانی لەبەردەم ئەم دادگایە لە (٢٠١٩/٦/١٦) کات (٩) ی بەیانی بەپێچەوانەوە دادبینی بە پاشملە ئەنجام دەدرێت..
دادەر/ محمد بهاءالدین عبدالله

***

دادگای کەتنی دەشتی هەولێر
ژمارە:٢٢٨/ك/٢٠١٨
رێکەوت: ٢٠١٩/٤/٢٥
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو (عمر جمال عبدالعزیز)
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە مادەی (١٢٣) لەیاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی دادگاکەمان بریاری دا لەڕێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە داوای ژمارە (٢٢٨/ك/٢٠١٨) بەپێی مادەی (٤٥٦ ی.س) لە سکاڵای دادخواز (دیدار محمدامین رشید) لە کاتژمێر (٩) لەبەروارى ٢٠١٩/٧/٢٨ بەمەبەستی دادگایی کردنت بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری بەپێی یاسا.
دادەر/ عادل عمر عبدالله

***

دادگای کەتنی هەولێر/١
ژمارە/٣١/ت/٢٠١٩
رێکەوت/ ٢٠١٩/٥/١٢
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ مصطفی مهدی سلێمان
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بۆیە بە پشت بەستن بە مادەی /١٤٣ لە یاسای بنەماکانی دادگاکردنی سزایی. دادگاکەمان بریاری دا لە رێگای رۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارت بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە کاتژمێر (٩) ی بەیانی ٢٠١٩/٧/١٤ بە مەبەستی دادگایی کردنت بە پێی مادەی یاسایی (٧ ژمارە ٨ی سالّی ٢٠١١) بە پێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری بەپێی یاسا.
دادەری یەکەم/ گیلانی احمد محمدامین

***

دادگای کەتنی دەشتی هەولێر
ژمارە:١٠٢/ك/٢٠١٩
رێکەوت: ٢٠١٩/٥/٢٠
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو (بکر کریم اسماعیل)
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە مادەی (١٢٣) لەیاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی دادگاکەمان بریاری دا لەڕێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە داوای ژمارە (١٠٢/ك/٢٠١٩) بەپێی مادەی (٤٥٧ ی.س) لە سکاڵای دادخواز (١- رێبوار حسن سلیم ٢- رێباز حسن سلیم) لە کاتژمێر (٩) لەبەروارى ٢٠١٩/٨/٧ بەمەبەستی دادگایی کردنت بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری بەپێی یاسا.
دادەر/ ناطق شمس الدین کوخا حسین

***

ئاگاداری
ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (داری بچووکی پایز) بۆ بازرگانی گشتی هێنانی ئاژەلی زیندو پێکهاتەکانی ئالیك/ سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر/بەوەکالەت

ئاگاداری
ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (محمد احمد اسماعیل) بۆ بازرگانی گشتی/ تاك) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر/بەوەکالەت

ئاگاداری
ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (ڕێبوار صادق عبدالله) بۆ بازرگانی گشتی/ تاك) بریاری گۆرینی (ناو و جۆری)ی کۆمپانیای داوە لە کۆمپانیای (ڕێبوار صادق عبدالله) بۆ کۆمپانیای (کەناری شاخ)، بۆیە هەر کەسێك نارەزایی یان مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی سەردانی بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر/بەوەکالەت

ئاگاداری
ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (لاوجا) بۆ بازرگانی گشتی/ سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر/بەوەکالەت

www.xebat.net
ژمارە (5759) 2019/5/28 ساڵی شەشەم



# ئایا ئێران بۆڕی ئەوەی هەیە شەڕ لەگەڵ ئەمریکا بکات؟



محەمەد ئەحمەد

هەتا دێ گرژییەکانی نێوان ئەمریکا و ئێران زیاتر دەبێ و بە رووکەش وا دەردەکەوێ کە هەردوولا لە شەڕی مەیدانیی تەواو نزیکبوونەتەوە. هەندێ لە چاودێرانی سیاسییش وای بۆدەچن کە ئەمریکا نیازی شەڕکردن لەگەڵ ئێران، یان راستتر بڵێین نیازی لێدانی ئێرانی نییە.

تەنها دەیەوێ بە هەڕەشەکانی بۆ سەر ئەو ووڵاتە، ملکەچی پابەندبوون بە مەرجەکانی خۆی و ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی و ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزەی ئەتۆمی بکات و، لەلایەکی دیکەشەوە دەستی ئێران لە دەستوەردانی ووڵاتانی ناوچەکە و بەتایبەت هەڕەشەکانی بۆسەر بەرژەوەندییەکانی خۆی و ئیسرائیل کورت بکاتەوە. هەندێ لە شارەزایان و چاودێرانی دیکەی سیاسییش پێیانوایە کە جوڵاندنی کەشتیی زەبەلاحی لینکۆڵن هەروا بە سادەیی و بێ هۆ و مەبەست نییە و ئەمریکا گەیشتووەتە ئەو بڕوایەی کە کاتی لێدانی ئێران و گۆڕینی سیستمی حوکم لەو ووڵاتەدا هاتووەو هاوکات رەزامەندیی ڕووسیاشی وەرگرتووە و پێشتر بە پرس و ڕاوێژ لەگەڵ ڕووسیا هەموو سیناریۆکانی دارشتووە ، لەمەشدا دوو ڕای نزیک بەیەک هەیە: یەکەم، دەگوترێت ئەمریکا لە ئێران دەدات، بەڵام لە قۆناخی ئێستادا، مەبەستی ڕووخاندنی ڕژێم نییە لەو ووڵاتەدا، تەنها دەسپێکی قۆناخی یەکەمە و دەیەوێ بە لێدانی چەند گوورزێک لە ئێران، ئەو ووڵاتە لاواز بکات و لە قاڵبی بدات تا نەتوانێت ببێتە هەڕەشە بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی خۆی و ووڵاتانی هاوپەیمانی خۆی لە ناوچەکەدا و بەو هۆیەوە دەیەوێت پابەندی جێبەجێکرنی چەند داواکارییەکی بکات ، تا لە قۆناخێکی دیکەدا بە یەکجاری ئەو ڕژێمە لەناو دەبات، هاوشێوەی ئەوەی لە عێراق ئەنجامیدا کە سەرەتا لە ساڵی 1991 بە پێکهێنانی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی، دوای گەمارۆدانی ئابووری، ئینجا هێرشی سەربازیی کرد سەری، بەڵام دوای 12 ساڵ و لە ساڵی 2003دا لەژێرناوی پڕۆسەی ئازادیی عێراق بە یەکجاریی کۆتایی بە ڕژێمی دیکتاتۆری بەعس لە عێراق هێنا .

دووەم، دەگوترێت ئەمریکا تەواو یەکلایی بووەتەوە لەسەر لێدانی ئێران و ڕووخاندنی ڕژێم لەو ووڵاتە و ئیتر ئەو ڕژێمە چانسی بەخۆداچوونەوەو سازان و پابەندبوون بە بەندەکانی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی لەدەستچووە. بەڵام مەبەستی ئێمە لێرەدا ئەوەیە، کە ئایا هەر بەڕاست ئێران دەیەوێ شەڕ لەگەڵ ئەمریکا بکات و ، ئایا خۆی بۆ ئەو شەڕە ئاماده کردووە؟ یان ئایا ڕژێمی دەسەلات لە ئێران دەوێرێ ئەو شەڕە لەگەڵ ئەمریکا بکات؟

ئەگەر سەیری میژووی دوور و نزیکی دەسەلاتدارێتی لە ئێران بکەین، دەبینین بە بەراورد بە هێزی دیکە لە ناوچەکەدا ،ئەگەر ڕووبەڕووی شەڕ لەگەڵ هێزی گەورە و وڵاتانی بەهێز بووبێتنەوە، زۆرجار خۆیان لە شەڕی بەرەیی لاداوە و هەتا بۆیان کرابێ، بە گفتوگۆ و دانوستاندن و بە ڕێگەی دیپلۆماسییانە شەڕەکەیان لە خۆیان دوور خستۆتەوە، ئەگەریش ئەو ڕێگایانە دادیان نەدابێ، ئەوا یان بە تێکشکاوی مەیدانیان چۆڵکردووە یانیش هەرزوو تەسلیم بوون. نموونەش شەڕ لەگەڵ سوپاکانی جەنگیز خان و هۆلاکۆ و تەیمور لەنگ و ئەفغانییەکان لە سەدەکانی ناوەڕاست و دواتریش عوسمانییەکان، هەروەها هاتنی سوپای سووری سۆڤییەتی بۆ باکووری ئێران و هاتنی سوپای ئینگلیز بۆ باشووری ڕۆژئاوای ئەو ووڵاتە لەسەردەمی جەنگە دووەمی جیهان کە ڕژێمی دەسەلاتدار لە ئێران لە هەموو ئەو سەردەم و قۆناخە جیاوازانەدا نابینرێت شەڕێکی ئەوتۆی بردبێتەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە بووەتە هۆی لەدەستدانی بەشێک لە خاکەکەشی، بە نموونە ڕێککەوتننامەی زەهاو لەنێوان ئەوان و دەوڵەتی عوسمانیدا لەساڵی 1639 کە بووە هۆی لەدەستدانی بەشێک لە خاکەکەی لە بەشی ڕۆژئاوایدا واتا کوردستانی بندەستی ئێران. بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێ ڕژێمی دەسەلاتداریی ئێران هەمیشە دەستی بالایان هەبووە لە ناوبردنی نەیارەکانیان بە شێوەی تیرۆر یان بە ڕێگەی فرت و فێڵ و بەناوی گفتوگۆ و دانوستاندنەوە، نموونەش تیرۆرکردنی سمکۆی شکاک و لەسێدارەدانی قازی محەمەد لەسەردەمی دەسەلاتی شاهنشاهی و تیرۆرکردنی قاسملۆ و شەرەفکەندی لەسەردەمی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی.

کەواتە بەو پێودانگە بێ، دەسەلاتدارێتی لە ئێران نە ئەو توانایەیان هەیە، وە نە ئەو بوێرییەیان هەیە ڕووبەڕووی ئەمریکا ببنەوە، جگە لە شەڕ و هەڕەشەی میدیایی بۆ سەر ئەمریکا، هەروەک دەشبینین کە دەیان ساڵە ئێران هەڕەشە لە ئیسرائیل دەکات، بەڵام تائێستا نەیتوانیوە ڕاستەوخۆ بچووکترین هێرش بکاتە سەر ئەو وڵاتە، جگە لە ڕێگەی وەکیلەکانیەوە نەبێ لە لوبنان و سووریا. هەربۆیە پێناچێ ئێران بیەوێ یان بوێری ئەوەی هەبێ ڕووبەڕووی ئەمریکا ببێتەوە، ئەمە لەکاتێکدا ئەگەر وەک دەڵێن ئەمریکا نیەت و ناوی ڕوخاندنی لێنابێ و هەردەبێ ڕووبدا.

## کاریکاتێر




## مانشێت



**سکای نیوز:**
بە گوێرەی زانیاریەکان، تا ئێستا لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئەوروپا پارت و لایەنە ڕاستڕەوەکان ئەنجامی بەرچاویان وەدەست هێناوە .



**ڕۆژنامەی ئەلحەیات:**
پاش دوایین ڕووبەڕووبوونەوەی نێوانیان لە مانگی شوباتی ڕابردوو ، بۆ یەکەم جار هیند و پاکستان بە شێوەیەکی فەرمی دەستیان بە گفتوگۆ کرد .



**ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:**
دۆنالد ترامپی سەرۆکی ئەمەریکا بوو بە یەکەم سەرکردەی بیانی کە لەگەڵ ئیمپراتۆری نوێی ژاپۆن کۆ ببێتەوە.



**ئەی ئێف پی:**
بومبەلەرزەیەک بە گوڕی 8 پلە لە دارستانەکانی ئەمازۆن ڕوویدا و لە ئەنجامدا کەسێک گیانی لەدەست دا و 26ی دیکە بریندار بوون .



**ڕۆیتەرز:**
میدیاکان ڕایانگەیاند کە ئاستەمە بنیامین ناتانیاهۆ بتوانێ حکومەتێکی ئیئتیلافی پێک بهێنێت ، بۆیە وا پێدەچێ هەڵبژاردنێکی پێشوەختە لە ئیسرائیل ئەنجام بدرێ .



**بی بی سی:**
وەزارەتی دادی ئەمەریکا 17 تۆمەتی تازەی ئاراستەی ئاسانجی دامەزرێنەری مالپەڕی ویکیلیکس کرد .

# چەند زانیاریەک سەبارەت بە ڕووەکی گاردینیا



گاردینیا(Gardenia) دەوەنێکی جوانی هەمیشە سەوزە بەرزییەکەی دەگاتە 2مەتر، ڕووەکەکە بەبەرزی لقە سەرەکییەکەی لک دەردەکات تا نزیک سەر ڕووی زەوی. گەڵاکانی هێلکەیی شێوە کەوچکە شێوەکەی هەندێک تیژە، ڕەنگی سەوزێکی تاریکە بە شێوەی بەرامبەر یەک بەسەر لکەکان دابەش دەبن، گەڵاکان لاچکی بچووکیان هەیە. گوڵەکان ڕەنگیان سپیە و قەبارەیان گەورەیە و بۆنێکی خۆشیان هەیە. گوڵی گاردینیا لەو گوڵە جوانانەیە کە شیاون بۆ لێکردنەوەو بەرهەم هێنانی بۆن و بەرام. چاندنی ڕووەکی گاردینیا سەرکەوتوو دەبێت لە خاکێکدا کە ئاو ڕاناگرێت و دەوڵەمەندە بە توخمە کانزاییەکان وماددەی کلسی تێدا نەبێت. ئەو ڕووەکە پێویستی بە ڕووناکی بەهێز هەیە بێ ئەوەی ڕاستەوخۆ تیشکی خۆری بەرکەوێت، لەهەمانکاتدا توانای ژیان و گەشەی هەیە لەو ناوچانەی نیمچە سێبەرن، ڕووەکێکە خولیای شێ یە.

گاردینیا لە خێزانی یاسەمینە و لە بنەڕەتدا بۆ وڵاتی چین و یابان دەگەڕێتەوە، هەمیشە سەوزە، گەشەیەکی باشی دەبێت ئەگەر کەشوهەوایەکی ماناوەندی و شێیەکی بەرز و ڕووناکییەکی بەهێزی بۆ دابین بکرێت.

گاردینیا بەوە بەناوبانگە کە پەروەردەکردنی قورسە تەنانەت بۆ ئەو کەسانەی کە پیشەگەرن لە پەروەردەکردنی ڕووەکدا. ڕووەکی گاردینیا پێویستی بە ڕووناکییەکی زۆر هەیە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ و پێویستە کەشکەکەی تاڕادەیەکی زۆر شێدار بێت و خاکەکەی نیمچە تەڕ بێت و پەینی هاوسەنگی پێبدرێت. بۆنە خۆشەکەی و گەڵا سەوزە تاریک و بریقەدارەکەی سەرنجی بینەرانی بەلای خۆیدا ڕادەکێشێت. پەروەردەکردنی گاردینیا لە ناو ماڵەکاندا زۆر شیاو نییە چونکە کەش و هەوای ناو ماڵ هەندێک تاریکە و ڕووناکی زۆری بەتەواوی پێناگات، یان ووشکە و ڕاستەوخۆ تیشکی خۆری بەردەکەوێت ئەم کەشەش نامۆیبە بۆ گاردینیا ، گەڵا سەوزە بریقەدارەکەی زەرد دەبێت و دەوەرێت و گۆچکەکانی سپیس دەبێتەوە، ئەگەر توانراش تاڕادەیەک کەش و هەوای لەبار بۆ گاردینیا لە ناوماڵدا دابین بکرێت ئەوە تەمەنی کورت دەبێت بەهۆی ئەو دەردانەی هەیە لەناودەچێت.

ئەو خاکەی ڕووەکی گاردینیای تێدا دەچێنرێت پێویستە تاڕادەیەک شێدار بێت بەمەرجێک خاکەکە ئاو ڕانەگرێت بەردەوام پێویستە گەڵای گاردینیا لە ڕۆژدا چەند جارێک ئاو پڕژێن بکرێت، بەڵام ئەو کردارەش کاتییە چونکە بە خێرایی ئاوەکە وشک دەبێت و گەڵایەکی بێ شێ جێدەهێڵێت یان پەڵە ونارێکی لەسەر گەڵاکە بەدی دەکرێت.

هەر کاتێک بینرا کە چینی سەرەوەی خاکەکە شێدارە ئەوە بە هیچ شێوەیەک ئاودان بۆ ئەو ڕووەکە ناکرێت. گاردینیا ئارەزووی پلەی گەرمی سارد و مام ناوەندی دەکات. پلەی گەرمی لە نێوان 17سەدی لە ئێواراندا و 24 سەدی لەکاتی نیوەڕۆدا نموونەترین پلەی گەرمییە بۆ ڕووەکی گاردینیا.

ڕووەکی گاردینیا بەدرێژایی ساڵ گوڵ دەردەکات، بەڵام لە وەرزی زستاندا گوڵکردنی کەمترە باشتر وایە لەوەرزی هاوین بڕینی بۆ بکرێت و ژمارەی گوڵەکانی کەمبکرێتەوە بۆ ئەوەی هانی گوڵکردنێکی زیاتر بدرێت لەوەرزی زستاندا. ڕووەکی گاردینیا لەمانگی ئادارەوە تاکو مانگی ئەیلول هەر 15 ڕۆژ جارێک پەین دەکرێت باشتر وایە پەینەکە ڕادەی ترشی بەرزبێت و توخمی ئاسنی تێدا هەبێت.

## چەند نیشانەیەکی پێگەیشتنی قەیسی و خۆخ لە باخدا

یەکەم: کاتێک کە بەرهەمەکە دەچنی زۆر بە ئاسانی لێدەبێتەوە.
دووەم: بەرەکان گەیشتوتە قەبارە و ڕەنگ و شێوەی تایبەت بە ترزەکە.
سێیەم: نەمانی تامی ترش و تفت و دەرکەوتنی تام و بۆنی تایبەت بە میوەکە.
چوارەم: گۆشتی میوەکە بە ئاسانی لە ناوکە ڕەقەکەی جیا دەبێتەوە.
پێنجەم: بەرەکە نەرمبێتەوە تا ڕادەیەکی گونجاو لەگەڵ لەبەر چاوگرتنی ئەو ماوەیەی کە بەرهەمەکە دەگاتە دەستی کڕیار.

# ئەو خۆراکانەی قەرەبووی ڤیتامین B دەکەنەوە لە جەستەدا




ڤیتامین Bبە هەموو جۆرەکانیەوە ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە پاراستنی تەندروستیی جەستەدا سەرەڕای پاڵپشتیکردن لە سیستەمی دەمار و پێست و ئاستی وەزە و ئیدیکە.

هەشت جۆری جیاواز لە ڤیتامین Bهەیە کە ئەمانەن: سیامین (B1) و ڕیبۆفیلافین (B2) و نیاسین (B3) و ترشی بانتۆسنیک (B5) و بیریدۆکسین ( (B6و بیوتین (B7) و فولات (B9) و کۆبالامین (B12)، کە ئەم کۆمەڵە ڤیتامینە بە ڤیتامینە ئالۆزەکانی Bی دەناسرێن.

لە نێوان ئەو جۆرە ڤیتامینانە جەستە تەنها توانای داکردنی ڤیتامین (B12) هەیە بۆ ماوەیەک درێژ، بۆیە پێویستە جۆرە ڤیتامینەکانی دیکە بە شێوەیەکی ڕێکوپێک لە ڕێگای سیستەمی خۆراکی دا وەربگیرێن.

لێرەدا باسی ئەو خۆراکانە دەکەین کە لە ڕێگایانەوە جەستە جۆرە ڤیتامینەکانی B وەردەگرێت:

یەکەم: هێلکە، جگە لەوەی کە هێلکە بە باشترین سەرچاوەی پڕۆتین دادەندرێت لە هەمانکاتدا کۆمەڵەیەکی باش لە ڤیتامینەکانی Bبە جەستە دەبەخشێت کە بڕێکی زۆری بیوتینە واتا (B7) لە هەر یەک لە زەردینە و سپێنەکەیدا هەیە، بۆیە پێویستە بە شێوەیەکی ڕێک هێلکە بخورێت بە مەرجێک باش بکوڵێنرێت چونکە هێلکەی نیوەکوڵاو جۆرە پڕۆتینێکی تێدایە بەناوی (avidin) کە ڕێگری لە مژینی بیوتین دەگرێت.

دووەم: تۆوی گوڵەبەڕۆژە، بەرزترین ئاست لە پانتۆسینیک یان (B5) تێدایە کە لە هیچ خۆراکێکی دیکە دا نییە، کە ئەو ماددەیەش لە ڕاستیدا لە خۆراکە ڕووەکی و ئاژەڵییەکاندا هەیە، بەڵام بە بڕ و ئاستی کەم، زۆر جار لە کاتی ئامادەکردنی خۆراکدا لە دەست دەدرێت.

سێیەم: خومڕەی خۆراکی، ئەوەش جۆرێکە لە کەڕووی یەک خانە کە پڕە بە ماددە خۆراکییەکان، بە شێوەیەکی سروشتیی ڤیتامین Bی تێدایە بۆیە بە هەڵبژاردەیەکی گونجاو دادەندرێت بۆ ئەو کەسانەی ڕووەکین بۆ دەستەبەرکردنی پێداویستی جەستەییان لە ڤیتامینەکانی B1, B6, B3, B12کە جەستە پێویستی پێیان هەیە.

چوارەم: ماسیی سەلەمون، ماسیی سەلەمەوون یەکێ لە باشترین سەرچاوەکانی ڤیتامینەکانی Bیە لە وشکانی و دەریادا. یەک ژەم لە ماسیی سەلەمون کە دەگاتە 100 گرام نزیکەی نیوەی پێداویستی ڕۆژانەی کەسێک دابین دەکات لە ڤیتامینەکانی B6, B12, B3لە هەمانکاتدا هەر یەک لە ڤیتامین B5, B1, B2ی تێدایە.

پێنجەم: گۆشتی مریشک، گۆشتی مریشک 6جۆر لەو 8 جۆرە ڤیتامینەی تێدایە کە ڤیتامین B3و B6 بەرزترین ئاستە تێیدا.

شەشەم: گۆشتی ڕەشەوڵاخ، ئەو جۆرە گۆشتە ئاستێکی بەرزی لە ڤیتامین B3تێدایە کە هەر یەک لەکۆژەندامی دەمار و پێست دەپارێزێت، هەروەها بە بڕێکی کەمتر ڤیتامینەکانی B1و B2 و B6ی تێدایە.

حەوتەم: شیر، شیر ڤیتامین B2 تێدایە، شیری مانگا سەرچاوەیەکی باشی ئەم ڤیتامینەیە کە یەک پەرداخ لەو شیرە پێویستی ڕۆژێکی مرۆڤ فەراهەم دەکات لەو جۆرە ڤیتامینە، لە هەمانکاتدا بڕێکی کەمتر لە ڤیتامینەکانی B12و B1و B5 تێدایە.

هەشتەم: فاسۆلیای ڕەش و پاقلەمەنییەکان، ئەو ماددە خۆراکییانە بڕێکی گرنگی ڤیتامین B9یان تێدایە کە هاوکارە لە دروستبوونی خڕۆکە سوورەکانی خوێن.

نۆیەم: سەوزە گەڵاییەکان، وەک سپێناخ و کەڵەڕەم و ئیدیکە، بڕێکی گرنگی لە ڤیتامین B9تێدایە.

# سوودەکانی شیری سۆیا



شیری سۆیا چەندین سوودی تەندروستی بۆ جەستەی مرۆڤ هەیە، کە گرنگترینیان ئەمانەن:
یەکەم: پاڵپەستۆ لەسەر جومگەکان کەمدەکاتەوە.
دووەم: توانای جەستە و نەرمی و ڕێکی جەستە دەپارێزێت.
سێیەم: جەستە لە ژمارەیەک نەخۆشی کە پەیوەندیان بە قەڵەوی و لاوازییەوە هەیە دەپارێزێت.

**شیری سۆیا بۆ قەڵەوکردن**

بەرزکردنەوەی کێش کردارێکی ئاسانترە بۆ مرۆڤ لە دابەزاندنی کێش لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە:
یەکەم: جەستە پێویستی بە بڕێکی یەکەی گەرمی زۆر زیاترە لەوەی ڕۆژانە دەستی دەکەوێت بەشێوەیەک کە زیاتر بێت لەو بڕەی جەستە بەکاری دەهێنێت بۆ زیندە چالاکییەکان.
دووەم: زیادبوونی یەکە گەرمییەکان بەشێوەیەکی هەڕەمەکی بەبێ گوێدان بە چڕی توخمە خۆراکییەکان لە کاتی بەرزکردنەوەی کێشدا دەبێتە هۆی چەندین کێشەی تەندروستیی.
شیری سۆیا لەو خوردنەو هاوسەنگانەیە کە بڕێکی زۆری یەکەی گەرمی و توخمە خۆراکییەکانی پێویست بۆ جەستە تێدایە واتا هەڵبژاردەیەکی گونجاوە بۆ ئەو کەسانەی کە مەبەستیانە بەشێوەیەکی دروست کێشیان بەرزبکەنەوە.

# خواردنی ڕۆژانەی سیر و کاریگەرییەکانی لەسەر جگەر



ئەستەمە سوودە زۆرەکانی سیر بژمێرین، ئەو تامێکی تایبەت بە خۆراک دەدات و زۆر پێکهاتەی بەسوودی تێدایە و بەرگری جەستە بەهێز دەکات و کرداری هەرسکردن ئاسان دەکات پەستانی خوێن دادەبەزێنێت و جگەر چالاکدەکات.

ترشیی ئەمینی (میسۆنین) کە لە پێکهاتەی سیردا هەیە خانەکانی جگەر دەپارێزێت، لە هەمانکاتدا (ئەلیسین) کە لە تێکشکانی ڕیشاڵەکانی سیر دروستدەبێت ڕێگری لە تێکشکانی خانەکانی جگەر دەگرێت، وێڕای ئەوە سیر وەک شوێنگرەوەی تورەگەی زراو کار دەکات و ڕێگری لە دروستبوونی بەرد لە جگەردا دەگرێت. لەگەڵ ئەو هەموو سوودەی سیر، بەڵام ئامۆژگاری خواردنی بۆ سەرجەم کەسێک ناکرێت، ڕاستە سیر بە سوودە، بەڵام تەنها بۆ ئەو کەسانەی جگەریان ساخ و تەندروستە، چونکە ئەو کەسانەی نەخۆشیی جگەریان هەیە زیانی گەورەیان پێدەگات کاتێک سیر دەخۆن چونکە کاتێک میسۆنین و ئەلیسین چالاک دەبن ئەوە ژەهر دەردەدرێت کە جگەری ساخ توانای لەناوبردن و مامەڵەکردنی هەیە لەگەڵیاندا و جگەری زیانپێکەتوو توانای ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو ژەهرانەی نییە و بارودۆخەکەی خراپتر دەبێت.



بۆیە پێویستە لە کاتی دانانی سیر لە سیستەمی خۆراکی ڕۆژانەدا بە ڕاوێژی پزیشک بێت.

بەڕێوەبەری دەزگای فێرکردنی تایبەت بەوانە گوتنەوەی شەترەنج لە کۆڵۆمبیا:

# لە یەکەم هەنگاوماندا پلانمان ئەوەیە 400 منداڵ لە ڕێگای 30 مامۆستاوە فێری شەترەنج بکەین



دیمانە: هاوار مورتکەیی

کینیا پاتریسیا ئیسکۆرسیا Kennya Patricia Escorcia Mercado خانمە ڕاهێنەر و مامۆستای وەرزشی شەترەنجی کۆڵۆمبی، ئێستا ستراتیژیەتێکی فێرکردنی منداڵانی لەبەر دەستدایە و هەوڵی ئەوە دەدات کە ئەم ستراتیژیەتەی هەیەتی بیگوازیتەوە ناو پرۆگرامەکانی خوێندن لە کۆڵۆمبیا، ئەو خانمە تەمەن 38 ساڵە ئێستا پرۆگرامێکی بەدەستەوەیە کە لەیەکەم هەنگاودا 400 منداڵ بخەنە نێو دەزگاکەوە بۆ فێرکردنی یاری شەترەنج، لەم دیمانەیەی لاپەڕەی وەرزشی ڕۆژنامەی خەبات، خاتوو پاتریسیا تیشک دەخاتە سەر پرۆژەکە و ئامانجەکان.





### شەش ساڵ ڕاهێنەرایەتی

**سەرەتا خاتوو کینیا پاتریسیا گوتی:** ئەوە بۆ شەش ساڵ دەچێت لە شارەکەی خۆمان وەک ڕاهێنەر و مامۆستایەک ڕاهێنان بە منداڵان دەکەم، بەوپێیەی ئەو شارەزاییەی لەو بوارەدا بەدەستم هێناوە، ئەو منداڵانەش تەمەنیان لەنێوان 4 تا 14 ساڵیدایە، لێرە لە کۆڵۆمبیا بایەخێکی تایبەت بە منداڵان دەدرێت، ئێرە وەک پەیمانگایەکی فێرکردن وایە، کە پێی دەڵێن (فێرکردنی تایبەت بە وانەگوتنەوەی شەترەنج)، دروشمی سەرەکی ئێمە بریتیە لەوەی کە شەترەنج چێژە، دۆزینەوەی باشترین ڕێگا بۆ فێرکردنی منداڵان کە زۆرترین کاریگەری هەبێت بۆ فێربوونی شەترەنج، لەگەڵ ئەنجامدانی چەند یارییەکی دیکەی وەرزشی لەگەڵی، بۆ ئەوەی بەتەواوی لە زانستی وەرزش بگەن، بەشێوەیەک کە ئەو فێربوونە یارمەتیدەریان بێت بۆ خوێندن لە قوتابخانە.

### باشترین و ئاسانترین شێواز

**دواتر لەبارەی پلانی ئێستایان ئەو بەڕێوەبەرکۆڵۆمبیە دەڵێت:** سەبارەت بەخۆشم شەترەنج ئامێرێکە بۆ ژیان، کە پیم وایە بنەمایەکە بۆ تەواوکردنی هەر مرۆڤێک، پەیوستە مرۆڤ هەر لە منداڵیەوە ئەو دەرفەتەی بۆ بڕەخسێنرێت لە فێربوونی شەترەنج، من خۆم بە بەرپرس دەزانم لە گەیاندنی ئەم پەیامە بۆ هەموو منداڵانی کۆڵۆمبیا، ستراتیژیەتی ئێستامان ئەوەیە لە شاری بۆگۆتای کۆڵۆمبی کە 400منداڵ بخەینە ژێر ڕاهێنەرایەتی 30 مامۆستا، ئەم ستراتیژیەتەمان ئەوەیە کە وانەی شەترەنج بخەینە ناو خوێندنەوە و ڕۆژانە ئەو وانەیە وەک هەر وانەیەکی دیکە بگوترێتەوە، ئامانجی منیش ئەوەی کە بەجیهان ڕابگەیەنم ئێمە باشترین و ئاسانترین شێوازی وانە گوتنەوە فێری منداڵان و هەرزەکاران دەکەین.

### منداڵانی کۆڵۆمبیا فێر دەکەین لە کۆتاییدا خاتوو کینیا پاتریسیا ئیسکۆرسیا بەڕێوەبەری دەزگای فێرکردنی تایبەت بەوانە گوتنەوەی شەترەنج لە

**کۆڵۆمبیا گوتی:** لە کۆڵۆمبیا بەتایبەتیش لە شارە گەورەکان شەترەنج پێشکەوتنێکی باشی بەخۆیەوە بینیوە، بەڵام تا ئێستا ئیرادەیەکی سیاسی ڕاستەقینە نییە لە پارێزگاریکردنی ستراتیژیەتی پرۆگرامی خوێندن کە بەشێوەیکی گشتی و بەبەردەوامی هەبێت، ئێمە پلانێکمان هەیە ئەگەر بتوانین سەرکەوتوو بین ئەوا دەتوانین یاری شەترەنج بخەینە نێو پرۆگرامی پەروەردەوە یاخوود کورسیەکی سەرەکی ڕاهێنانیش لەو پرۆگرامە جێگای بکرێتەوە، ئەمە ئەرک و ماندووبوونی ئێمە دەبێت لە داهاتوودا، کاتێک ئەنجامی ماندووبوونەکان دەبێتە مایەی ڕەزامەندی لە لایەن منداڵانەوە، هەست بە شانازییەکی زۆر دەکەم، چونکە لەم ڕێگایەوە دەتوانین منداڵانی کۆڵۆمبیا فێری شەترەنج بکەین و پشکێکیش لەمە بەرمن بکەوێت.



# دانی باریخۆ: بەرامبەر بەرشلۆنە میرووەکان دروستکرد

دانی باریخۆ، کاپتنی یانەی ڤالنسیای ئیسپانی، دڵخۆشی خۆی بە بەدەستهێنانی جامی شای ئیسپانیا دەربڕی، دوای بردنەوەیان لە یانەی بەرشلۆنە بە ئەنجامی دوو گۆڵ بەرامبەر گۆڵێک، لەو یارییەی شەوی شەمە، لەسەر یاریگەی بینیتۆ ڤیامارین بەڕێوە چوو. باریخۆ کە لە کاتی لێدوانی بۆمیدیاکان، نەیتوانی ڕێگەی لە فرمێسکەکانی بگرێت نەیتە خوارەوە وتی:" شتێکی نایاب بوو، ئەو یانەیە شایستەی خۆشی زیاترە. من هەشت ساڵە لێرەم، هیچ قسەیەکم نییە بیکەم". هەروەها وتی:"میژوویەکەمان دروستکرد، لە ساڵێکدا، کە هیچی لە یادی سەد ساڵەی یانەکە کەمتر نییە، باوەڕی تەواوم بەو کۆمەڵە یاریزانە هەبوو". وتیشی:" دەبێت سوپاسی هەموان بکەین، جەماوەر، یاریزانان و دەستەی هونەری، سوپاس بۆ ئێوە، ساڵێکی لەبیر نەکراو بوو، هەرچییەک ڕوو بدات".

**ڕەمزی میرەکانی**



# مێسی پێی گوتم تۆ (کەر)ی

جیمس میلنێری یاریزانی هێڵی ناوەڕاستی یانەی لیڤەرپوولی ئینگلیزی ئاشکرای کرد لەکاتی یاری چونیان بەرامبەر یانەی بەرشلۆنە، ئەو قسەکردنەی نێوانیان لەگەڵ مێسی ئەستێرەی یانەی بەرشلۆنە ئاشکرا کرد.

ڕۆژنامەی دێلی میڵی بەریتانی لە کاتی ئەنجامدانی دیمانەیەک لەگەڵ جیمس میلنێری یاریزانی یانەی بەرشلۆنە ئەوەی درکاند کاتێک لەگەڵ مێسی دەبێتە دەمەقاڵیان، ئەوا مێسی قسەیەکی ناشرینی ئاراستە دەکات، و بە (کەر) ناوی دەبات، ئەمە ئەوکاتە بوو کە ڕۆبرتسۆن مێسی بەردەداتەوە و میلنێریش لەدواوە لێیدەدات، مێسی ڕوو لەو یاریزانەی لیڤەرپوول دەکات بە (کەر) ناوی دەبات.

میلنێر زیاتر دەڵێ: لەکاتی پشووی نێوان هەردوو گێمەکە و لە تونێلەکە مێسی دووبارە چەند قسەیەکی ناشرینی ئاراستە کردم، قسەکانی بە زمانی ئیسپانی بوو بەڵام تێگەیشتم جگە لە وشەی (کەر) چەند قسەیەکی تریشی کرد کە کە سوکایەتی بوو بەوانەی زۆر شاپ لێدەدەن.



# هازارد بە 147 ملیۆن یورۆیە

تۆڕی سکاس سپۆرتی ئینگلیزی بڵاویکردەوە کە یانەی چێلسی ئینگلیزی لەبەرامبەر دەستبەرداربوونی ئیدین هازاردی بەلژیکی داوای 174 ملیۆن یورۆی کردووە، ئەو یانەیەی کە دەیەوێ لەوەرزی داهاتوو بیگوازێتەوە ڕیزەکانی ئەوا لەسەریەتی ئەو بڕە پارەیە بدات.

هازارد کە لەکۆتایی وەرزی داهاتوو بۆندەکەی لەگەڵ یانەی چێلسی کۆتایی دێت، ماوەیەکە بۆتە ئامانجی یانەی ڕیال مەدرید و ئەو یانە ئیسپانیەش ئامادەبووە بڕی 100 ملیۆن یورۆ بدات، بەڵام ئەو ڕاگەیاندنەی یانە ئینگلیزیەکە بەڕپرسانی یانەی ڕیال مەدریدی تووشی شۆک کرد کاتێک لەبەرامبەر دەستبەرداربوو ئەو پارەیە زۆرە داوا بکات.

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940
0770 2969696
selam@xebat.net
بەڕێوەبەری هونەری
شکار نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla
info@xebat.net
www.xebat.net

خەبات XEBAT
The, 28. Apr. 2019 No: (5759)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر


# سینەماکاری کورد ئەمیر تەها لە ئەڵمانیا بەفیلمێک بەشداری لە فیستیڤاڵەکان دەکات



**هێمن ئاری**

(Brat kartoffeln) ناونیشانی کورتە فیلمێکە لەم ڕۆژانەدا لە شاری فوپەرتال لەئەڵمانیا کاری وێنەگرتن و مونتاژی تەواو بوو، ئێستا ئامادەی بڵاوکردنەوەیە ،ئەم فیلمە لە سیناریۆ و دەرهێنانی سینەماکاری یۆنانی هاری پاپاپیتروی و وێنەگرتنی ئەمیر تەها.بۆ ئەم مەبەستە پەیوەندیمان کرد بەهونەرمەندی سینەماکار ئەمیر تەها. سەبارەت بەم کورتە فیلمە و کاتی فیلمەکە بۆ ڕۆژنامەی خەبات دواو گوتی: ماوەی فیلمەکە 8خولەکە و باس لە چیرۆکێکی خۆشەویستی نێوان کوردێک بەناوی (ماری) دەکات کە زۆر یەکتریان خۆشدەوێت، بەڵام کوردێکی دیکە هاوکات برادەر و هاوکاری مارکویە بە شێوازێک دێتە نێوانیان وا لەماری دەکات خیانەت لەخۆشەویستیەکەی بکات، بەڵام ئەم کارەیان ئاستەنگی تێدەکەوێت و لە کۆتاییدا مارکوی خۆشە ویستی ڕاستەقینەکەی بەهەموو شێوەیەک هەوڵدەدات بۆ گەڕاندنەوەی خۆشەویستەکەی و تیاشیدا سەرکەوتوو دەبێت و خێزانێکی بە ختەوەر دروست دەکەن و منداڵێکیشیان دەبێت.سەبارەت بەماوەی فیلمەکەش هونەرمەند ئەمیر تەها دەڵێت:لە دوای تە واو بوونی سیناری و ماوەی دوو مانگ خەریکی خۆئامادەکردن و بینینی شوێنەکانی وێنەگرتن و هەڵبژاردنی ئەکتەر و پێویستیەکانی دیکە بووین. لەوەڵامی پرسیارێکی دیکەدا، وەک کوردێک چۆن توانیت پەیوەندی دروستبکەی و لەیەکتر تیبگەن؟

بۆ ئەوە گوتی: لە ماوەی ئەو 3 ساڵەی کە لەئەڵمانیام توانیومە بە باشی فێری زمانی ئەڵمانی ببم، هەرچەندە هەموو لایەک دەزانن کە زمانێکە فێربوونی زەحمەتە ، بەڵام ئەگە ر مرۆڤ بیەوێت کارێک بکات دەبێ ماندووبێ و هەوڵی بۆ بدات، منیش وەک سیفەتی خۆم بە بێ هونە ر و کاری هونەری هەڵناکەم و چەند کارێکی تریشم کردووە لەگەڵ ڕێکخراوە هونەرییەکانی دیکە لە هەرێمی نورد راین فیستڤاڵن.

لەوەڵامی ئەوەی چەند ئەکتەر بەشداری لەم فیلمەدا کردووە و ئایا ئەکتەری کورد بە شداریان کردووە، ئەمیر تەها گوتی: بەداخەوە هیچ ئەکتەری کوردی تێدانیە، بەڵام 3ئەکتەری سەرەکی و دووی لاوەکی وڵاتانی ئیتالیا و ڕۆمانیا و ئەڵمانیا و مەغرب بەشداریان کردووە.

سەبارەت بەسیستەمی کارکردنیشیان گوتی:بەسیستەمی 4kکارمان کردووە کە سیستەمێکی زۆر پێشکەوتووە و فول کوالیتیە و گونجاوە بۆ پیشاندان لەسینەما.هەروەها بەبەراوورد کردن لەگەڵ کوردستان ئەڵمانیا چۆن دەبینی گوتی:ئەوەی جێگەی دڵخۆشی بوو ئەوەبوو کەهەموو شتێک بە بەرنامە و بەدیقەت ئامادە دەکرا و جێبەجێدەکرا کە هەرسینێک چەند کاتی دەوێت بۆ پابەندبوون پێی. جگە لەوەش هێمنی و خۆشەویستی زۆر لەسەر کار و پرۆفیشنالێتی لە شیوازی مامەلەی هونەری لە نێوان ستافی کار من زۆر خۆشحاڵ بووم بەمکارە و ئەوانیش زۆر سەرسام بوون بە شێوازی کارکردنم لەگەڵیان ، هەمیشە دەیانگوت تۆ ئەزمونێکی دوور و درێژت هەیە لەجۆری کارکردنتاندا دیارە، ئەمەش بۆ من وەک کوردێک گرنگ بوو کەشان بەشانی سینەماکارانی ئەڵمانی کار بکەم و پەنا بەخوا هەلی نوێش لە ئارادایە بۆ کاری باشتر.

ئەکتەرەکانیش پێکهاتوون لە:پلامین پیتکوف: لە ڕۆڵی مارکو، فینچینچو سیفیرینو: لە ڕۆڵی پاول، مەلیکە کونیگ: لەڕۆڵی ماری ماوریس ئیگین،یولیان شتۆک،پشت کامیرا: سێنایۆ و دەرهێنان : هاری پاپاپیدروی، وێنەگرتن : ئەمیر تەها ، دەنگ هەڵگر/ئەسیستانت یەحیا ناموی، یولیان رووناکی شتوک، بەرهەم و مونتاژ ماوریس ئیگین ئیکسسوار پیتەر کیناس، بەرهەمی دەزگای میدیان پرۆیەکت: فوپەرتال.

# ئەژدەر محەمەد.. حەز ناکات لە بۆنە نەتەوەییەکان دابڕێت



**بەرهەم شێخ عزەدین**

وەک هەمیشە لە بۆنە نەتەوەیی و ئاینیەکان بەبەرهەمێکی شیاو دەردەکەوێتەوە، ئەژدەر محەمەد ئەو گەنجە گۆرانی بێژەیە حەز ناکات خۆی لە ڕووداو و بۆنەکانی نەتەوەکەی دابڕێ، بۆیە ئەمجارەش بەبەرهەمێکی ئاینی بەبۆنەی مانگی ڕەمەزان و شەوی قەدری پیرۆز گۆێچکەکانمان بە ئاوازێکی بەجۆش و خرۆش دەوروژێنێ. ئەژدەر محەمەد دەربارەی بەرهەمە نوێیەکەی بۆ خەبات دەڵێ: دەقی ئەم بەرهەمە لەلایەن پیرە لاو لەتیف خۆشناو ئامادە کراوەو جەختیش لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن سەرپشکن لەبڵاوکردنەوەی بەرهەمەکە، چونکە ئەوە دیاری ئەم مانگە پیرۆزەیە بۆ ئەوان.

# سەفین بەرزنجی چی بۆ یارەکەی دەکات؟



**ترانا زرار**

یارەکەم، تازەترین بەرهەمی هونەرمەندی گۆرانیبێژ سەفین بەرزنجییە. سەفین بەرزنجی لە ئایندەیەکەی نزیکدا نوێترین قیدیۆکلیپی خۆی بەناوی یارەکەم بڵاودەکاتەوە. ئەم بەرهەمە نوێترین بەرهەمی سەفین بەرزنجییە کە ئاوازی خۆیەتی و هۆنراوەکەیش لەلایەن شاعیر لاو ئاراس گەبەییەوە بۆ نوسراوە.کاری دابەشکردنی میوزیکیش بۆ گۆرانی یارەکەم لەلایەن زانا عەبدوڵاوە بۆ کراوە و کاری کلیپ و دەرهێنانیش لەلایەن زانا عەبدوڵاوە بەشێوازێکی جوان و مۆدێرن بۆ کراوە کە لە دەرهێنانی ئەندام ئەمینە .سەفین بەرزنجی یەکێکە لە هونەرمەندە دیارەکانی شاری سلێمانی و دەمێکە لەبواری هونەر کاردەکات. خاوەنی چەند گۆرانی و قیدیۆکلیپێکە و لەماوەی ژیانی هونەریدا ئاوازی بۆ چەندین گۆرانی هونەرمەندان داناوە.

# کارێزی و کتێبخانەی ژێر زەمینی



**ئاشتی گەرمیانی .. هەولێر**

تاریق کارێزی .. نووسەر و ڕۆژنامەنووسێکی سەدەی زێڕینی سانانی حەفتاکان و هەشتاکان و هەڵقوڵاوی ئەو ڕۆژگارانەیە کە وشەی کوردی لە هەموو لایەکی دەسەڵاتە حوکمڕان و دیکتاتۆرەکان کە بریاری هەڵواسین و جینۆساید کردنیان بووە و ئەو ڕۆژانەی کە وشە جێگای نەدەبووەوە لە نێو زارو ڕۆژنامەو باسی سەر شەقامەکان .. ڕۆژانی شەقامی کۆماری لە شاری کەرکووک کە تەنها ڕۆژنامەنووس و دیکومێنت و گۆڤارو بڵاوکراوەو تابلۆ و کەرەستەیی میژووی و ئەرشیفێکی لە میژینەی میژووی گەلی کوردە و ڕۆژانە چەندین کەسایەتی و خەڵکی ناسراوی شاری کەرکووک لە تۆژینەوە چیرۆک و فەلسەفەو بابەتی نەتەوەیی بە زمانی کوردی و عەرەبی بۆ پاراستنی کەلتوورو کەلچەری کوردی لەو ڕۆژانەدا. کتێبخانەی کارێزی لە کەرکووک لە باروتخانە ئەو هەوڵ و تێکۆشان و ماندووبونەیە کە بەرهەمەکەی لەم ڕۆژانە سەختەدا دەبینرێت لە داگیرکراوەوە بۆ داگیرکاری واتە لە خەباتی ژێر زەمینی بۆ خەباتی ژێر زەمینی . کتێبخانەی کارێزی لە ئێستادا خاوەن سەدان پەرتووک و دیوان و دەستنووس و دیکومێنت و گۆڤارو بڵاوکراوەو تابلۆ و کەرەستەیی میژووی و ئەرشیفێکی لە میژینەی میژووی گەلی کوردە و ڕۆژانە چەندین کەسایەتی و خەڵکی ناسراوی شاری کەرکووک لە نوسەرو ڕۆشنبیر و بیرمەندو مامۆستای ئایینی و هونەرمەندو منداڵانی شارەکە سەردانی ئەو کتێبخانە زیندووە دەکەن،کارێزی نمونەی هاوچەرخێتی ئەمڕۆی ڕۆشنبیری کوردییە کە دەکاتە کەرکووک پاشماوەی هەموو شەڕو جینوسایدو وێرانکاری و تەعریب و زیندان ی دوورخستنەوەی ئەم سەردەمەیە. کتێبخانەکەی تارق کارێزی نوسەرو ڕۆشنبیرو ڕۆژنامەنووس، میژوویەک تۆمار دەکات کە لە هەموو دەسەڵات و حوکمڕانەکان خزمەتێکی بێ وێنە پێشکەش بە کوردو کوردایەتی دەکات .



دیمەنێکی سەرەنج راکێش لە (تافگەی قەریس) لە باکوری کوردستان

## خورما.. بۆ ڕۆژووگران وەک دەرمانێکی سروشتی وایە



**ترانا زرار**

زۆربەمان لەمانگی پیرۆزی ڕەمەزاندا کۆمەڵێک خواردن و خۆراک هەیە گرنگی پێدەدەین و لەسەر سفرە و خوانی ڕۆژووگران بوونیان هەیە.وەک لەزانستی پزیشکی ئاماژەی بۆ کراوە، خورما یەکێکە لەو خواردنانەیە سوود بەخشە. خورما بەیەکێک لەخۆراکە سوود بەخشەکان هەژماردەکرێت و قەرەبووی کۆمەڵێک ئەو ڤیتامین و خواردنانە دەکاتەوە کە لەش پێویستی پێیانە.لەوانەش سودی خواردنی خورما تەنیا ئەوە نییە وزەی پێویست بداتە لەش، بەڵکو وادەکات چالاک بیت و توانات هەبێت کەبەردەوام بیت لەسەر ڕۆژووگرتن لەماوەی ئەو مانگە پیرۆزەدا، چونکە وەک دەرمانێکی سروشتی وایە بۆ لەش و دەپارێزێت لەنەخۆشی.هەروەها خورما ڤیتامینەکانی (ئەی و بی ١ ، و بی ٢) تێدایە، سوودی گەورەی خواردەمەنی هەیە کەدەکاتە سێ یێندەی ئەوەی لەگۆشت و ماسیدا هەیە ، ئەمەش وادەکات بەسوودبێت بۆ حاڵەتی کەم خوێنی.جگە لەوەش خورما ڕێگرە لەدەرکەوتنی نیشانەکانی پیربوون، و پێست دەپارێزێت. هەروەها خورما ڕێگرە لەبۆنی ناخۆشی دەم و بۆنی ناخۆشی دەم ناهێڵێت و بەکتریا لەناوەبات.لەکاتی هەستکردن بەماندوێتی و سەرگێژخواردن خورما بخێوێت وزەت پێدەدات.هەروەها ڕۆژانە دەنکێک خورما بخۆ، چونکە توانای ڕووبەرووبونەوەی نەخۆشی شێرپەنجە بەهێز دەکات. هەروەها حەزت بۆ خواردن زیاد دەکات.بۆ ژنانی دووگیانیش، بەتایبەت لەمانگی دواییدا، بەسوودە، چونکە ماددەیەکی تێدایە کەهاوکاری کۆرپەلە دەکات لەکاتی لەدایک بوونداو.خورما بەوپێیەی ڕیشاڵی سیلیلۆزی تێدایە ، بەسوودە و دەبێتە مۆی چالاکردنی جوڵەی ریخۆڵەکان.